دامەزراوەی سەرۆک جەلال تاڵەبانی
PRESIDENT JALAL TALABANI FOUNDATION
مؤسسة الرئيس جلال طالباني

# گوڵبژێرێک لە باخچەی خاتوونێک

## هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد

دامەزراوەی سەرۆک جەلال تالەبانی
PRESIDENT JALAL TALABANI FOUNDATION
مؤسسة الرئيس جلال طالباني

# گوڵبژێرێک لە باخچەی خاتوونێک

هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد

خاوەنی بیرۆکە و سەرپەرشتی گشتی
باڵیۆز د. محەمەد سابیر ئیسماعیل

٢٠٢٦ ز

ناوی کتێب: گوڵبژێرێک لە باخچەی خاتوونێک: هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد

خاوەنی بیرۆکە و سەرپەرشتی گشتی: باڵیۆز د. محەمەد سابیر ئیسماعیل

پێداچوونەوەی گشتی: یوسف زۆزانی

ئامادەکردن: ڕێژەن حەسەن

ڕاوێژکاری پڕۆژە: نەسرین کوردە

تایپ: لیزا ڕەفیق، چاوان خەسرەو، مستەفا ڕەشید

پێداچوونەوەی زمانەوانی: کاروان ڕەسوڵ

دیزاینی بەرگ: دێنێ ئەنوەر

دیزاینی ناوەوە: هەرێم عوسمان

چاپ: یەکەم، بەرگی دووەم، ٢٠٢٦

چاپ: چاپخانەی کارۆ - سلێمانی

تیراژ: ٥٠٠ دانە

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان
ژمارەی سپاردنی (٢٣١٨)ی ساڵی ٢٠٢٦ ی پێدراوە.

دامەزراوەی سەرۆک جەلال تاڵەبانی
PRESIDENT JALAL TALABANI FOUNDATION
مؤسسة الرئيس جلال طالباني

لە بڵاوکراوەکانی دامەزراوەی سەرۆک جەلال تاڵەبانی

## ناوەڕۆک

بۆ گوڵە هێرۆکەی سەر چیاکانی کوردستان.......................................٧
هەتاو ئیبراهیم ئەحمەد
دەستپێک ...........................................................................................٩
بیرۆکەی خاک زۆر کۆنترە لە کاتی دامەزراندنی خاک.................. ١٣
هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد
هێرۆ خان دەیویست سەکۆیەکی ئازاد هەبێت، کە کۆکەرەوەی هەموو
ڕەنگەکان بێت............................................................................ ١٩
زاهیر سدیق
هێرۆ خان بناغەی کەلتوورسازی لە کوردستان بنیات نا............... ٤٩
ئاکۆ غەریب
هێرۆ خان توانی وا لە ڕاگەیاندن بکات، کوردانە بیربکاتەوە........... ٨٣
د. شێرکۆ عەبدوڵڵا
هێرۆ خان لە یەک کاتدا هەم دایک بوو،هەم خوشک بوو، هەم هاوڕێ......١٠٥
باست حەمە غەریب

ئەگەر هێرۆ خان نەبوایە، هەرگیز میدیایەکی هاوشێوەی خاک لەو قۆناغەدا دروست نەدەبوو ................................................................١٢٣
خەبات عەزیز
هێرۆ خان فریادڕەسی گۆرانی و موزیک بوو لە شاری سلێمانی..١٢٩
هێرش عەبدولڕەحمان
هێرۆ خان فێری کردین، کە هونەر دەبێت بە بازاڕ بکرێت تا هونەرمەند بتوانێت بە هونەرەکەی بژی ............................................................١٤٥
دلێر حسێن
ئەلبوومی وێنەکان........................................................................١٥٥

## بۆ گوڵە هێرۆکەی سەر چیاکانی کوردستان...

لە کاروانی ژیاندا، هەمیشە کەسانێک هەن دەبنە قوتابخانە؛ تەنها بە بوون و ناسنامە جوانەکەیانەوە، وانەی پشوودرێژی، بەخشندەیی و بەرپرسیارێتی بە دەوروبەریان دەڵێنەوە. بۆ ئێمە، ئەو مرۆڤە ڕەسەن و پڕ لە مانایە، هێرۆی خوشکمانە، کە هەموو ژیانمان شتی لێوە فێر بووین و سێبەری میهرەبانیی ئەو، ڕێنیشاندەری هەنگاوەکانمان بووە.

هێنانەوەی ناوی هێرۆ وەک «گوڵە هێرۆکەی سەر چیاکانی کوردستان»، تەنها پیاهەڵدانێکی سۆزئامێز نییە، بەڵکو گوزارشتێکی ڕاستەقینەیە لە ناخی ئێمەوە. گوڵی هێرۆ لە کوێستانەکانی کوردستاندا هێمای خۆڕاگری، ڕەسەنایەتی و جوانییەکی سروشتییە کە لە ناو سەختیی بەرد و چیاکاندا سەر هەڵدەبڕێت. کاتێک ئاوڕ لە ڕابردوو دەدەینەوە، ئەو تەنها سەرچاوەی سۆز و سۆمای ناو خێزانەکەمان نەبووە، بەڵکو وەک چیاکانی کوردستان، پشتوپەنا، جێگای شانازی و قەڵایەکی دڵنیایی بووە بۆمان.

ئـەم کتێبە، پێشکەشە بە تەمەنی پڕ لە بەخششی ئـەو؛ وەک ئەمەکداری و ڕێزگرتنێک لە کۆششە بێوچانەکانی و ئەو شوێنپەنجە قووڵەی لەسەر بیر و ناخی ئێمە جێی هێشتووە. لێرەشەوە، پێزانین و سوپاسگوزاریی قووڵم ئاڕاستەی هێژایانی ئامادەکار و نووسەرانی ئەم کتێبە دەکەم، کە بە دڵسۆزی و ڕەنجی بێوچانیان، ئەم مێژووە پڕ لە بەخشندەییەیان تۆمار کردووە و پاراستووە.

هیوادارم سایەی هەمیشە بەسەر سەرمانەوە بێت و تەمەنی درێژ و تەندروستی باش بێت.

**هەتاو ئیبراهیم ئەحمەد**

**٢٠٢٦/٦/١**

## دەستپێک

دامەزراوەی سەرۆک جەلال تاڵەبانی، دامەزراوەیەکی ناحکومیی سەربەخۆی قازانج نەویست و بێلایەنە، دامەزراوەیەکی کەلتووری و مرۆڤایەتی و نیشتمانییە، کار بۆ ناساندن و پاراستن و ئەرشیف کردنی ژیان و خەباتی سەرۆک جەلال تاڵەبانی دەکات و لە بوارەکانی ڕۆشنبیری، گەشەپێدانی کۆمەڵگا و پەرەپێدانی مرۆیی خەبات دەکات. ئەم دامەزراوەیە، هەوڵ بۆ بەدیهێنانی کۆمەڵێک ئامانجی دیاریکراو دەدات، کە بریتین لە پەرەپێدانی بواری ڕوناکبیری، توێژینەوەی ئەکادیمی لە سەر فیکر و ژیان و سیاسەتی سەرۆک جەلال تاڵەبانی بە ڕەخساندنی دەرفەت بۆ گەشەپێدان بە چۆنایەتیی نووسینی توێژینەوەی ئەکادیمی، بۆ ئەو مەبەستەش دامەزراوەکە کار بۆ دابینکردنی خوێندنی ساڵانەی (سکۆڵەرشیپ) لە ناوە و دەرەوەی وڵات دەکات.

لە سۆنگەی گرنگی پێدانی سەرۆک جەلال تاڵەبانی بە پاراستنی مافەکانی مرۆڤ، دامەزراوەکە کار بۆ گەشەپێدانی مافی مرۆڤ، ئازادییەکان، بەها مرۆییەکان، کەلتووری پێکەوەژیان، بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیریی تاک لە کوردستان و عێراقدا دەکات.

یەکێک لە ئامانجە گرنگەکانی دامەزراوەکە، پاراستن و کۆکردنەوەی ئەرشیفی سەرۆک جەلال تاڵەبانی و خاتوو هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەدە وەک دەستکەوتێکی نەتەوەیی و نیشتمانی. بۆ ئەو مەبەستە بەشی ئەرشیفی دامەزراوە بە دروستکردنی ڕایەڵەیەکی فراوان لە ناوخۆی کوردستان، عێراق و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، کار لە سەر سێ بنەمای سەرەکی دەکات، کە بریتین لە: (کۆکردنەوە، پاراستن، پەرەپێدان). مەبەست لە کۆکردنەوە دەستڕاگەیشتنە بە سەرجەم بابەتە ئەرشیفییەکان وەک (ڤیدیۆ، وێنە، نامە، بروسکە، بەڵگەنامە، دەستنووس، کتێب، نامیلکە، ڕۆژنامە، گۆڤار، نامە زانستییەکان و سەرجەم ئەو بابەتانەی، کە لە ماڵپەڕ و پلاتفۆڕمە میدیاییەکان لە سەر سەرۆک مام جەلال و خاتوو هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد بڵاو کراونەتەوە). ئەم کارەش لە ڕێگەی سەرچاوەکانی کۆکردنەوەوە دەکرێت، کە بریتین لە: (ناوەندە میدیاییەکان: تەلەفزیۆن، ڕادیۆ، ڕۆژنامە، گۆڤار، ماڵپەڕەکان، ناوەندە کەلتووری، ئەرشیفی، ئەکادیمییەکان، ناوەندە حکومییەکان، ڕێکخراوەکان، ناوەندە حیزبییەکان، ئەرشیفی کەسی و کتێبخانەکان) لە ناوە و دەرەوەی کوردستان و عێراق، کە بە شێوەیەکی مەیدانی و زانستی کار بۆ کۆکردنەوەی دەکرێت.

قۆناغی دووەم بریتییە لە ئەرشیفکردن و پاراستن. لەم قۆناغەدا سەرجەم بەرهەمە کۆکراوەکان کاری (پشکنین، ڕیکخستن، پۆلێنکردن، ناسنامەدارکردن، مێتاداتا)یان بۆ دەکرێت و بە نوێترین سیستمی بواری ئەرشیفکردن کاری لە سەر دەکرێت.

قۆناغی سێیەم پەرەپێدانە. مەبەست لەم قۆناغە ئامادەکردنی سەرجەم کۆکراوەکانە بۆ کاری توێژینەوەی زانستی لە لایەن توێژەر و ناوەندە ئەکادیمییەکان لە سەر ژیان، فیکر، سیاسەت و خەباتی سەرۆک جەلال تاڵەبانی و خاتوو هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد. هەروەها لە بواری بەرهەم هێنانی میدیایی، فیلمسازی، بڵاوکردنەوەی کتێب سوودی لێ وەردەگیرێت. ئەم ئەرشیفە بەشێکی گرنگە لە ناسنامەی نەتەوەیی کورد و بەجیهانیکردنی یەکێکی ترە لە کارەکانی دامەزراوەکە. بۆ ئەم مەبەستەش لەگەڵ ناوەندە ئەرشیفییە جیهانییەکان لە هەماهەنگیی بەردەوامداین بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجە گرنگە، کە دەبێتە بناغەیەکی بەهێز بۆ دامەزراندنی ئەرشیفی نیشتمانی.

ئەم کتێبە لە بیرۆکە و دەستپێشخەریی سەرۆکی دامەزراوەی سەرۆک جەلال تاڵەبانی، باڵیۆز د. محەمەد سابیرە بۆ کۆکردنەوە و پاراستنی ئەرشیفی خاتوو هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد، کە خۆی لە چاوپێکەوتن لەگەڵ سەرجەم ئەو کەسایەتییانەدا دەبینێتەوە، کە لەگەڵ هێرۆ خاندا دامەزرێنەری کۆمەڵێک پرۆژەی کەلتووری بوون لە کوردستان وەک (ناوەندی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی خاک، گەلەری زاموا، پرۆژەی دەستنووسەکان، گۆڤاری خاک، گۆڤاری سیخورمە، ڕۆژنامەی سۆما، دەستەی فریاکەوتنی قەڵای هەولێر) و چەندین پرۆژەی تر، کە لە درێژەی چاوپێکەوتنەکاندا ئاماژەیان پێ دەکرێت. هەر یەک لەو کەسایەتییانە بیرەوەریی ئەزموونی خۆیان و ڕۆڵی

گرنگی هێرۆ خان لە سەرجەم ئەو پڕۆژانەدا دەخەنە ڕوو. بێگومان پڕۆژەکانی هێرۆ خان زۆرن، بۆیە سەرجەمیان لە دامـەزراوەی سەرۆک جەلال تاڵەبانی قۆناغ بە قۆناغ کاری لە سەر دەکرێت و کۆ دەکرێتەوە وەک سامانێکی گەورەی ئەرشیفیی نیشتمانی، وەک دەستکەوتی خاتوونێک، کە لە مێژووی خەباتی ژنانی کوردستاندا هەمیشە ناوی بە درەوشاوەیی دەمێنێتەوە.

**بەشی لێکۆڵینەوە و ئەرشیفی**
**دامەزراوەی سەرۆک جەلال تاڵەبانی**

# بیرۆکەی خاک زۆر کۆنترە لە کاتی دامەزراندنی خاک

هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد

بیرۆکەی خاک زۆر کۆنترە لە کاتی دامەزراندنی خاک، بەڵام نەک بە ناوی خاکەوە. بەرنامەی تەلەفزیۆنەکانی تر لەگەڵ ڕێزم بۆ هەموویان، جێی هەندێک شتی زۆر بچووکی تێدا نەدەبووەوە، بۆ نموونە یەکێک لەو شتانە، کە لە لای منداڵ ئەو سەردەمە بووبوو بە کێشە، کێشەی ڕەنگ بوو، بەبێ ناوهێنانی هیچ ڕەنگێک.

من بیرم لێ کردەوە ئەگەر بکرێت تەلەفزیۆنێکی وا دابمەزرێنین بتوانێت تەجاوزی هەندێک لەو شتانە بکات، مەسەلەن نەچێتە حدوودی ئەو ڕەنگە بۆ منداڵ، کە وای لێ نەیەت ببێت بە کێشە، یان هەندێک شتی زۆر زۆر خۆماڵی، کە زۆرتری ئاڕاستەکان هەمووی بۆ سەتەلایت و بۆ وەرگرتنی شت لە سەتەلایت دەڕۆشت و وردە وردە خەریک بوو بابەتی کوردی کەم دەبـووەوە، دەمانویست شتێک بکەین، کە زۆر کوردی بێت، واتە شتێک بێت زۆر خۆیتر و کوردیتر بێت.

ئیتر دوو جار نەبوو، کارەکە سەری نەگرت، لەبەرئەوەی جیهاز و شتەکان زۆر گران بوون، کە داماندەنان نرخەکەی خەیاڵی بوو، ئەوە بوو هەر دوو جارەکە تەقریبەن فاشل بوو، ئیتر دوای ٣١ی ئاب، جارێکی دیکە فکرەکە تازە بووەوە، لەگەڵ چەند برادەرێک هەر وا بابەتەکەمان باس کرد، گەشتینە قەناعەت، با دەست پێ بکەین. ئەوە بوو لەگەڵ کاک خەبات قسەمان کرد گوتمان بزانین چۆن جیهاز و شتەکانمان بۆ تەرتیب دەبێت. ئەم جارە زۆر کتوپڕ دەستمان پێ کرد، ئەوە نەبوو زۆر بیری لێ بکەینەوە. من بە حوکمی ئەوەی چەند ساڵێک بوو کاک زاهیرم بە هۆی پڕۆژەکانەوە دەناسی، لەگەڵ

کاک زاهیر یەکەم کەس قسەم کرد، کە لیژنەیەک دروست بکەین، ئەو لیژنەیەیش ئەو سەرپەرشتی بکات. ئیتر لیژنەکە بریتی بوون لە: (کاک زاهیر، کاک خەڵات عومەر، کاک ئاکۆ غەریب، دکتۆر شێرکۆ و خۆم)[١] دەستمان پێ کرد.

هەر لە دانیشتنەکانماندا بووین بۆ دەستپێکردنی تەلەفزیۆنی خاک، قسە هاتە پێشەوە لە سەر گۆڤارێکی کاریکاتێری، من خۆم دەمێک بوو بە حوکمی ئەوەی لە ئێران ژیابووم زۆر سەرسام

١ خاتوو هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد، ١٢ی حوزەیرانی ١٩٤٨ لە بنەماڵەیەکی سیاسیی چالاک لە شاری سلێمانی لەدایک بووە، کە لە دژی ستەمی فەرمانڕەوایانی عیراق خەباتیان دەکرد. مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەدی باوکی، لە ساڵانی ١٩٥٠ لە ئەبوغرێب لە سەر چالاکیی سیاسی زیندانی کرا، کە هێشتا ئەم خاتوونە تەمەنی ٢ ساڵان بوو. پاشان ساڵی ١٩٥٤ خێزانەکەی بۆ کەرکووک دوور خراونەتەوە و خراونەتە ژێر چاودێری و مانەوەی ناچارییەوە، تا گەڕانەوەیان بۆ سلێمانی لە ساڵی ١٩٥٣، لەگەڵ گەڕانەوەیان باوکی لە هەوڵێکی تیرۆرکردندا بریندار دەبێت. خێزانەکەی لە ساڵی ١٩٥٨ ڕوویان لە بەغدا کردووە و ئەو لەوێ خوێندنی سەرەتایی تەواو کردووە، بەڵام بە هۆی کودەتایەکی سەربازی لە عیراق نەیتوانی خوێندنەکەی تەواو بکات و خێزانەکەی ناچار کرد بەرەو ئێران بڕۆن. لەوێ دیسان دەستی بە خوێندن کردەوە. دواتر و لە ساڵی ١٩٧٢ لە زانکۆی (المستنصرية) لە بەغدا لە بەشی دەروونناسی دەرچووە. هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد جگە لە بەشداریی سیاسیی خێزانەکەی دەبێتە هاوسەری دیارترین کەسایەتیی سیاسیی مێژووی عیراق و کوردستان (سەرۆک مام جەلال)، ئیدی تەواوی ئاراستەی ژیانی بە ئاقاری جیاوازتردا دەڕوات. وەک ژنەپێشمەرگەیەکیش بەشداری لە شۆڕشی نوێی گەلی کورددا کردووە. لەو سەردەمەدا بە کامێراکەی چالاکییەکانی پێشمەرگە و ئازارەکانی خەڵکی لە کاتی بۆردومانەکانی ڕژێمی بەعسدا دۆکیۆمێنت کردووە و خاوەنی ئەرشیفێکی دەوڵەمەندی شۆڕشە، لە بواری میدیا و ڕۆشنبیریی گشتی و کەلتووری ڕۆڵێکی کاریگەری هەبووە لە دامەزراندنی چەندین دەزگای میدیایی و کەلتووریدا. هەمیشە وەک پاڵپشتێکی بەهێزی هونەرمەندان و ڕۆشنبیران ناسراوە. هەروەها لە کاری مرۆیی خزمەتێکی گەورەی بە چینی منداڵان و لێقەوماوان کردووە. هەمیشە لە خەمی باشترکردنی ژیانیاندا بووە. لە بواری سیاسییشدا ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بووە و کاریگەرییەکی زۆری لە سەر بڕیارە سیاسییەکانی ناو حیزبەکەی و هەرێمی کوردستان هەبووە.

بووم بە گۆڤاری (کاکە تۆفیق)، برادەرانیش لێرە تومەز خۆیان زۆر سەرسام بوون بەوە و زۆر حەزیان دەکرد شتێکی وا بکەن. زۆر سوتفەیەکی سەیر بوو، سێ کەس لەوێ دانیشتبووین، هەرسێکمان پێشتر خەیاڵمان لە سەر ئەو شتە کردبوو. من هەر لە دەستپێکی گۆڤاری پەپوولە یەکەم جار، کە پەپوولە دەرچـوو، بیرم لەوە کردەوە، کە شتێکی وا بکەین، ئەوسا زەمانی بەرەی کوردستانی بوو، نەکرا خەڵکێکی وام دەست نەکەوت کار بکات. کاک ئاکۆ بە جیا ئیشی بۆ کردبوو، دکتۆر شێرکۆیش بە جیا ئیشی بۆ کردبوو، هەر سێ لامان سەرکەوتوو نەبووین. ئیتر لەوێ قسەکە کرا، زۆر شتێکی سەیر بوو، واتە تۆ لە مەجلیسێکی پێنج نەفەریدا سێ کەس خەیاڵی بۆ ئەوە چووبێت بە تەمابووبێت سەر نەکەوتبێت، ئەوە بوو یەکسەر بڕیارمان دا، حەتا دکتۆر شێرکۆ و کاک ئاکۆ گوتیان ئێمە دەتوانین لە چەند ڕۆژێکدا یەک گۆڤاری تەجریبی دروست بکەین، ئەوە بوو بە چەند ڕۆژێک یەک گۆڤاریان دەرکرد و شتێکی جوان بوو. ئیتر دەستمان بە دەرکردنی سیخورمە کرد و بەردەوام بوو لە دەرچوون، ئینجا تەلەفزیۆنەکە بوو بە تەلەفزیۆن و کەوتە بەرنامە و شتێکی سەیر بوو، فەوزایەکی زۆر عەجایەب بوو، هەموومان تازە بووین، هەندێکی تێدابوو لە برادەران، کە لە تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان، یان لە شوێنی تر بوون، لەو بوارەدا کەسێکی وامان نەبوو بۆ هەمووی ئەزموونێکی نوێ بوو.

کاک باست ڕۆژێکیان گوتی: مـادەی زۆر باشمان هەیە. کاک

باست و کاک زاهیر گوتیان: وەڵـڵا ئێمە گۆڤار و بابەتی زۆر وەردەگرین لە سەتەلایت و هەم لە گۆڤار و شتەکان، ئێمە بۆ گۆڤارێکی گەورە دەرنەکەین بە عەدەدێکی دیاریکراو بێت، هەر بە ڕەشوسپی ڕایدەکێشین و باسی بیرۆکەکەیان کرد. خۆم بیرۆکەکەم زۆر لە لا جوان بوو، گوتم با بیکەین. وەڵڵا هەر ژمارەی یەکەم تاقیکردنەوەی ملەوەنمان کرد، ئێمە ئەوەڵی جار قەرارمان دابوو بە ڕەشوسپی بیکەین، هەر ئەوە بوو بە ملەوەن، قەرارمان دابوو بە ژمارەیەکی زۆر کەم چاپی بکەین، ژمارە سفر پێنج سەد عەدەدمان لێ چاپ کرد. دواتر ڕەواجی زۆر بوو، ئاخر جار و ئێستا، کە چاپ دەکرێت، پێنج هەزاری لێ چاپ دەکرێت، ئیتر ئێشەکان وابوون، هیچ تەکبیرێک نەبوو، یەک بە دوای یەک خۆی هات[٢]

.

---

٢ چاوپێکەوتنی تەلەفزیۆنی، هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد لە چوارەمین ساڵیادی دامەزراندنی ناوەندی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی خاک، ٢٠٠١، ئەرشیفی تەلەفزیۆنی خاک.

هێرۆ خان دەیویست سەکۆیەکی ئازاد
هەبێت، کە کۆکەرەوەی هەموو ڕەنگەکان بێت

زاهیر سدیق

## یەکەم دیدار و یەکترناسینتان لەگەڵ هیرۆخان بۆ کەی دەگەڕێتەوە[3]؟

ئەو سەرەتایەی من هێرۆ خانم تێدا ناسی، ئاوڕدانەوەیە لە چل ساڵی تەمەنی پێش ئێستام. دواقۆناغی پەیمانگای هونەرە جوانەکان بووم، بە داخەوە لە ساڵی ١٩٨٥دا شاڵاوێکی ڕەشبگیری کرایە سەر پەیمانگای هونەرە جوانەکان، کۆمەڵێک خوێندکار دەستگیر کران و هەندێکی ڕووی لە هەندەران و هەندێکی تر ڕووی لە شاخ و پێشمەرگایەتی کرد. من لەو خوێندکارانە بووم بەردەست نەکەوتم و چوومە شاخ. بە ڕاستی لەوێ زۆر خەمی ئەوەم بوو ئەو پرۆژەیەی هەمبوو لە ساڵی کۆتاییدا ئەنجامی بدەم، بە داخەوە بۆم تەواو نەکرا. خەونی ئەوەم هەبوو کارێک بکەم، هەر ئەوە بوو بۆ یەکەم جار بیرۆکەی دروستکردنی پەیکەری (سەرەتا) وەک ڕەمزی پێشمەرگە هاتە خەیاڵم و لە گوندی چۆخماخ لە دۆڵی جافایەتی هەر لەو ژوورەی، کە ژووری خەوتن و خواردن و خۆشتن و هەموو شتەکانی تێدابوو، کردمە ستۆدیۆ، لە بەشی خوارەوەی ژوورەکەدا توانیم پەیکەرێک دروست بکەم. ساڵی ١٩٨٧ پەردەی لە سەر لادرا. ئەم پەیکەرە دەنگدانەوەیەکی گەورەی دروست کرد. ڕێکەوتی یەکەم بینینی من لەگەڵ هێرۆ خان ئەوە بوو ڕۆژێک خەریکی وێنەگرتن بوو بە کامێرای ڤیدیۆکەی، دوو پارچە بوو تەسویری دەکرد،

٣ زاهیر سدیق هونەرمەندی پەیکەرساز، ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری ناوەندی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی خاک.

تۆمارێکی زۆر جوانی کرد، لەو ساڵانەی ئەخیردا بەشێک لەو وێنە و تۆمارانەی دامەوە، ئیتر لەوەوە هێرۆ خانم ناسی. دوای ئەوە من لە چاپخانەی شەهید برایم عەزۆ پێشمەرگە بووم، ڕۆژێکی تر بۆ جاری دووەم، کە هاتە ئەوێ بۆ وێنەگرتن، ڕێکەوتێکی باش بوو تاوەکو ئەو باسی پەیکەرەکەی کرد، گوتی وەکو چۆن لە بەغداد جوندی مەجهول هەبوو، لێرەیش ئەم پەیکەرەی تۆمان هەیە. لەو کاتەدا گوتی ئەمە وای لێ هاتووە سەرۆک مام جەلال هەر وەفدێک هەر خەڵکێک بێت بۆ دیداری، زۆر جار پێی خۆشە پێش بینینی خۆی، دەیگوت با جارێ بچێت زیارەتێکی پەیکەرەکە بکات، ئینجا من بیبینم. بایەخی هونەر و ئەدەب لە زەمەنی شاخ و ژیانی پێشمەرگایەتیدا بۆ ئەوسای (ی. ن. ک.) زۆر زۆر بوو. یەکێک لە دروشمە دیارەکانی سەرۆک مام جەلالی کۆچکردوو، ئەوە بوو کە یارمەتی و ئازادیی بێسنووری بۆ هونەرمەندان هەبوو، ئەمە وای کردبوو کایەیەکی ئازاد هەبێت چ بۆ نووسەران چ بۆ هونەرمەندان. بە ڕاستی زۆر شتی جوان دەکرا، چ لە ڕووی شانۆ بێت، یان پێشانگا بێت، یان فیلم بێت، یان تیپی میوزیک بێت وەک تیپی شەهید کارزان. بە ڕاستی دەتوانم بڵێم بە پلەی یەک بۆ ئەو قۆناغە سەرۆکی کۆچکردوو مام جەلالی لە پشت بوو.

**تێڕوانینی هێرۆ خان بۆ کاری هونەری، بە تایبەت ئەرشیفکردن و تۆماری ڤیدیۆ چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟**

دیارە کە هێرۆ خان، ژیانی شاخ و پێشمەرگایەتی هەڵبژارد. بۆ ئەو قۆناغ و سەردەمە بە کامێراکەی شانبەشانی پێشمەرگە لە پێشەوەی شەڕگەکان بوو. لە زۆر شوێندا من بۆ خۆم بینیومە، بەردەوام هەوڵی ئەرشیفکردنی دەدا، هاوشانی کاک عەباسی ڤیدیۆ هەندێک کاریان کردبوو، دەتوانم بڵێم ئەو کارانە بۆ ئەرشیفی جووڵانەوەی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان بۆ ئەو قۆناغە و ئەو زەمان و زەمینە بەهایەکی یەکجار گەورەی هەبوو، لەوانەیە پێناسە نەکرێت، چونکە بوو بە چاوی سەردەمی خۆی، دۆکیۆمێنتێکە هەموو ڕاستیی ڕووداوەکان لە ڕێی بیستن و بینینەوە تۆمار کراوە و ئەرشیف کراوە. دەکرێت بایەخی زۆر گەورەی پێ بدرێت، دەکرێت ئەم ئەرشیفە بە ڕاستی چەندین توێژینەوەی گەورە و گرنگی لە سەر بکرێت.

## یەکەم پرۆژەی هونەریت لە دوای ڕاپەڕین لەگەڵ هێرۆ خاندا چی بوو؟

دەکرێت من باسی ئەوە بکەم ڕاپەڕین ئەنجام درابوو، کوردستان بە گشتی ئازاد بوو، بە ڕێکەوت کاروانی ئۆتۆمبێلەکانی سەرۆک مام جەلال لە دۆڵی جافایەتی دەگەڕێنەوە بە لای ئەو پەیکەرەدا تێ دەپەڕن، سەرۆک مام جەلال پرسیاری ئەوە دەکات ئەم پەیکەرسازە لە کوێیە، ئێستا دەبێت چی بکات، چی نەکات. کاک کاوە و کاک ئاکۆی ڕەحمەتی هەر لەو ئۆتۆمبێلەدان و کاک خالید و هێرۆ خانیشیان لەگەڵدا دەبێت، ئەوان باس لەوە دەکەن برادەرمانە. سەرۆک مام

جەلال دەڵێت: وەڵڵا حەز دەکەم لە کاتی گەیشتنمان بۆ قەڵاچوالان ببیبنم، ئەوە بوو کە دەگەنە قەڵاچوالان، دێن بە شوێن مندا، وا ڕێک دەکەوێت ئەو شەوە دەگەمە قەڵاچوالان، سەرۆک مام جەلال پێی گوتم: لە کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسیم، بەیانی یەکتر دەبینین. بەیانی من یەکەم کەس بووم لەگەڵی دانیشتم و گفتوگۆمان سەبارەت بە پڕۆژە و کارکردن کرد، ئیتر لەوێوە پڕۆژەی پەیکەرسازانمان دامەزراند. گوتی: من هاوکاریتان دەکەم لە هەر پێویستییەک. منیش باسی ئەوەم کرد، کە پێم خۆشە وەکو پڕۆژەیەکی گەورە نەک لە سەر ئاستی سلێمانی، بەڵکو لە سەر ئاستی سەرجەم شارەکان ئەو کارە بکەین. یەکەم کاریشمان لە ڕەواندز کرد و دامان نا. دوای ئەوەی من یەک-دوو جار ڕێک کەوت لەگەڵ سەرۆک مام جەلالی کۆچکردوو یەکترمان بینییەوە، ئیتر پێی گوتم: من بە ڕاستی کار و وەزیفەی سیاسیم زۆرە، حەز دەکەم ئێوە پەیوەندیتان لەگەڵ هێرۆ خان هەبێت. هێرۆ خانی بانگ کرد و ئەویش زۆری پێ خۆش بوو، پێشوازییەکی زۆر گەرمی کرد لەوەی ئیتر هەماهەنگی بکەین، بتوانین چەند پڕۆژە و کارێک پێکەوە ئەنجام بدەین و ئەوان هاوکارمان بن. دیارە بۆ ئەو قۆناغ و سەردەمە ئێمە پەیکەری (هەنگاو)مان بردە ڕەواندز، یەکێک لە بیرەوەرییەکانم باس لە پەرۆشیی هێرۆ خان و بایەخدانی بەوە دەکەم، کە ئەو کاتە ئەم مۆبایل و ئینتەرنێتە نەبوو، هەر لە ڕێگەی جیهازی ڕاکاڵەوە پەیوەندی دەکرا، کارەکەمان تەواو کرد و من بروسکەیەکم بۆ کرد، ئەو لە قەڵاچوالان بوو، گوتم

سبەینێ پەردە لە سەر پیکەرەکە لا دەدەین و پێمان خۆشە ئامادە ببیت، ئەگەر بۆت بکرێت بێیت، ئەوە بوو وەڵامی دامەوە گوتی: من سبەینێ لەو ڕێوڕەسمەدا ئامادە دەبم. فیعلەن هەر ئەو ڕۆژە لە قەڵاچوالانەوە بە دوو ئۆتۆمبێل گەیشتە ڕەواندز، لەگەڵ مامۆستا زراری ڕەحمەتی تەکلیفی ئەوەمان کرد، کە پەردە لە سەر پەیکەرەکە لا بدات، بەڵام زۆری پێ خۆش نەبوو، چونکە بە درێژایی تەمەنی ئیشکردنی هێرۆ خان هەمیشە وا حەزی دەکرد ئەو کارانەی دەیکرد ڕیکلامی بۆ نەکرێت، خۆی تێدا دەرنەکەوێت، قسەیەک هەیە دەڵێت: "ویستت کارێکی خێر بکەیت، نابێت ئەم دەستەت بەو دەستەی ترت بزانێت". لەو ڕوانگەیەوە حەزی دەکرد دیار نەبێت، تیشکی لە سەر نەبێت، هەتا بۆ بانگکردنی بۆ پەردەلادانەکە تۆزێک نیگەران بوو، گوتم تۆ ڕێگەیەکی دوورت بڕیوە، قەینا هەر دەبێت شەرەفی ئەوەت بەربکەوێت، دوو فیگەرە، دەبێت فیگەرێکیان تۆ پەردەی لە سەر لا بدەیت. زۆر دڵی خۆش بوو بە پڕۆژەکە، هەر ئەو ڕۆژەی لەوێوە هات هەمان ڕۆژ گەڕایەوە، من باس لە پەرۆشییەکەی دەکەم، یەکێک بوو لەو شتانەی بۆ ئێمە و بۆ هاوکارەکانم لەو قۆناغەدا زۆر دڵخۆشکەر بوو. هێرۆ خان بایەخێکی زۆر گەورەی بە سەرجەم کاروچالاکییە هونەری و ئەدەبییەکان دەدا.

**پڕۆژەی پەیکەرسازان تەنها پڕۆژەیەک نەبوو بۆ شاری سلێمانی، بیرۆکەی ئەوەی پڕۆژەکە پڕۆژەیەکی گشتگیر بێت بۆ هەموو کوردستان چۆن هاتە ئاراوە؟**

دیــارە هــەر لــە ســەرەتــاوە بیـرۆکـەی دامــەزرانــدی پـڕۆژەی پەیکەرسازان هاتە خەیاڵم. لەو ڕوانگەیەوە بوو، کە ئێمە بتوانین لە سەر ئاستی شاری سلێمانی نا، بۆ سەرجەم شار و شارۆچکەکان کار بکەین، بۆ نموونە ئێمە ئیشمان لە زاخۆ، دهۆک، هەولێر، سلێمانی، دەربەندیخان، هەڵەبجە، چەمچەماڵ، کۆیە، ماوەت، دەربەندی بازیان و چەندین شوێنی تر کرد. لە دوای ڕاپەڕین بۆشاییەکی گەورەی کاری پەیکەرسازی هەبوو، لەبەرئەوەی لە سەردەمی بەعس پەیکەر زیاتر تەنسیبی ڕۆحی کەسایەتی و پاڵەوانەکان و داستانەکان دەکـات، بەعس زۆر لە پەیکەر دەترسا، ڕێگەی پێ نـەدەدا؛ حەتا کـاوەی ئاسنگەر کە دروسـت کـرا، چل و پێنج ڕۆژ بەپێوە بوو، ڕووخێنرا و خۆپیشاندان کرا و خەڵکی تێدا شەهید بوو. ئیتر ئەو بۆشاییە گەورەیە هەبوو، بە ڕاستی پێمان خۆش بوو بە گشتی کارێکی وا بکەین، چۆن دەڵێیت بە زمانی بەرزی هونەر ئەو سنوورە وەهمییانەی بەعس دروستی کردبوون لە نێوان ناوچەی سۆران و بادینان ئێمە بە زمانی بەرزی هونەر بیرووخێنین.

کارەکانمان وا بێت جیاوازی لە نێوان زاخۆ و خانەقین نەکەین، جیاوازی لە نێوان دهۆک، هەولێر و سلێمانی نەکەین، هەوڵ بدەین کاری بۆ بکەین و ئەو ململانێیەیش لە دواییدا دروست بوو لە نێوان لایەنە سیاسییەکاندا، بە ڕاستی هەوڵ بدەین ئێمە بە هونەر و ئەدەب جۆرێک لە هەماهەنگی و تەبایی و پێکەوەیی بخوڵقێنین. یەکێک لە قسە زۆر بەرزەکانی سەرۆک مام جەلالی کۆچکردوو، من بۆ

هەمیشە لە مێشکمدا چاپ بووە، ئەو دەیگوت "ئەوەی سیاسییەکان ناتوانن بیڵێن، هونەرمەندان و ئەدیبان دەتوانن بیڵێن". ئەو زۆر جار باسی لەوە دەکرد گەورەیی هونەر و ئەدەب لەوەدایە تۆ دەتوانیت بە تەریبی شانبەشانی کایەی سیاسی، نەک بیتوێنیتەوە لە کایە سیاسییەکە گۆڕان و پێشکەوتن دروست بکەیت، ئێمە هەر ئەو خەتە فکری و فەلسەفییە لە زەمانی شاخەوە ئێستایشی لەگەڵدا بێت گرتوومانەتە بەر. هەمیشە حەزمان کردووە ئەدەب و هونەر جۆرێک لە سەربەخۆیی خۆی هەبێت، پاشکۆ نەبێت بۆ هیچ پڕۆگرامێکی سیاسی، هەر لایەنێکی سیاسییش هاوکاری بکات بە خۆشحاڵییەوە سەپۆرتی بکات، تۆ کۆنتاکتی لەگەڵدا بکەیت، بەڵام پێویستە کایەی هونەری لەگەڵ کایەی سیاسی بە تەریبی کار بکەن، هەر دووکیان کار لە گۆڕان و پێشکەوتن بکەن، چونکە هەر یەکەیان میکانیزمی کارکردنی خۆی جیایە، بەڵام کاتێک تۆ تواندتەوە لە کایەی سیاسیدا، بەهایەکی ئەو تۆی نامێنێت. ئەمە ئەو بەرنامە فکری و فەلسەفییە بوو، کە هەر لە گەنجیەتیی خۆمانەوە کارمان تێدا کردووە چ لە ژیانی شاخ، پێشمەرگایەتی چ ئێستایشی لەگەڵدا بێت، دەتوانم بڵێم یەکێک لەو کەسانەی تێگەشتنی زۆر باش و تەواوی هەبوو هێرۆ خان بوو. بە درێژایی تەمەنی خۆم، کە بەشێکی زۆر لە تەمەنی گەنجیم لەگەڵ کارەکانی هێرۆ خاندا بەسەر بردووە، هیچ کات ئەو گوشارە سیاسییە، یان ئەو داواکارییە سیاسییە، یان ئەو خواستە سیاسییەی نەبووە بۆ هیچ پڕۆژەیەک، لەگەڵ ئەوەدا نەبووە ئەدەب و هونەر و

سیاسەت پێکەوە کار بکەن. بۆ نموونە هەمیشە حەزی دەکرد هەر یەک بە جیا کاری خۆی بکات، بەڵام کار لە گۆڕان و پێشکەوتن بکات و خزمەت بکات. ئەمە ئەو بەرنامەیە بوو من بەشێک لە تەمەنی خۆم لەگەڵ ئەودا سەرف کرد. بە درێژایی کارکردنم لەگەڵ هێرۆ خاندا دوو پڕۆژە هەبووە، کە سەپۆرتی کردووە، دیار بووە یەکێک لەوانە پەیکەری ئیبن مستەوفی لە بەردەم قەڵای هەولێر ١٩٩٦ لە گەرمەی شەڕی ناوخۆدا ئەو پەیکەرە دروست کرا و گەلەری ئەربێلا و ئەوانە، لە باسێکی تردا دێمە سەری. لەگەڵ پەیکەری خۆشەویستی، کە لە پارکی ئازادی سووتاندیان بۆ ئەو دوو پڕۆژەیە سەپۆرتی مادی کردووین، بەڵام وەکو کارەکانی تر، هەمیشە پشتیوانێکی مەعنەوی بووە. تا سەر ئێسک ئێمە ئازاد بووین لە هەر شوێنێکەوە سەپۆرت کرابین، یان هاوکاری کرابین، بۆ ئەو گرنگ بوو ئێمە بەردەوام ببین بابەتی تری بۆ گرنگ نەبووە.

**یەکێکی تر لەو پڕۆژانەی، کە جارێکی تر پەیوەندیی تۆ لەگەڵ هێرۆ خان دروست دەکاتەوە بیرۆکەیەکی سەرۆک مام جەلال بوو بۆ دروستکردنی پەیکەرێک بۆ (دانیاڵ میتەران)، لە سەر ئەم پڕۆژەیە چۆن کارتانکرد؟**

سالّی ١٩٩٣ بوو، هێرۆ خان گوتی: مام ئیشی پێتانە. بە ڕاستی ئەوە بوو، کە بینیم زۆر پێی خۆش بوو لە کوردستان شتێک بکرێت بۆ خاتوو (دانیاڵ میتەران)، کە بۆ قەزیەی کوردی لە دوای

کیمیابارانی هەڵەبجە و ئەنفال، هەوڵی زۆر جدی دا، بۆئەوەی ڕووداوەکە دەنگدانەوەی جیهانی دروست بکات. سەرۆک مام جەلال پێی خۆش بوو بۆ ئەو کارە جوانانەی خاتوو میتەران پەیکەرێک دروست بکرێت لە دەروازەی شاری هەڵبجەی شەهید دابنرێت. ئەو گفتوگۆیە کرا و هێرۆ خانیش لە بابەتەکەدا بوو، ئەو داوای ئەوەی کرد بچمە فەرەنسا ئەو پەیامە بە ناوی گەلی کوردەوە بگەیەنم؛ ئێمە وەکو گەلی کورد پێمان خۆشە لە بەرانبەر هەموو چاکە و هەڵوێستەکانتدا پەیکەرێکت بۆ دروست بکەین. ئەوە بوو خاتوو (دانیاڵ میتەران) هاتە کوردستان، خۆشبەختانە توانیمان پەیوەندی پێوە بکەین پڕۆژەکەیشی بۆ بکەین و لە دەروازەی شاری هەڵبجەی شەهید دانرا و یەکێک بوو لەو پڕۆژانەی دەنگدانەوەیەکی باشی هەبوو، کاردانەوەیەکی جوانیشی هەبوو. دەتوانم بڵێم لە سەدا نەوەدی ئەو هەنگاوانەی، کە دەمان نا، بە ڕاستی بە پشتگیری و سەپۆرتی هێرۆ خان بووە.

**یەکێکی تر لە پڕۆژەکانت لەگەڵ هێرۆ خان، پڕۆژەی سیرامیکە. ئەم بیرۆکەیە چۆن هاتە ئاراوە؟**

ئێمە دوای دامەزراندنی پڕۆژەی پەیکەرسازانی کوردستان، فکرەی ئەوەمان هەبوو کاری گڵێنەکاری زیندوو بکەینەوە، کە لە کوردستان سەردەمی زوو ئەم پیشەیە هەبووە، بەڵام وردە وردە لەناو چووە و بەو شێوەیەی جاران نەما. حەتا لە شاری سلێمانی چەند جێیەک

هەبووە، لە قلیاسان کاتی خۆی کاری گڵێنەکاری و گۆزە و مەرکانە و ئەو شتانەی لێ کراوە، بەڵام نەمابوو، هێرۆ خان زۆری پێ خۆش بوو پڕۆژەیەکی وامان هەبێت. ئەوە بوو پڕۆژەکەمان دامەزراند بە هاوکاریی منداڵپارێزی کوردستان دوو فڕنمان بۆ هات، ئەو کاتە حەساری گەورە لە سەر کوردستان و عێراق هەبوو، هیچ شتێک نەدەهات لە سنوورەکانەوە، دوو فڕنی سیرامیکیمان بۆ هات، بەڵام لەبەرئەوەی فڕنەکان لەکار کەوتبوون، ڕێگە دەدرا لە سنوورەوە بێن، دوای ئەوەی خوێندنەوەمان بۆ کرد، هیی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی بوو، بەڵام فڕنەکانمان هەستاندەوە و پڕۆژەکانمان دەست پێ کرد و کۆمەڵێک گەنج، مامۆستا و خەڵکی دڵسۆز لەو پڕۆژەیەدا کۆ بوونەوە. دواجار گۆڕانکارییەکمان کرد و هاتینە سەر پیشە دێرینەکە. من پەیوەندیم بە برای بەڕێز کاک حەیدەر گۆزەچییەوە کرد، کە بنەماڵەیەکن لە دووزخورماتوو، ئەو کاتەیش سەردەمی بەعس بوو، هاتن و ڕۆیشتن ئاسان نەبوو، بەڵام کە جوابم نارد، هاتە سلێمانی، گوتم: دەمانەوێت پڕۆژەیەکی وا دروست بکەین. بە خۆشحاڵییەوە ڕەزامەند بوو. ئیتر بروسکەیەکم بۆ هێرۆ خان کرد، حەتا کە بینیم زۆر دڵی بەوە خۆش بوو، گوتی لە ناو ئەو هەموو شەڕ و ململانێی ناوخۆدا زۆر بێتاقەت بووم، بەڵام بروسکەکەتم پێگەیشت بە ڕاستی هەستم بە ئارامییەکی زۆر خۆش کرد. ئیتر هاتە سلێمانی، کابرایشی بینی و دەستمان پێ کرد، پڕۆژەیەکی زۆر سەرکەوتوو بوو. توانیمان ئەو هونەرە سەرلەنوێ زیندوو بکەینەوە

و هاوکاریی باش کراین. گەشتینە قۆناغێک، کە خۆمان فرۆشمان هەبێت، بەڵام وەک پێویست قازانجەکەی نەدەهاتەوە دەست. ئەوە من بۆ مێژوو باسی دەکەم، ئێمە هاوکاریی چەند کەسێکمان هەبوو لە منداڵپارێزی کوردستان وەک مووچە بڕابووەوە، من دوایی زانیم هێرۆ خان کاتی خۆی ئەندامی پەرلەمان بووە و مووچەی هەبووە، هەموو مانگێک مووچەکەی دەنارد لە منداڵپارێز دایدەنا و دەیگوت بۆئەوەی کار لە میزانیەی ئێوە نەکات، ئەو مووچەیە بدەنەوە بەو برادەرانەی، کە لە پڕۆژەی سیرامیکن. مەبەستم لە پەرۆشی و دڵسۆزییەکەیەتی. من لێرەدا حەز دەکەم ئاماژە بۆ شتێک بکەم نەبێتە باسکردن بۆ خۆم، بۆ ئەو سەردەمە کە هێرۆ خان بیری لە کۆمەڵێک پڕۆژە کردبووەوە، کۆمەڵێک کار کە ئێمەی لەگەڵدا بووین، بە ڕاستی وەکو سەرمایەیەکی مەعنەویی گەورە سەیری ئەو پڕۆژانەمان دەکرد، گیانمان تەرخان کردبوو نەک گیرفان؛ بێبەرانبەر لە زۆربەی زۆری ئەو پڕۆژانەدا کارمان کردووە، من وەکو خۆم حەز دەکەم ئاماژە بەوە بکەم، هەر پڕۆژەیەکی نوێ هاتبێتە پێشەوە، یان هەر کارێک کە کرابێت، جگە لەو هاوکارییە دیاریکراوەی، کە مووچەیەک هەبوو هەمانبووە، هیچ شتێکی ترمان وەرنەدەگرت. لێرەدا من دەمەوێت ئاماژە بە شتێک بکەم، هێرۆ خان خاوەنی چەندین بیرۆکە و پڕۆژەی گەورە بووە، دەیوسیت لە ڕێگەی ئەو پڕۆژانەوە خزمەتێکی گەورە پێشکەش بکات بەبێ ئەوەی خۆی نیشان بدات لە هیچ پڕۆژەیەکدا، ئێستایشی لە سەر بێت، چونکە

مەبەستەکەی خزمەتکردن بوو، ئێمەیش لەگەڵیدا کارمان دەکرد، هەمان بۆچوون و هەمان دیدگامان هەبوو، پێشمەرگانە کارمان لەگەڵدا کردووە، گیانمان تەرخان کردووە نەک گیرفان، چونکە دوای ئەو سەرمایە مەعنەوییە گەورەیە، کەوتبووین کە لە ناخی هێرۆ خاندا بوو، بۆ هەر کارێک و هەر پڕۆژەیەک هەنگاوی نابێت، ڕاستە پشتی بە ئێمە بەستووە، بەڵام بە شانازییەوە بێبەرانبەر لە هەر کار و هەوڵێکدا ئێمەی لەگەڵدا بووین و لە پشتی بووین. بۆیە من دەتوانم بڵێم تەمەنێکی درێژخایەنم هەبووە لە کارکردن لەگەڵ هێرۆ خاندا. هێرۆ خان بۆ خۆیشی هەمیشە دەیویست هەر کارێک، کە دەیکات بە کەمترین خەڵک زۆرترین هەنگاو بنێت. بیرۆکەی کارەکانیشی لە سەرەتا بە شێوەیەکی زۆر بچووک دەستی پێ دەکرد، دوایی بازنەی کارەکانی فراوان دەکرد، ئەمە یەکێک بوو لەو شتە جوانانەی دەتوانم بڵێم پەیوەندیی تەواوی بە سەرکەوتنی بەشێک لەو کارانەوە هەبوو، کە هێرۆ خان هەنگاوی لە سەر دەنا. هەر لە دامەزراندنی منداڵپارێزی کوردستان و ئەو پڕۆژانەی، کە ئێمە لەگەڵی بووین، وەک پڕۆژەی سیرامیک، وەکو گەلەری زاموا لە سلێمانی و گەلەری ئەربێلا لە هەولێر، پڕۆژەی هاوکاریکردنی گەنجان لە ڕێگەی سەنتەری گەنجانەوە، کردنەوەی دەوراتی زانستی لەو گردەی کاتی خۆی پێمان دەگوت ڕیعایەی عیلمی، ئێستا یوئێن و کۆمەڵێک شوێنی تێدایە، لە پاڵ ئەوە بینایەک هەبوو بۆ یەکەم جار دەورەی کۆمپیوتەر و فێربوونی کۆمەڵێک پیشە بۆ گەنجان

بێ بەرانبەر کرایەوە، هەموو ئەمانە هێرۆ خان خۆی لە پشتی بوو. بەشێک لەو پڕۆژانەی تا ئێستا بە پەنهانی ماوەتەوە، کەس نازانێت چۆنی کردووە و کاری لە سەر کردووە، هەر لە هاوکاریکردنی ئەو خانوانەی کاتی خۆی هەوڵی ڕووخانی دەدرا لە ناو شاری سلێمانی، بۆئەوەی وەکو توراس و میراسێک بمێنێتەوە، سەرای سلێمانی، مۆزەخانەی نیشتمانیی ئەمنەسوورەکە، سەنتەری گەنجان. زۆرن ئەو پڕۆژانەی، کە بە ڕاستی هێرۆ خان خۆی لە پشتی بووە، بۆ ئەو قۆناغە ئەگەر ئەو نەبوایە تەخت کرابوو، دەکرا بە ئاپارتمانی گەورە، ئێستا سەرمایەداری چاوچنۆک هەمووی قۆستبووەوە بۆ کۆمەڵێک بەرژەوەندیی خۆیان.

**مۆزەخانەی زاموا یەکێک لە پڕۆژە ستراتیژی و کەلتوورییەکانی هێرۆ خان بوو، ئەم مۆزەخانەیە چۆن دامەزرێندرا؟**

کاتێک ئێمە کە پڕۆژەی پەیکارسازان و پڕۆژەی سیرامیکمان هەبوو، زۆری پێ خۆش بوو پڕۆژەیەکیش هەبێت بۆ کاری وێنەکێشان، یان وەک گەلەرییەک، ئەو کاتە وشەی گەلەرییش نەبوو، کە وەک هۆڵێکی گەورە هەبێت نمایشی هەمیشەیی تێدا بێت بۆ شێوەکاران بە گشتی، بیرۆکەکە وا هاتە پێش سەرەتا هەوڵمان دا جێیەک پەیدا بکەین، کە نەبوو دەستمان نەکەوت، من قسەم لەگەڵ کردەوە، گوتی من فکرەیەکم هەیە ماڵی باوکم ئەگەر بەکەڵک بێت، دەیکەین بە گەلەری، بڕۆ سەیرێکی بکە. چووم سەیرم کرد، بە

ڕاستی خانووەکە و جێگەکە و شوێنەکە خراپ نەبوو، بەڵام بە حوکمی ئەوەی چەند ساڵ بوو ئەم شوێنە وەک خۆی مابووەوە، وێران بووبوو، دەکرا نۆژەن بکرێتەوە. لە نۆژەنکردنەوەکەدا، کە قسەمان کرد، گوتم: پێویستی بە چاککردن و ڕێکخستنەوە هەیە. گوتی چیت پێ دەکرێت بیکە. بە ڕاستی من هەموو کات بە ڕاشکاوانە قسەم لەگەڵ دەکرد، باسم لەوە کرد، کە پارە چەندت بەدەستەوەیە و چۆنە، ئیتر سەرمایەیەکی باسکرد، نزیکی ئەو کاتە دووسەد هەزارێکی سویسری، کە هەمووی بەرانبەر دۆلار دوو-سێ هەزار دۆلارێک دەبوو، ئێمە چووینە پڕۆژەکەوە، باوکی ڕەحمەتیم لەبەرئەوەی کاتی خۆی کاری مقاولاتی کردبوو، هێنام و بینی. یەکەم شت شوێنی ڕێڕەوی قادرمەکان زۆر تێک چووبوو، ئەوەی چارەسەر کرد و گەچکاری کرا، بە حوکمی ئەوەی لە ناوجەرگەی بازاڕ بوو کاتی خۆی، ئەو شوێنانە، کە نۆژەن کراوەتەوە، یان هەر بینایەک ڕووخێنراوە، بەشێکی زۆر لە گڵەکەی کەوتبووە سەر سەربانەکەی، یەکەم شت هەوڵمان دا نزیکەی مەتر و نیوێک گڵی زیادە لەو سەربانە لادرا و حەوشە و ماڵ هەمووی پاک کرایەوە. بۆ مێژوو باسی ئەوەیش دەکەم، سەربانەکەی بە نزیکی دە-پازدە سانتیمی سەبێکی کۆنکرێتیمان کرد، چووینە لای کاک تەحسین قادر ئەو کاتە وەزیری پیشەسازی و ئاوەدانکردنەوە بوو، بە هەدیە پێنج تەن چیمەنتۆی داینێ بۆ ئەو پڕۆژەیە. ئەو کارەی کردمان دەوری پەنجا-شەست هەزارێکی سیوسری تێچوو، باقییەکەیم پێشکەشی

خۆی کردەوە، گوتی چۆن بووە؟ گوتم ئاوا بەو شێوەیە کارمان لە سەر کردووە و نەمانهێشتووە زۆری تێ بچێت. زۆر دڵخۆش بوو پێی، فیعلەن پڕۆژەکە دروست بوو. ئەو کاتە کۆبوونەوەیەکمان کرد لەگەڵ برادەرانی بەڕێز ڕەحمەتیی کاک سەروەت ئەنوەر سەوز، کاک خالید ڕەسوڵ و خۆم، ئەوان پێشنیازی ئەوەیان کرد زاموا ناوێکی دێرینە، ئەگەر بکرێت ناوی بنێین گەلەری زاموا، کە دوایی گۆڕدرا بە مۆزەخانەی زاموا. لەوەوە ئیتر هێرۆ خان ڕووی کردە من و گوتی: هەر شتێکت پێ باش بێت، من کێشەم نییە. ناومان نا گەلەری زاموا. گەلەری زاموا ئاوا دروست بوو. ئاوا لەدایک بوو.

هەر دوای زاموا، کۆمەڵێک میوانمان کۆکردەوە لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان، بە تایبەت ئەوانەی هەولێر، ڕەحمەتیی کاک محەمەد عارف و مامۆستا سلێمان شاکر، کاک دارا حەمەعەلی هونەرمەند، کاک فەرهاد پیرباڵ و چەند برادەرێک، کە هاتن لە سلێمانی چاویان بە گەلەری زاموا کەوت، پێشنیازی ئەوەیان کرد بە هەمان شێوە گەلەرییەک لە هەولێر بکرێتەوە. من لەگەڵ هێرۆ خاندا قسەم کرد، گوتی: بۆ نا، من زۆر زۆرم پێ خۆشە، هەر خۆی هێرۆ خان گوتی: ئێمە دەستەی فریاکەوتنی قەڵامان داناوە لە هەولێر، خانووەکان نۆژەن دەکەینەوە و بەشێک لەو شوێنانەی ڕوو لە داڕووخانە ئێمە هەوڵی نۆژەنکردنەوەی دەدەین. جا دەمەوێت لێرەدا باسی ئەوە بکەم خۆی بە تەنها وەک دامەزراوەیەک ئیشی دەکرد، تیمێکی دروست کردبوو دەستەی فریاکەوتنی قەڵای ناو نابوو، دواتر

گوتی: با یەکێک لەو خانوانە بیکەین بە شوێنی گەلەرییەکە. لەگەڵ بڕادەراندا دانیشتین و بە حزووری هێرۆ خان پڕۆژەکە سەری گرت و گەلەریی ئەربێلایش لە هەولێر دامەزرا، بەس داخی گرانم، بە هۆی شەڕی ناوخۆوە کاتێک یەکێتی لە هەولێر نامێنێت، ئەو گەلەرییەیش دەفەوتێت، حەتا بەرهەمەکانی ناو گەلەرییەکەیش بێسەروشوێن دەبن. ئەوە ئەو چیرۆکەیە لە زامواوە پەڕینەوە بۆ گەلەری ئەربێلا، کاتێک ئیفتیتاحی گەلەری ئەربێلایش کرا، لە هەمان کاتدا پەردە لە سەر پەیکەری ئیبن مستەوفییش لە شاری هەولێر لا درا.

**دامەزراندنی مۆزەخانەی زاموا بابەتی تر بە دوای خۆیدا دەهێنێت، کە پڕۆژەی پاراستنی دەستنووسەکانە؛ ئەو پڕۆژەیە چۆن دروست بوو؟**

ئەو ماڵەی، کە کرا بە مۆزەخانەی زاموا، ماڵی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد بووە. کاتی خۆی شوێنی کۆڕ و کۆبوونەوە بووە؛ شوێنی دەرکردنی بەیانات بووە، بۆیە هێرۆ خان زۆری پێ خۆش بوو، کە کار لە سەر پڕۆژەی پاراستنی دەستنووسەکان بکرێت، لەبەرئەوەی هیچ چاپخانەیەک لە کوردستان نەبوو، بەشی زۆری ئەو کتێبانەش، کە چاپ دەکران دەبوایە بچوایەتەوە بەغدا، بە تایبەت بۆ فەرزی ئەلوان و کاری تەکنیکی، بە گشتی شوێنێک نەبوو کتێبەکانیان تێدا چاپ بکەن. ئەو بیری لە پڕۆژەیەکی بچووک کردەوە، هیچ نەبێت دەستنووسەکان بۆ قۆناغی یەکەم چاپ بکرێت. هەر بە فۆتۆکۆپی

چل-پەنجا نوسخە بە نووسەرەکان بدرێت، بۆئەوەی دەستنووسەکان لەو قۆناغەدا نەفەوتێت. ئەوە بوو هەر لە ناو مۆزەخانەی زاموا پڕۆژەی پاراستنی دەستنووسەکانمان دامەزراند و چاپکردن گەیشتە زیاد لە حەفتا کتێب بە تیراژی کەم بۆ کۆمەڵێک لە نووسەران چاپ کرا. بە ڕاستی بۆ ئەو کاتیش من تەکلیفم لە هەندێک لەو برادەرانە کرد چاوخشاندنەوەیەک بەو بابەتانەدا بکەن بۆ چاپکردن، ئەو پڕۆژەیە بە تەنها بە یەک جیهازی ئیستنساخ و کۆمپیوتەرێک بەڕێوە دەچوو، ئەو بەرهەمانە بە جۆرێک بوون هەندێک لە برادەرانی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیگەران بوون دەیانگوت دیارە هێرۆ خان سەرمایەیەکی وای لە بەردەستایە، وا کۆمەڵێک ئیش دەکات، بۆ لە ناو مەکتەبی سیاسی و یەکێتی خۆیدا ناتوانرێت بکرێت. بە ڕەحمەت بێت دکتۆر کەمال فواد گفتوگۆیەکی وەهای لەگەڵ هێرۆ خان کردبوو، بانگی کردم و گوتی پڕۆژەی دەستنووسەکان بۆ کاک دکتۆر کەمال باس بکە. ئیتر بۆم گێڕایەوە چۆنە و چۆن نییە و تێچووەکانم پیشان دا ئێمە بەس بە ئیستنساخ و کۆمپیوتەرێک ئەوە دەکەین و بەڕێوە دەچێت، ئیتر هەتا لەوێ ڕووی کردە هێرۆ خان پێی گوت سەرمایەیەکی مرۆیی زۆر جوانت لە لایە، هیوادارم چاوت لەو گەنجانەوە بێت، ئاوا بە پەرۆشەوە کارت لەگەڵ دەکەن. گوتی من ئەم جارە چوومە مەکتەبی سیاسی ئەم چیرۆکە بۆ هەموویان دەگێڕمەوە، کە هێرۆ خان چۆن کار دەکات، جیاواز لەوەی ئێوە بیری لێ دەکەنەوە، چونکە وەک گوتم هەر سەرەتا بە دەستمایەی کەم

پڕۆژەی بچووکی دەکرد، بەڵام دەنگدانەوەی گەورەی لێ دروست دەکرد. بۆ نموونە لێرەوە باز بدەم بۆ شتێک باسی بکەم، هێرۆ خان بۆ یەکەم جار توانی کامکارەکان دەعوەت بکات، ئەمە هەر خۆی جێگەی بایەخدانێکی گەورە بوو بە هونەر و گۆرانی، بەڵام بۆ خۆیشی دەنگدانەوەیەکی گەورەی دروست کرد لە ڕێگەی خاکەوە دەعوەتنامە نێردرا و هاتن میوانداریيەکی گەورە کران و پردێکی پەیوەندیی زۆر جوانی لە نێوان باشوور و ڕۆژهەڵاتدا دروست کرد. ئەم پردە هونەرییە، کە هێرۆ خان بیری لێ دەکردەوە بمانەوێت و نەمانەوێت باکگراوندێکی سیاسی و مێژوویی خۆیشی هەبوو، ئەو دەیتوانی بە زمانی بەرزی هونەر زۆر شتی جوان پێکەوە گرێ بدات، بە دوای ئەوەدا چەندین هەنگاوی تری لەو بوارەدا ناوە، چەندین گرووپ و کەسایەتی بانگهێشت کراون، ئەمەش پەیوەندی بەو هەستە بەرزەی خۆیەوە هەبوو، هێرۆ خان هەمیشە دەیویست لەوێوە خزمەتی گەورە پێشکەش بکات.

**پێش ٣١ی ئاب هێرۆ خان بیرۆکەی ئەوەی هەبووە، کە بەرنامەیەک ئامادە بکات، هەم پێشکەشی بکات، کە ئەمە دەبێتە بناغەیەک بۆ دامەزراندنی تەلەفزیۆنی خاک، لەگەڵ بەڕێزت باسی ئەو بەرنامەیە دەکات. چۆن ئەمە بووە بناغەی دامەزراندنی تەلەفزیۆنی خاک؟**

کاتێک لە چەند پڕۆژەیەکدا یەکمان گرتەوە، ڕۆژێک هێرۆ خان باسی ئەوەی کرد، گوتی من فکرەیەکم هەیە ڕووی کردە من و گوتی بۆ تەلەفزیۆن سیازدە زنجیرەم ئامادەیە، دەمەوێت هەم ئامادەی بکەم، هەم پێشکەشی بکەم. زۆرم پێ باشە، کە تۆ بۆچوونی خۆتم پێ بڵێیت، وەک هاوڕێ پرس و ڕا و ڕوێژمان دەکرد، گوتم وەڵڵا من زۆر لەگەڵ ئەوەدام ئامادەی بکەیت، بەڵام وەک پێشکەشکار پێم باش نییە. گوتی وەڵڵا مامیش هەر وای گوتووە، پرسی تریشم کردووە، هەر بۆ خۆم پێشکەشی نەکەم، گوتم من هەر وەکو ڕایەک دەڵێم، خۆت چی بە باش دەزانیت ئەوە بکە، بەڵام من پێم باشە هەر وەک ئامادەکار لە پشتی ئەو بەرنامانەوە بیت، کە خەیاڵی خۆتە. ئیتر ئەو باسی ئەوەی کرد گوتی زۆر فەراغی گەورە هەیە و زۆر پەیامیش هەیە، کە پێویستە لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەوە بیگەیەنین. پڕۆژەکە سەری نەگرت، شەڕی ناوخۆ ڕووی دا و ٣١ی ئابی بەدوادا هات. ئیتر ئەم ناوچەیە شێوا، ئێمە چووینە قاسمەڕەش و زەڵێ، لەوێ ڕۆژێک بینیم باسی ئەوەی کرد گوتی وەرە ئەو فکرەی بەرنامەیەی، کە هەمبووە، ئێستا گۆڕیومە بۆ دانان و دامەزراندنی تەلەفزیۆنێک، قسەم لەگەڵ خەباتیش کردووە، پێشتر لەگەڵ یەک-دوو برادەری تریش، بەڵام تێچووەکەی زۆرە، بەس خەبات نرخێکی پێ گوتووم دڵخۆشکەرە، تەلەفزیۆنێک دادەمەزرێنین و پێم خۆشە ئێوە لەگەڵمان بن. منیش گوتم وەڵڵا پێم خۆشە، بەڵام من هیچ ئەزموونێکی کاری ڕاگەیاندنم نییە و لەوانەیە ئەم پڕۆژەیە زۆریش ئاسان نەبێت. بە

هەر حاڵ، ئیتر ئەوە بوو دوای ئەوەی دۆخەکە ئاسایی بووەوە و شەڕی ناوخۆ نەما، کە گەڕاینەوە سلێمانی پەیوەندییەکی تەلەفۆنیم بۆ هات ئەو کاتە تەلەفۆنی نۆرماڵمان هەبوو، هەواڵی پرسیم لە کوێیت؟ گوتم لە ماڵم. لە ڕێگەی کاک عادل و ئاشقەوە ناونیشانەکەی وەرگرت، ئیتر هاتن لە ماڵەوە کۆبوونەوەیەکمان کرد باسی بیرۆکەی تەلەفزیۆنەکەی کرد، بە ڕاستی من لەبەرئەوەی تەجرووبەم نەبوو، گوتم لەگەڵتان دەبم بۆ پێنج-شەش مانگێک، دوای ئەوە من بچمەوە سەر ئیشوکاری خۆم هەر وایشم بیر کردەوە، کە لە خاک ئاوا لەگەڵی بم، گوتی با دەست پێ بکەین، خوا گەورەیە، ئیتر بە ڕاستی هەر ئەو دەستپێکردنە بوو لەوانەیە پازدە بۆ بیست ساڵی تەمەنی خۆم بۆ تەرخان کردبێت لەگەڵ هێرۆ خان و لە تەلەفزیۆنی خاک. خاک ئاوا دامەزرا و وەک باسم کرد سەرەتاکەی بە کۆمەڵێک لەو برادەرانە، کە دەستمان پێ کرد کۆ بووینەوە، دەتوانم ناوی هەموویان بهێنم کاک: خەلاتی عومەری ئەمین[٤]، ئەوە برادەری خۆم بوو، کە باسی تەلەفزیۆنەکە کرا، من قسەم لەگەڵ کرد، زۆری پێ خۆش بوو. کاک دکتۆر شێرکۆ، کە لە ڕێگەی کاک دکتۆر نەوزاد ڕەفعەتەوە هات. ئاکۆ غەریب، کە خۆم دەمناسی، برادەری پەیمانگامان بوو، ئەو چوار-پێنجە بوو، دواتر کاک باست حەمە غەریب، کە هاتە ناو کایەکە، بۆردێکمان دروست کرد بۆردی بەڕێوەبردنی تەلەفزیۆنی

٤ خەلات عومەر نووسەر و شارەزا لە بواری کەلتووری سیاسیدا، لە ساڵی ١٩٧٠ لە لەدایک بووە، ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری ناوەندی چاپەنی و ڕاگەیاندنی خاک بووە، لە ٢٠٢٦/١/١٧ بەر لە ئەنجامدانی چاوپێکەوتن بۆ ئەم پڕۆژەیە کۆچی دوایی کرد.

خاک، ئیتر لە خاک کۆمەڵێک بەرنامە و پرۆگرام کرا، ئێمە ڕاستە بۆرد بووین، بەڵام زۆر جار ئامادەکاریش بووین بۆ ئەو بەرنامانەی، کە گرنگ بوو بکرێت و پڕۆژەی پاراستنی دەستنووسەکانیشمان هێنایە ناو خاکەوە، هەر لە خاک سەرەتاکەی کە دامەزرا، بیرۆکەی دامەزراندنی گۆڤاری سیخورمە دروست بوو لە نێوان هێرۆ خان و دکتۆر شێرکۆ، بۆیە یەکەم کۆبوونەوە، کە من پەیوەندیم لەگەڵ کاک شێرکۆ کرد بۆ گۆڤاری سیخورمە، چاکم بیرە ئەو ئێوارەیە بەڵێنێک هەبوو دەوری کاژێر پێنج لە مۆزەخانەی زاموا بێت و هێرۆ خان بێت، دکتۆر شێرکۆ هات، هێرۆ خان دواکەوت، دکتۆر شێرکۆ ڕووی تێ کردم بۆ مێژوو گوتی بە خوا ڕەنگە لەوە ناچێت هێرۆ خان جدی بێت لەم پڕۆژەیەدا. گوتم تۆ سەبرت هەبێت، لەوانەیە ئێستا بگات. خەیاڵی ئەوەی هەبوو بڕوات، وای دەزانی نایەت، هێرۆ خان هات و یەکەم کۆبوونەوەیان کرد. ئیتر ئەو یەکەم کۆبوونەوەیە بوو بەو پڕۆژە گەورانەی لە خاک لەدایک بوون (گۆڤاری سیخورمە، گۆڤاری خاک، سۆما و ڕادیۆی خاک) ئەمانە هەمووی بە ڕاستی قۆناغ قۆناغ دروست بوو بۆ خۆیشی هەر بە بچووکی دەستی دەدایە، بەڵام دواتر پڕۆژەکان گەورە دەبوون.

## بیرۆکەی گۆڤاری خاک[٥] چۆن هاتە ئاراوە؟

٥ گۆڤاری خاک، گۆڤارێکی هەمەڕەنگی کەلتووری بوو، ناوەندی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی خاک دەری دەکرد. خاوەنی ئیمتیاز هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد بوو. یەکەم ژمارەی لە (١)ی تەموزی ساڵی (١٩٩٧) دەرچوو.

لە تەلەفزیۆنی خاک بووم، هێرۆ خان لە سکرتاریەتەوە پەیوەندی کرد و گوتی کۆبوونەوەیەکمان هەیە دووبەدوو، کە چووم باسی لەوە کرد، کە زۆر لە کەناڵە جیهانییەکان، یان دەزگاکانی ڕاگەیاندن گۆڤاری تایبەت بە خۆیان هەیە، بیرم لەوە کردووتەوە گۆڤاری خاکمان هەبێت و تۆیش تێیدا سەرنووسەرەکەی بیت. بە ڕاستی من هەر ئەو کاتەیش کۆمەڵێک پڕۆژەش لە ئەستۆم بوو، ویستم لەو پڕۆژەیەش دەربچم، ئیتر گوتم لەوانەیە کەسانی تر هەبن. گوتی نا، هەر وەک پڕۆژەکانی تر خۆمان دەست پێ دەکەین، دواتر بیر لەوە دەکەینەوە. ئیتر بە ڕاستی من فکرەی ئەوەم هەبوو نەیەمە پڕۆژەکە و لێی دەربچم، گوتم منیش مەرجێکم هەیە، تۆ لە هیچ پڕۆژەیەکدا نە ناوت هەیە، نە باست هەیە، نە خۆت دەردەخەیت، دەبێت تۆ خاوەن ئیمتیازەکە بیت. یەکسەر گوتی باش. ئیتر من هیچ قسەیەکم نەما. گوتی من خاوەن ئیمتیازەکەم. گوتم ناوت لە سەر گۆڤارەکەیش دەبێت. گوتی باش. ئیتر مۆڵەتەکەیمان وەرگرت، ئێستایش ئەو وەرەقەیەی کە مۆڵەتی دەرچواندنی گۆڤاری خاکمان لە سەر وەرگرت ماوە. ئیتر لە دواییدا وەک بەڕێوەبەری نووسین ناوی خۆم دادەنا. هێرۆ خان وەک خاوەن ئیمتیاز تا نزیکەی بیست ژمارە، من هەر تێیدا وەک بەڕێوەبەری نووسین ناوم هەبوو. دواتر بوومە بەڕێوەبەری هونەری لە گۆڤارەکە و تەمەنێکمان بۆ ئەو گۆڤارەیش تەرخان کرد، بەڵام گۆڤارەکە بۆ ئەو سەردەمە دەنگدانەوەیەکی باشی هەبوو.

**هێرۆ خان لەو قۆناغە سەختەی بارودۆخی کوردستاندا بیری لەوە کردەوە کەناڵێکی هەمەڕەنگی خێزانی دروست بکات، (تەلەفزیۆنی خاک) هۆکارەکەی چی بوو؟**

هێرۆ خان زۆر حەزی بەوە دەکرد سەکۆیەکی ئازاد هەبێت کۆکەرەوەی هەموو ڕەنگەکان بێت، یەکێک لەو شتانەی لە هێرۆ خاندا زۆر جوان بوو، قەت پێویستی بەوە نەبوو ئەو کەسانەی لەگەڵیدا کار دەکەن لایەنگریی سیاسییان هەبێت و لە یەکێتی بێت، یان وەکو خۆی بیر بکاتەوە، بە لاتانەوە سەیر نەبێت من تا ئێستاش ئینتمای سیاسیم نەبووە وەکو کاری ڕێکخراوەیی کار بکەم و بچمە کۆڕ و کۆبوونەوە سیاسییەکان، کۆڕ و کۆنفرانسەکانم هەر نەدیوە، بەڵام زۆر نزیک بووین لە یەکترەوە، لەبەرئەوەی خاڵی هاوبەشی ئێمە کارکردن بوو جیا لە ئایدۆلۆژیا و بیرکردنەوە. واتە بیرکردنەوەی خۆمان زۆر ئازادانە بووە، ئازادییەکی ڕەهامان هەبوو. هێرۆ خان کە ویستی تەلەفزیۆنی خاک دابنێت، دەیزانی کۆمەڵێک کەموکورتی هەیە، ئیتر چ سەر بە حیزب بێت، یان سەر بە بەڕێوەبردنی هەیئەی ئیدارەی خۆجێیی و حوکمەت و ئەوانەوە بێت، جگە لە گۆڤاری سیخورمە، کە گۆڤارێکی تەنز بوو، دەیویست میمبەرێکی ئازادیش هەبێت کۆمەڵێک بەرنامەی تێدا بێت بەرنامەکان کاریگەری هەبێت لە سەر دیاردە نەرێنییەکان و هەم کاریگەری هەبێت لە سەر ئەو شتە باشانەی، کە گرنگە پەیڕەو بکرێن، هەندێک بابەتی تەرفیهییشی تێدا بێت، دەیویست بەرنامەکان ئامانجدار بن،

بەرنامە مێژووییەکان خۆی بایەخی پێ دەدا و من یەکێک بووم لەو کارەکتەرانەی لە بەرنامە مێژووییەکان بەشی شێرم بەرکەوتبوو. ئێستایشی لە سەر بێت، ئاوڕ لە مێژووی ئەرشیفی خاک بدەیتەوە، زۆر بەرنامە هەیە، کە من تێیدا کارم کردووە، ئەمە ئیعازێک لە هیرۆ خانەوە بوو، کە پێی باش بوو بایەخی زۆر گەورە بەم لایەنە بدەم و بایەخی زۆر گەورەیشم پێ دەدا. بە ڕاستی لەگەڵ چەند هاوکارێکی بەڕێزدا، کە کارمان دەکرد بۆ ئەو سەرەتایە، توانیمان کۆمەڵێک بەرنامەی جوان پێشکەش بکەین و ئامادەی بکەین. من بەردەوام دەوری ئامادەکارم دەبینی، ئامادەکارێک بووم بەس بە دڵ و بە گیان چوومە ناو کارەکانەوە. زۆربەی زۆری دەبوایە خۆم مەیدانی بچوومایە لەگەڵ پێشکەشکارەکان و بەشێکی زۆری ئەو بەرنامانەی پێشکەشکاری نەدەویست، خۆم ئامادەکاری بووم، بەڵام هێرۆ خان زۆر بایەخی بەو لایەنە دەدا. ئەم هۆکارانە وای کرد کە خاک بە ڕاستی دەنگدانەوەی گەورەی هەبێت. ئەگەر خەڵک دەنگی ناڕەزایی هەبوایە، لە جیاتیی خۆپیشاندان دەهاتنە بەردەم خاک. زۆر جار داواکارییەکانیان لەوێوە ئاراستە دەکرد. زۆر جار ئەوانەی دەهاتنە خاک، ڕاستەوخۆ دەخرانە ستۆدیۆ دەیانگوت چیت هەیە بیڵێ، ئەمە بۆ خۆی دەتوانم بڵێم یەکەم هەنگاو بوو خواستی خەڵک دەنگی خەڵک بە شێوەیەکی زۆر ئازادانە بەبێ هیچ سڵەمینەوەیەک بگەیەنێت. ئەمانەیش هەمووی لە سایەی هێرۆ خانەوە بوو.

من نایشارمەوە، هێرۆ خان دواجار ئەرکە حیزبییەکانی گرتە ئەستۆ، بوو بە بەرپرسی مەڵبەند و مەکتەبی سیاسی. من یەکێک بووم لەوانەی، کە هەرگیز لەگەڵی نەبووم، ئێستاشی لە سەر بێت پێم خۆش نەبوو، چونکە ئەو لە دەرەوەی ئەو کایە خزمەتی زۆرتری پێشکەش دەکرد. زۆر جار ناکۆکیی زۆر گەورەمان هەبووە، ڕێک نەبووین، لەوانەیە ناکۆکییەکان وای کردبێت هەتا دەنگدابڕانی دروست کردبێت، بەڵام لێکترازان دروست نەبووە، ئەمە خۆشە لە کارکردن، تۆ کەسێکت هەبێت بەرپرسی یەکەمی دەزگایەک بێت، بەڵام ئەوەندە ئازاد بیت بتوانیت سەربەرزانە و ئازادانە قسەی خۆت بڵێیت، بەبێ ئەوەی گرژییەک و ئاڵۆزییەک دروست بکات، من بۆ خۆم لەوانەیە ناکۆکیم زیاتر بووبێت لە ڕێککەوتنەکانم لەگەڵیدا.

**یەکێک لە کارەکانی هێرۆ خان، کە پێشتریش ئاماژەت پێ کرد، زۆر دیار نییە، بەڵام زۆر هاوکاری نووسەران و هونەرمەندان بووە، لەو هاوکارییانەیش بەڕێزت بەشدار بوویت لە دروستکردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ هونەرمەندانداا. ئەم هاوکارییانە چی کاریگەرییەکی لە سەر ژیان و ڕەوتی کاری هونەرمەندان دروست دەکرد؟**

یەکێک لە خەسڵەتە جوانەکانی هێرۆ خان لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە هەمیشە دەیویست ئاستی کارکردنی خۆی لەگەڵ ئاستی هەندێک لەو کەسانەدا بە یەکسانی ببینێت، لەوانەیە زۆر جار پێی خۆش بووبێت لە

جیاتیی ئەوەی خەڵکانێک سەردانی بکەن خۆی سەردانیان بکات، ئەمە لەوەوە هات مۆزەخانەی زاموامان دامەزراند. من پێشنیازی ئەوەم بۆ کرد هەندێک خەڵک هەیە لەوانەیە سەردان و بەسەرکردنەوەیان هەبێت، زۆر باش بێت. یەکسەر داواکەی قبوڵ کرد. سەردانی کۆمەڵێک کەسمان کرد، ئەوەی لەیادم بێت بۆ یەکەم جار چووینە ماڵی ڕەحمەتیی سەروەت ئەنوەر سەوز، کە بارودۆخی ماڵ و ژیانی بینی هاوکارییەکی باشی کرد، یەکێک لەو هونەرمەندانەش بوو لە مۆزەخانەی زاموا مایەوە، سەردانکردنی ماڵی مامۆستا محەمەد عارف چەند جارێک، لە هەولێر ماڵی دارا حەمە عەزیز، کەمال شاکر، زۆرێک لەو برادەرانە، لە سلێمانی سەردانی تیپ و گرووپە هونەرییەکانمان دەکرد. من زۆر ئاگام لێ بوو، کە پێشنیازی هەر شوێنێکمان دەکرد لە سەردان و بەسەرکردنەوە، زۆری پێ خۆش بوو. هەتا جارێک سەردانی ماڵی کاک شێرزاد حەسەنمان کرد، لەبەرئەوەی لە سەر هەندێک لە چیرۆکەکانی تەیاری فکری ئیسلامی نیگەران بوون، تۆزێک خەمی ئەوەی هەبوو بکەوێتە بەر ناڕەحەتی و وەزعێکی ناخۆش، ئەو سەردانیکردنەش هەر مەبەستی ئەوە بوو پێی گوت هەموو شتێک لە پشتی تۆیە و ئەگەر بشتانەوێت پاسەوانی تایبەتت بۆ تەرخان دەکەن، بۆئەوەی ژیانت پارێزراو بێت. کاک شێرزاد ئەوەی ڕەت کردەوە، بەس گوتی هاتنی خۆت هەموو شتێکە، ئەو بیویستایە سەردانی هەر کەسێک بکات مەبەستێکی تایبەتی هەبوو، دەیشیویست نیشانی بدات. هێرۆ خان ئەمانەی زۆر

پێ خۆش بوو، بە ڕاستی چۆن دەڵێیت وەکو کەسێک بێتە ئەودیو سنوورەکانی سیاسەت و حیزبایەتی و دەسەڵات، هەتا لەو قۆناغەی من کارم لەگەڵ دەکرد وەکو خۆم قۆناغی ڕێنیسانسی ئیشکردنمان بوو، ناسناوی (دایکی کورد)یان پێ بەخشیبوو، لە زۆر شوێن دەیانگوت حەقە پێی بگوترێت (دایکی کورد). ئەمە بۆ موجامەلە نەبوو، لە پێناو ئەو خزمەتە گەورانە بوو، کە پێشکەشی دەکرد.

**پەیوەندیی نێوان بەڕێزت و هێرۆ خان چۆن بوو، کە بوویت بە بەڕێوەبەری تەلەفزیۆنی خاک؟**

لەو قۆناغانەی، کە کارمان دەکرد بۆردی تەلەفزیۆنی خاک بە هەموو ئەو ناکۆکییە ناوخۆییانەی هەبوو، بە شێوەیەکی باش بەڕێوە دەچوو، بەڵام داخی گرانم، لە دوای ساڵی ۲۰۰۹ بۆ ۲۰۱۰ خاک ڕاوەستا، لەبەرئەوەی هەم سەرچاوەی مادی لێ بڕابوو، هەم توانای نەبوو، بەڵام کاتێک کە دامەزرایەوە، بە شێوەیەک دامەزرایەوە من لە ڕێگەی برای بەڕێز مامۆستا خالقییەوە پەیوەندیم پێوە کرا، کە تەلەفزیۆنی خاک دادەمەزرێتەوە، هاوکاری بم. پێم خۆش بوو، دواتر پێشنیازی بەڕێوەبەرم بۆ کرا، بە ڕاستی من زۆر لەگەڵ بەڕێوەبردنەکەی نەبووم، چونکە لە خەمی ئەوەدا بووم خاک دووبارە بکەوێتەوە بەر ئەزمەیەکی تر و هەندێک وەزع هەبوو پەیوەندی بە شێوازی ئیشکردنی خۆمانەوە هەبوو. دوای دانیشتنێک بە ئامادەبوونی مامۆستا خالقی و هێرۆ خان، ڕێک کەوتین لە سەر ئەوەی میکانیزمێکی نوێ لە ئیشکردن بگرینە بەر،

هەتا خاک جارێکی تر بێتەوە ناو خەڵک، فیعلەن وایشمان کرد؛ ئەو کەناڵە هەر بەو بوجەیەی بۆی تەرخان کرابوو توانیمان بۆ قۆناغی یەکەم سیستمەکەی بکەین بە ئێجدی بە هەمان بوجە ناکۆکییەکی گەورە دروست بوو، ئەویش داخەکەم ئینسان دەبێت لە دەربڕیندا ڕاستگۆ بێت، ململانێکانی ناوخۆ، قسەهێنان و قسەبردن، ئەو بڕوای نەکردبوو چۆن، بە چ پارەیەک؛ دوایی بۆمان ڕوون کردەوە دڵی خۆش بوو. دوایی بیرمان لەوە کردەوە کەناڵی منداڵان و کەناڵی تر هەبێت، هەر بە هەمان بوجە خاکمان کرد بە پێنج کەناڵی لۆکاڵی، ئەوەیش هەر ناکۆکی لێ کەوتەوە، بەڵام دواتر هەرچۆنێک بێت چارەسەر کرا. ئەزموونی کارکردنم، بە تایبەت لەگەڵ هێرۆ خان، بە داخەوە تا نەخۆشکەوتنەکەی باش بەڕێوە دەچوو، بەڵام دوای نەخۆشکەوتنەکەی گەیشتە ئەوەی ئێستا ستافی تر و کۆمەڵێک گەنجی جوان بەڕێوەی دەبەن، بەڵام ئەگەر هیرۆ خان خۆی لە ناو وەزعەکاندا بوایە، تەسەور دەکەم لە ئێستا باشتر بوایە. ئێستا گلەیی ئەوەم نییە، نیگەرانی ئەوە نیم، کە بڵێم خاک خراپە؛ نا، بەو ئیمکانیەتە کەمە خاک دەنگدانەوەیەکی گەورەی هەیە و ئەو بۆردەی ئێستا بەڕێوەی دەبەن بەو ئیمکانیەتە کەمەوە توانیویانە هەنگاوی زۆر گەورە بنێن، توانیویانە حزووری خاک وەک کەناڵێکی لۆکاڵی بەو جوانییەی خۆیەوە بەو سەرەتا و ئەفکارانەی، کە لە پێشتر خاک هەیبووە دروستی بکەنەوە و بەردەوامی هەبێت.

# هێرۆ خان بناغەی کەلتوورسازی لە کوردستان بنیات نا

ئاکۆ غەریب

**سەرەتای یەکترناسینتان لەگەڵ هێرۆ خان بۆ ساڵی چەند دەگەڕێتەوە؟ لە کوێ بوو؟ بابەتی یەکترناسینەکەتان پەیوەندی بە چییەوە هەبووە[٦]؟**

ئەوەندەی بیرم مابێت، ناوەڕاستی ساڵی ١٩٨٨ لە دەوری مانگی نۆ بوو، لە قاسمەڕەش یەکتریمان بینی. لەوێ یەکتریمان ناسی، باس و خواسەکەمان زۆرتر باسی هونەر و وێنەکێشان و تابلۆ و ئەوانەمان دەکرد. پێشتر یەکتریمان بینیبوو، بەڵام ئەوە یەکەمین جار بوو گفتوگۆ و قسە بکەین، ئەویش کاتێکی کەم بوو، بەڵام دواتر وردە وردە پەیوەندییەکانمان چووە پێشەوە و دوو جار هاتە سەقز، لەوێیش یەکتریمان دەبینی. دواتر لە دوای ڕاپەڕینیش من ئەو کات لە ساڵی ١٩٩٠ چوومە سووریا، دوای ئەوەی لەگەڵ سەرۆک مام جەلال گەڕاینەوە لە کاتی ڕاپەڕین جارێکی تر لە زاخۆ یەکتریمان بینییەوە، ئیتر بەو شێوەیە هەمیشە، کە یەکتریمان دەبینی هەر باسی پڕۆژە و باسی هونەر بوو.

**بێگومان لە دوای ڕاپەڕین وەرچەرخانێکی گرنگ لە بواری کەلتووری هونەریدا لە کوردستان هاتە ئاراوە، با بڵێین دەرفەتێکی باشتر هەبوو بە هۆی ئەوەی ڕژێمی بەعس لە باشووری کوردستاندا نەما، یەکەمین دەستپێکی کاری هونەریتان لەگەڵ هێرۆ خان لە دوای ڕاپەڕین لە شاری سلێمانی لە چییەوە دەستی پێ کرد؟**

٦ ئاکۆ غەریب، هونەرمەندی شێوەکار، ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری ناوەندی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی خاک.

لەبەرئەوەی بارودۆخێکی زۆر ناجێگیر هەبوو لە کوردستان، لەو سەردەمەدا من گەڕامەوە و چوومەوە بارەگای ئیعلام، ئەو کات بارەگای ئیعلام لە گەلاڵەی حاجی ئۆمەران بوو. زۆر نەماندەتوانی یەکتری ببینین، بەڵام ئەوەی کە لەبیرمە لە کاتی کۆڕەو بنکەی سەرۆک مام جەلال هاتە ماوەت، ئێمەیش ئیزاعە ٤١ مەترییەکەمان چوو بۆ ماوەت، لە ناو ئیڤایەکدا بوو، من کە چوومە ماوەت، ئیتر لەوێ گیرساینەوە و هەموو پێکەوە بووین، زۆربەی کات ئێمە لەگەڵ هێرۆ خان یەکتریمان دەبینی و باس و خواسمان دەکرد، تەنانەت زۆر باسی پڕۆژەمان دەکرد، زۆر باسی هونەر و باسی ئەوانەمان دەکرد، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ کوردستان، بە تایبەتی سلێمانی چی بکەین و چی نەکەین. ئەو خەونی زۆر گەورە گەورەی هەبوو، ئێمەیش بە هەمان شێوە، هەمان ئەو خەونەمان هەبوو. هەموومان پێکەوە چۆن وا بکەین کارێک بکەین هەم هونەر هەم ئەدەب هەم باری ڕۆشنبیری لە وڵاتەکەدا بەرەوپێشەوە ببەین. فەترەی ماوەت زۆر پێکەوە بووین، بەردەوام یەکتریمان دەبینی، تەنانەت سەرۆک مام جەلال_مان دەبینی پێکەوە زۆر قسەمان دەکرد، دواتر ئێمە لە ماوەت ڕۆیشتین چووینە گەلاڵەی حاجی ئۆمەران، تۆزێک دوور کەوتینەوە لە یەکتر، لەبەرئەوەی شوێنەکە دوور بوو نەماندەتوانی زۆر بە ئاسانی یەکتر ببینین، بەڵام لە دواییدا ئێمە گەڕاینەوە بە تەواوی بڵێین هاتینەوە ناو شار، ساڵی ١٩٩٢ تەلەفزیۆنی گەلی کوردستانمان لە هەولێر دامەزراند. من بووم بە یەکەمین بەرپرسی

تەلەفزیۆن، ئەو کاتە هەم خاڵە خەباتم لەگەڵدا بوو وەکو هونەری، هەم بە ڕەحمەت بێت مام ساڵح، ئێمە ئەم سیانەمان ڕۆشتین بۆ هەولێر، تەلەفزیۆنمان لەوێ دامەزراند.

لێرەدا حەز دەکەم یادگارییەکی خۆشتان بۆ بگێڕمەوە، ئەو ڕۆژەی کە ئێمە ڕۆیشتین درەنگانێکی ئێوارە گەیشتینە هەولێر، چووینە لای کاک کۆسرەت یادی بەخێر، گوتمان ئێمە هاتووین تەلەفزیۆنەکە دابنێین، چونکە پێشوەخت سەرۆک مام جەلال بڕیاری دابوو تەلەفزیۆن لە هەولێر دابنێین، بەڵام ئەو سەفەرێکی کردبوو، گەیشتەوە تورکیا لە تورکیاوە بروسکەیەکی کردبوو گوتبووی تەلەفزیۆنەکە دامەزراوە لە هەولێر؟ هیچ یەکێک لەو برادەرانە نەیانوێرابوو بە سەرۆک مام جەلال بڵێین نا، هەمووی گوتبوویان بەڵێ دامەزراوە. ئیتر ئەوە بوو بە پەلە ئێمە ڕۆشتین، کاک قادری حاجی علی ئەو کات بە ڕەحمەت بێت بەرپرسی بەرەی کوردستانی بوو لەوێ، کاک عەباسی ڤیدیۆ و برادەران بە دوای مندا گەڕابوون، بۆئەوەی من بنێرن بچینە هەولێر لە هەولێر تەلەفزیۆن دابمەزرێنین. بە هەر حاڵ، ئێمە کە چووین تەلەفزیۆنمان دامەزراند. ئەو برادەرانە بە ڕەحمەت بێت شەهید حەسەن کوێستانی و شەهید ڕێباز زۆر هاوکارمان بوون، ئەو کات ئەوان هەموو لەوێ بوون، تەلەفزیۆنەکەمان دانا لە قەڵا Transfuser حکومەت هەبوو، کە پەخشی تەلەفزیۆنی حکومەتی دەکرد لە هەولێر، ئەو Transfuser لە قەڵا لە ماڵێکدا دانرابوو، ماڵەکە دەرگاکەیان بە قفڵ داخستبوو. ئەو سەردەمە

کۆمەڵێک پێشمەرگەی برادەرانی پارتی حیمایەی ئەو شوێنەیان دەکرد. بە هەر حاڵ، زۆر ناچمە ناو تەفاسیلەوە، ئیتر ئێمە چووین ئەو قفڵەمان شکاند و چووینە ژوورەوە. کێشەی گەورەمان ئەوە بوو پێویستیمان بە تەلەفزیۆنێک بوو دایبنێین، تەلەفزیۆنەکە لە ماڵی دراوسێیەک تەلەفزیۆنێکی شرۆڵەیان هەبوو، هێنامان بەوە مام ساڵح و کاک خەبات تێستیان کرد. ئێمە ئاڕمەکەی یەکێتیمان پێ بوو، لەگەڵ سروودەکاندا کاسێتێکمان خستە سەری، لەبیرمە چووینە یانەی ئەندازیاران و لەوێ نانمان خوارد. ڕۆیشتین سەیرمان کرد یانەکە چۆڵ بووە و مێزەکانیش هەمووی خواردنی لە سەرە و کەسی لە سەر نەماوە، تەلەفزیۆنەکەیش ئاڕمەکەی ئێمە دەڕوات و مانشێتەکەی یەکێتی دەڕوات و خەڵک هەمووی وایزانیوە سەرۆک مام جەلال ئینقلابی کردووە و تەلەفزیۆنی حکومەت نەماوە. بە هەر حاڵ، بەو شێوەیە تەلەفزیۆنمان دامەزراند. ئێمە لەوێ ماینەوە، ئەو کات کەوتینەوە پەیوەندی لەگەڵ هێرۆ خاندا یەکتریمان دەبینی، بە تایبەت ئەو کاتانەی سەرۆک مام جەلال زوو زوو داوای دەکردین، من بگەڕێمەوە قەلاچوالان و بیبینم. هەموو جارێک کە دەڕۆیشتم لەوێ هێرۆ خانیشم دەبینی. ئەو کە ئێمەی دەبینی، هەستی دەکرد هەندێک کار هەیە هیی ئێمە نییە، کاری ئێمە کاری هونەرە و زۆر حەزی دەکرد هەموومان لە یەک شوێندا کۆ ببینەوە و تەرکیزمان لە سەر ئەوە بێت کارە ئەسڵییەکەی خۆمان بکەین. ئەمە بەردەوام بوو هەتا وای لێ هات ئێمە گرووپێکمان دروست کرد، گرووپێکی هونەری

بـوو بـە نـاوی کۆمـەڵـەی (هـەشـت). کـاری هونەریمان دەکـرد و پێشانگامان دەکردەوە. من کۆمەڵێک کارم کردبوو، باسی فەترەی قۆناغی ئەنفالەکان دەکات و شەڕەکانی سەرکردایەتی، کە ئێمە چۆن پاشەکشەمان کرد و خەڵکێکی زۆر لە ناو ئەو بەفرەدا ڕەق بووەوە، هەتا ئاژەڵەکان ڕەق دەبـوونـەوە، کارەساتێکی زۆر گـەورە بوو، کەمترین ئاماژەی پێ کراوە لە مێژووی ئێمەدا بە داخەوە. من ئەوەم کردبوو بە کۆمەڵێک تابلۆ وەکو پانۆرامایەک پیشانم دابوو. هێرۆ خان ئەو لەوحانەی لە ماوەت بینیبوو، من ئەو تابلۆیانەم لە ئێران کردبوو، بردمە سووریا، لە سووریا هێنامەوە لە کۆڕەو لەگەڵ خۆمدا بردم هەر نەمهێشت بفەوتێت. لە ئێران بووین گەلەرییەک هەبوو بە ناوی گەلەریی (نوور)، هیی پیاوێک بوو هەر خۆیشی ناوی نووری بوو، ئاغای نووری پێی گوتم پێم خۆشە بێیت ئەم تابلۆیانە بکەیت بـە پێشانگایەک، مـن هـەمـوو تابلۆکانت بـۆ دەفـرۆشـم و دەوڵەمەندت دەکەم. گوتم ئەم تابلۆیانە هیی من نین، مێژووی ئەو میللەتەیە، دەبێت بگەڕێتەوە بۆ وڵاتی خۆم، لەبەرئەوە من ڕازی نەبووم بەوەی لەوێ پێشانگاکە بکەمەوە. لە سووریایش بە هەمان شێوە زۆر دەرفەتمان بۆ ڕەخسا، بـەڵام نەمانکرد. یەکێک لەو دەرفەتانە ئەو سەردەمە کوەیت گیرابوو، کوەیت فێستیڤاڵێکی زۆر گەورەیان دەکرد لە سەر ئەوەی حیزبی بەعس چ کارەساتێکی بە سەردا هێناون، چ کارەساتێکی بە سەر خەڵکی عێراقیشدا هێناوە. ئێمە ئەو کات یادی بە خێر بە ڕەحمەت بێت دکتۆر کەمال خۆشناو

لە عەلاقاتی سووریا بوو، من و برادەرێکمان هەیە کاک ئەردەڵان خۆی ناوی ڕێبوارە برای شەهید دکتۆر بەختیارە، کاک ئەردەڵانیش یەکێکیشە لە هونەرمەندە باشەکان و پێشمەرگەیەکی دێرینە، هەر دووکمان پێکەوە لە سووریا بووین، کاک دکتۆر کەمال خۆشناو ئاگاداری کردین بچین بۆ سەفارەتی کوەیتی بۆ بەشداریکردن لەو فێستیڤاڵە، بەڵام گوتی هەندێک لە تابلۆکانی خۆتان ببەن. ئێمەیش هەندێک لە تابلۆکانی خۆمانمان برد و ڕۆشتین، چووینە ئەوێ لەگەڵ بەرپرسی سەفارەت و مولحەقی سەقافی دانیشتین، زۆر پێیان خۆش بوو ئێمە بەشداری بکەین، بەڵام ئێمە گوتمان وەکو کورد بەشداری دەکەین، وەکو عێراقی بەشداری ناکەین، ئێوە دەبێت جەناحێکمان بدەنێ کورد ئەنفال کراوە، هەڵەبجە کیمیاباران کراوە، دێهاتەکانی وێران کراوە، ئاوا بەشداری دەکەین. ئەوان تموحێکیان دایەبەرمان و گوتیان ئێمە پاسپۆرتان دەدەینێ دەتانبەینە لوبنان، ئەم فێستیڤاڵە دەڕواتە دانیمارک، ئێوە دەتوانن نەگەڕێنەوە. ئەو سەردەمە ٦٠٠ بۆ ٦٥٠ کەس بەس یەکێتی لە ناو سووریا بوون، چاوەڕێی ڕۆیشتنیان دەکرد و نادیاریش بوو بە هۆی جەنگی ئەو سەردەمەی عێراقەوە چارەنووس دیار نەبوو چیمان بەسەر دێت، بەڵام ئێمە نەکەوتینە ژێر باری ئەوە و ڕازی نەبووین بەوە، لە کاتێکدا خەڵک هەبوو کونی دەرزی لێ هەڵبکەوتایە دەڕۆیشت، بەڵام ئێمە قبوڵمان نەکرد و گوتمان یان جەناحێکمان دەدەنێ بۆ کورد، یان بەشداری ناکەین. ئەوە بوو بەشداریمان نەکرد، ئەم تابلۆیانە بەم شێوەیە هاتەوە، کە

کۆمەڵی (هەشت)مان دروست کرد لەگەڵ کۆمەڵێک برادەردا، حەز دەکەم ناوەکانیان بهێنم، ئەوەی لەبیرم ماوە، چونکە ئەمە مێژووە: (بەختیار مستەفا قەفتان، هاوڕێ ئەنوەر فەخری، محەمەد فەتاح، خەسرەو محەمەد، سوعاد ستار). وا بزانم یەک-دوو برادەری تریشمان لەگەڵدا بوو، ئێستا ناوەکانیانم لەیاد نییە. پێشانگایەکمان لە سلێمانی کردەوە، دوایی پێشانگاکەمان بردە هەولێر و بردمانە دهۆک، لەو کاتەدا هێرۆ خان لە هەولێر پێشانگاکەی بینیبوو، من لە سلێمانی بووم، ئەو کات ئێمە لە تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان ئیشمان دەکرد، نەمتوانی بۆ پێشانگاکە لەگەڵ برادەران بڕۆمە هەولێر و دهـۆک. هێرۆ خـان یەکسەر بروسکەی کردبوو، ئـەو سەردەمە تەلەفۆن نەبوو، بروسکە هەبوو، بە جیهاز یەکەمین کەس ئاگاداری کردمەوە یادی بەخێر مامۆستا جەمال عەزیز بوو، مامۆستا جەمال عەزیز تەلەفۆنی بۆ تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان کرد، ئەو کات لە ناو زانکۆی سلێمانی بووین، گوتی هێرۆ خان ئیشی پێتە و داوای کردووە ئەو تابلۆیانە نەفرۆشیت. بە ڕەحمەت بێت بەرزانی قالەی خەڵوز ئەویش هات بۆ لام، گوتی ئـەوە هێرۆ خـان گوتوویەتی تابلۆکانی نەفرۆشێت، ئـەوە هـەمـووی هیی منە. بـە هـەر حاڵ، تابلۆکانمان نەفرۆشت. ئیتر لە قـەڵاچـوالان لەگەڵ هێرۆ خاندا یەکتریمان بینی، هەموو جارێک شتێک زۆر بیجوڵاندایە یەکێک ئیشێکی باشی بکردایە، پێی دەگوت کافر، گوتی کافر ئەو ئیشانەت بردووە عەرزت کردووە، من نەمزانیوە. ئیتر گوتم ئەوە پێشانگایە و

کردوومانەتەوە. گوتی ئەوە هەمووی هیی منە. گوتم بە سەر چاو. ئەوە بوو ئیتر لەگەڵ کاک زاهیر سدیق هەموو تابلۆکانمان برد بۆ قەڵاچوالان داماننی، هەموویم لەوێ دانا. ئەو کاتە بیری لەوە کردبووەوە وەزع و بارودۆخەکەی سلێمانی و کوردستان بە گشتی خراپە، پێی گوتم ئاکۆ، بۆ نایەیت ئەم تابلۆیانە کۆپی بکەیتەوە، بۆئەوەی ئەم ئەسڵانە هەمووی بنێرین بۆ لەندەن لەوێ بیپارێزین هیچی لێ نەیەت، کۆپییەکانی دادەنێین. ئێمەیش ئەوەندە سەرقاڵ بووین بە ئیشوکار و ئەوانەوە ڕاستی من کاتی ئەوەم نەبوو بێم جارێکی تر دابنیشم ئەم تابلۆیانە هەموویان کۆپی بکەمەوە، وەعدم دایە گوتم دەیکەم، بەڵام هەر باشە بوو، هەر ڕێک نەدەکەوت ئێمە ئیشەکە جێبەجێ بکەین، تابلۆکان مانەوە، ماوەیەکی زۆر بردی لە سکرتاریەت داینا، لەوێ هەڵیواسیبوو. لە شەڕی ناوخۆ لە ٣١ی ئاب ماڵەکەیان گیرا، هەموو تابلۆکانیان سووتاند. لە قاسمەڕەش شەوەکەی من منداڵەکانم لەگەڵدا بوو ئاگرێکی گەورە کرابووەوە، من کەسم نەدەبینی، ئەوان منیان بینی، (هێرۆ خان، کاک زاهیر، کاک شوانی کەریم کابان) بوو، دانیشتبوون بانگیان کردم، گوتیان وەرە بۆ لای ئێمە. ئیتر ڕۆیشتین، لەوێ سەیرم کرد ئەوانن هێرۆ خان زۆر لە خۆی بووەوە و زۆر بێتاقەت بوو، کە تابلۆکان هەمووی سووتاون، بەڵام گوتم گوێ مەدەرێ ئەم جارە هەموویان دروست دەکەینەوە، خۆ هەتاهەتایە هەر لێرە نابین، کە گەڕاینەوە من تابلۆکانم وەکو شیعر هەموویم لەبەرە، خەمت نەبێت هەموویت بۆ دەنووسمەوە.

ئەوە بوو جاری دووەم ئەو تابلۆیانەمان دروست کردەوە بۆی بە زیادەوە. دەمەوێت شتێکتان بۆ بگێڕمەوە: لە سەر گەلەریی (ئەربێلا)، گەلەریی ئەربێلا لە دوای مۆزەخانەی زاموا دامەزرا، ئێمە هەمووومان ڕۆیشتین بۆ کردنەوەکەی پێش ئەوە پێشانگایەک کرابووەوە لە ساڵی ١٩٩٢ لە ئەڵمانیا نزیکی ١٠٠ هونەرمەندی کورد بەشداری تێدا کردبوو. لەو ١٠٠ هونەرمەندە منیش یەکێکیان بووم. ئەو تابلۆیانە لە ئەڵمانیا چەندین شاری کردبوو، پێشانگاکە ساڵێک بەردەوام بوو. منیش چەند تابلۆیەکم ناردبوو بۆ ئەوێ، دوو تابلۆیان فرۆشرا، یەکێک لەو ڕەفیقانەمان بە ڕەحمەت بێت (لیسی شمیدد) بوو، من لیسیم لە قامیشلۆوە دەناسی، ماوەیەکی زۆریش لە گەلاڵە لە ڕاگەیاندن لەگەڵماندا بوو، لەوێیش هەر هاتوچۆی یەکترمان دەکرد، ئەو گەڕایەوە پێی گوتم لە ناو هۆڵی پێشانگاکەدا دوو ئەڵمان لە سەر تابلۆکانی تۆ بووە بە شەڕیان پەلاماری یەکتریان داوە، لەبەرئەوەی ئەمیان گوتوویەتی من پێش تۆ حیجزم کردووە، ئەویان گوتوویەتی من پێش تۆ حیجزم کردووە. بە هەر حاڵ، دوو تابلۆم لەوێ فرۆشتبوو، بیرم نەماوە، بەڵام وابزانم بە نزیکەی ٣٥٠٠ مارک بوو، ئەو کات هێشتا یۆرۆ لە ئارادا نەبوو، پارەکە بۆ ئەو سەردەمە زۆر زۆر بوو. لەوحەکانی من گرانترین تابلۆ بوون لە ناو پێشانگاکەدا، ئەوە بوو یەکێتیی هونەرمەندان بۆئەوەی پارەکەمان بداتێ بۆ ئەو تابلۆیانەی، کە فرۆشراوە لە هۆڵی ڕۆشنبیری مەراسیمێکیان ساز کرد، ئێمە هەر یەکەمان بەشێک لەو پارەیەمان گەڕاندەوە بۆ یەکێتیی

هونەرمەندان، تابلۆیەکیان مابوو لەو تابلۆیانە نەفرۆشرابوو، دەبوو بۆمان بهێننەوە، منیش تابلۆکەم لە ڕێگای بە ڕەحمەت بێت حسێن میسرییەوە پێگەیشتەوە. بە هێرۆ خانم گوت هیرۆ خان، من تابلۆیەکم هەیە ڕەفیقی ئەو تابلۆیانەیە هیچم ناوێت پارە و ئەوانە، بەڵام حەزم لێیە لەوان دانەبڕێت، ئەو تابلۆیەیشت بدەمێ. گوتی ڕۆڵە، بە خوا جێگام نییە. وەری نەگرت. منیش لە گەلەریی ئەربێلا ئەو تابلۆیەم عەرز کرد. بە ڕەحمەت بێت محەمەد عارف نرخی شەش هەزار دیناری لە سەر ئەو تابلۆیەی من دانابوو، پێشانگاکە کرایەوە، تەبعەن ئێمە لێرەوە ڕۆشتین پاسمان گرت زستانیش بوو، بەفرێکی زۆر باریبوو، ئەو کات ڕێگای هەیبەت سوڵتان و چنارۆک هەبوو، ئێمە گەیشتینە بناری هەیبەت سوڵتان لە دیوی چنارۆکەوە، ئیتر سەیارە سەر نەکەوت، بە ناچاری پاسەکە گەڕایەوە هەموومان بە پێ سەر کەوتین بە هەیبەت سوڵتان بە پێ چووینە کۆیە تا سەیارەمان دەست کەوت، بەو شێوەیە خۆمان گەیاندە هەولێر. بۆ بەیانی، کە کردنەوە بوو، هێرۆ خان هاتە گەلەرییەکە لە ناو قەڵا بوو، ئەوێش خانووەکان چوارگۆشەن، من لەمبەر بووم، ئەو لەوبەر بوو، هاواری لێ کردم گوتی کافر، ئەو لەوحەیە نەفرۆشیت، ئەوە هیی منە. منیش گوتم ئەوە ئەو تابلۆیە بوو بە مەمنوونی بە خۆڕایی دەمدایتێ، بەس ئێستا بە پارە دەتدەمێ. ئیتر بوو بە پێکەنین. جارێکی تر ئەوەیشی کڕییەوە، بەڵام ئیتر مەرگی هەموویان پێکەوە بوو، لە ٣١ی ئابدا تابلۆکان هەموویان سووتان.

**لە دوای ٣١ی ئاب کاتێک لە قاسمەڕەش بوون هێرۆ خان هەر لەوێ بیرۆکەی دروستکردنی کەناڵێکی تەرفیهی لە خەیاڵیدا دەبێت، گفتوگۆ لەگەڵ چەند برادەرێک کرا و بەڕێزیشتان لەوێ ئامادە بوون، کە گەڕانەوە بۆ سلێمانی بناغەی دروستکردنی کەناڵی خاک لە لایەن هێرۆ خان و ئێوەوە چۆن دروست بوو؟**

هێرۆ خان، یەکەمین پڕۆژە لە سلێمانی کردیماڵی باوکی بوو. جارێک دانیشتبووین گوتی ئەوە من لەگەڵ خوشک و براکانمدا قسەم کردووە، بڕیارمان داوە ماڵەکەی باوکم دەکەین بە گەلەرییەک بۆ هونەرمەندان. ئەمە وەکو بازاڕێکیشی لێ دێت، بۆئەوەی هونەرمەندان سوودمەند ببن ئێمە زۆر وەفد و میوانمان دێت، لە جیاتیی ئەوەی لە بازاڕ شتێکیان بۆ بکڕین، بە دیاری تابلۆی هونەرمەندەکانیان دەدەینێ، وایش بیری کردەوە ئەم شوێنە کە دەبێت بە گەلەری، بە تەنها بۆ هونەرمەندانی سلێمانی نەبێت، بۆ هونەرمەندانی کوردستان بێت، واتە نەک هەر هەرێمی کوردستانیش، هەر چوار پارچەکەی کوردستان دەتوانن لێی سوودمەند ببن. ئەم پڕۆژەیە پڕۆژەیەکی زۆر گرنگ بوو، هەموو ئیشمان تێدا دەکرد. کاک زاهیر بوو بە بەرپرسی یەکەم. من و کاک خالید ڕەسوڵ و کاک ئەرسەلان، کە ئێشتایش لەوێیە، ئیشمان تێدا دەکرد. بە ڕەحمەت بێت ماوەیەک سەروەتی ئەنوەر سەوز ئیشی تێدا دەکرد، زۆر لەو برادەرانە لەوێ بە شەوق و زەوقێکەوە کارمان دەکرد، ئەسڵەن بیرمان لەوە نەدەکردەوە مووچە بدەن، من مووچەکەی خۆم زۆر زیاتر بوو لە ڕادیۆ لەوەی

لەوێ بۆم دابین کرابوو، بەڵام ئەوێمان هەڵدەبژارد. زۆر جار ئێمە لەگەڵ هێرۆ خاندا دادەنیشتین، زۆر باسی ئەوەی دەکرد ئەو زۆر گلەیی هەبوو لە کەناڵەکانی خۆمان، هەمووی بوونەتە کەناڵی حیزبی و بەردەوام بەرپرسەکانی لێ دەردەکەوێت و دەستیان کراوە نییە بۆ هەموو جۆرە بەرنامەیەک و ناتوانن هیچ ڕەخنەیەک بگرن. لە پێش ٣١ی ئاب من دوو جار بۆ سێ جار هێرۆ خانم بینیوە، ئەو ماوەیە گەرمەی شەڕەکان بوو، کەمتر دەمانتوانی یەکتر ببینین، بەڵام ئەو ئەم بیرۆکەیەی هەبوو، واتە ئەم بیرۆکەیە هیی پێش ٣١ی ئاب بوو، هیی قاسمەڕەش نەبوو، بیرۆکەکە هەبوو، بەڵام هیچ گەڵاڵە نەبوو، دەیگوت ڕۆژێک لە ڕۆژان توانام دەبێت شتێکی وا دروست دەکەم. ئێمەیش هەموومان دەمانگوت ئێمەیش لەگەڵتداین، دروستی بکە. فەترەیەکی زۆر پێکەوە بووین، بە تایبەت لە شێنێ و زەڵێ، لە کۆتایی ئەو فەترەیەی هاتینەوە لەبیرمە ئەو ڕۆژە من لەوێ بووم لەگەڵ هێرۆ خان دانیشتبووین، دوو خێمەیان هەڵدابوو، وەفدێکی لێ بوو لە ژوورەوە کۆبوونەوەیان هەبوو، وەختی نیوەڕۆ بوو سەرۆک مام جەلال هاتە دەرەوە بۆ لای من و هێرۆ خان زۆر دڵی خۆش بوو، گوتی وەزعمان زۆر باشە. بەم زوانە دەگەڕێینەوە. بە هەر حاڵ، ئەو ڕۆژە سەیرمان کرد بارودۆخ زۆر گۆڕاوە، من منداڵەکانم لە قاسمەڕەش بوون، گوتم هێرۆ خان من دەمەوێت بگەڕێمەوە بۆ سلێمانی. گوتی خێرە؟ گوتم دەمەوێت بگەڕێمەوە سەیارە بهێنم ئەم خەڵکەی لە قاسمەڕەش تێ بکەم و بیانبەمەوە بۆ سلێمانی. گوتی

ئاخر ڕۆڵە، وەزعەکە وایە! گوتم وەزعەکە هەرچی بێت من دەڕۆم. بە ڕەحمەت بێت هەڤاڵ ئەبوبەکر هەبوو، خۆی هونەرمەندی شانۆکار بوو، دوایی لە سوید کۆچی دوایی کرد، هەڤاڵم لەگەڵدا بوو، هەڤاڵیش ڕەفیقە تەلەبەم بوو، من زۆر ئینکاریم کرد، هێرۆ خان دەترسا. گوتم دەڕۆین. ئەوە بوو بروسکەیەکی کرد بۆ برادەرانی خوارەوە لە لای قەڵادزێ، چونکە ئەو کات یەکێتی زۆر شوێنی گرتبووەوە، هەتا قەڵادزێ بە دەست ئێمەوە بوو، ڕێگاکانیش تەقریبەن پاک کرابوونەوە، بەڵام ترسی کەمین هەبوو، هەتا ناو سلێمانییش نە بە دەست ئێمەوە بوو، نە بە دەست پارتییەوە بوو. من زۆرم ئیلحاح کرد، گوتم هەر دەگەڕێمەوە. نەگەڕامەوە بۆ لای منداڵەکانم. هەر ئەو ڕۆژە یەکسەر تاقم و تفەنگەکەم هەڵگرت و لەگەڵ بە ڕەحمەت بێت هەڤاڵ سەیارەیەکیان بۆ دابین کردین، ١٠ هەزار دینارم لە هێرۆ خان وەرگرت. هاتمەوە بۆ قەڵادزێ، لە قەڵادزێ کۆمیتەی لێ بوو، چووینە کۆمیتەکە، بەڵام پێش ئەوە بروسکەیان بۆ کرابوو بە سەلامەتی بمانگەیەننە سلێمانی. ئەوە بوو هێنایانین بەرەو ڕانیە، لە ڕانیە بە سەیارەیەکی تەکسی برادەرانی کۆمەڵەی ئیسلامی تێدابوو، هێنایانینەوە بۆ سلێمانی، بۆئەوەی لە ڕێگا توشی کێشەیەک بووین، ئەوان خۆیان بکەن بە خاوەنمان. بە هەر حاڵ، شەو درەنگانێکی شەو گەیشتینەوە سلێمانی. چوومە ماڵی مامم، لە لای خەستەخانەی شیرەکە بوو. لەوێ لەگەڵ ئەو کوڕانەی مامم ئەو شەوە سێ لۆریمان گرت، کاژێر چواری بەیانی من کەوتمەوە ڕێ و هاتمەوە

بۆ قاسمەڕەش، کاژێر چواری عەسر گەیشتمە شێنێ. هێرۆ خان هەر زۆر قەلەق بوو، هەر پیاسەی دەکرد، منیش سەیارەکانم لەوێ ڕاگرت، تەبعەن جادەکە بۆ بنکەکەی ئەوان کەمێک بە هەورازەکەوە بوو، سەرکەوتمە سەرەوە و زۆر دڵم خۆش بوو گوتم ئەوە سەیارەم هێناوە و هەر سەیارەیەک بە ٢٥٠٠ دینار، زۆری پێ خۆش بوو، گوتی ئیتر چی دەکەیت؟ گوتم وەڵڵا ئیستا دەڕۆم لۆرییەکان دەکەم بە قاسمەڕەشدا و تەواو ئیعلانی دەکەم بگەڕێینەوە. دەمەو ئێوارە بوو، واتە بانگی ئێوارەی دابوو، لۆرییەکانم هێنایە ناو قاسمەڕەش و لەوێ ئیعلانمان کرد گوتمان دەگەڕێینەوە، خۆتان حازر بکەن. ئیتر بوو بە هۆسە، هەموو خەڵک خۆی ئامادە کرد، واتە خێزان هەبوو خواردنی دروست دەکرد، خواردنەکەی فڕێ دەدا و دەهات، لێرەیشدا هەر وەک نوکتە دەیگێڕمەوە بە ڕەحمەت بێت کاک کەمال سابیرمان لەگەڵدا بوو، لە خێمەکەی خۆی نووسیبوو گیراوە بۆ فایەقە ڕەش، ئەویش هەر بە ڕەحمەت بێت لە برادەرانی پارتی بوو، گوتی ئێمە ئەمە بارودۆخمان بێت، ڕۆژێکیش ئەوان لە دوای ئێمەوە دێنە ئێرە. ئیتر هەر سێ لۆرییەکەمان پڕ کرد لە خەڵک، بەعزێکیش خۆیان سەیارەیان پێ بوو بە سەیارەکانی خۆیان، بە هۆڕینلێدان هەموویانمان هێنایەوە. کەس نانی نەخواردبوو، نزیک بە ٢٥٠٠ دیناریکمان پێ مابوو، هەر ئەو کاتە بە هێرۆ خانم گوت ئەوە هەموویان دەبەم لە کانی وەتمان دەعوەتیان دەکەم؟ گوتی بڕۆ ڕۆڵە، ئەگەر پارەی تریشت ویست هەر کێشە نییە. ئیتر لە کانی

وەتمان هەمووی نانی خوارد و بە قافڵە خۆمان کردەوە بە سلێمانیدا. شەو درەنگ گەیشتین. بەو شێوەیە خەڵکەکەمان بەشێکی زۆریمان هێنایەوە بۆ سلێمانی.

یەکێک لەو سیفەتانەی هێرۆ خان، کە زۆر گرنگ بوو پڕۆژەیەکت پێ بگوتایە، بچوایە بە عەقڵیدا، ئیتر ڕەتی نەدەکردەوە. سەدان جار کە شتێکی بەدڵ بوایە، دەیگوت برۆ بیکە، هەرچیم لەدەست بێت دەیکەم. واتە ئەم خەسڵەتە تەنها لە هێرۆ خان و سەرۆک مام جەلال بینیومە. سەرۆک مام جەلالیش وابوو، ئەویش پڕۆژەیەک شتێکت پێ بگوتایە نەیدەگێڕایەوە ئەگەر بچوایە بە عەقڵیدا، بۆ نموونە ئەو کاتەی دەمانویست بڕۆین بۆ (گەلاڵەی حاجی ئۆمەران)، من لە قەلاچوالان نۆ ڕۆژ لە لای سەرۆک مام جەلال مامەوە، ڕۆژێکیان پێم گوت من لە زاخۆ بووم دیاردەیەکم بینیوە پێم ناخۆش بووە. گوتی چییە بۆم بگێڕەوە؟ منیش گوتم ئەو کاتە هێزی هاوپەیمانانی لێ بوو، ئێمە لە زاخۆ بووین، کەسێک نازانم خەڵکی زاخۆ بوو، یان نا، شتێکی فڕێدایە سەر عەرزەکە، مودەڕەعەکان وەستابوون، یەکێک لە ناو مودەڕەعەکەوە هاتە دەرەوە ژنێک بوو بە جلی عەسکەرییەوە، ئەوەی ئەو فڕێی دا بردی کردیە تەنەکەیەکی خۆڵەوە. گوتی ئینجا تۆ دەتەوێت چی بکەیت واتە لە بەرانبەر ئەمەدا؟ گوتم من دەمەوێت بڕۆم لە دهۆک و لە زاخۆ پێشانگایەک بکەمەوە، بۆئەوەی بزانن ئێمەیش خاوەنی کەلتوورین، خاوەنی مێژووین، فەرهەنگمان هەیە. سەرۆک مام جەلال زۆری پێ خۆش بوو، گوتی زۆر باشە، بەلام

مەڕۆ هەر بەو شیوەیە، گوتی با دزەکان سەیارە بهێنن سەیارەیان ئاودیو دەکرد، سەیارەیەکت بۆ بگرم بە سەیارەی خۆت بڕۆ. جا گوتی سایەقی دەزانیت؟ گوتم بەڵێ. گوتی زۆر باشە، من تەقریبەن هەفتەیەک بۆ نۆ ڕۆژ لەوێ مامەوە، هەر شانسی من دز نەهاتن سەیارە ببەن ئاودیوی بکەن، دوایی چووم و گوتم بە خوا باشترە بڕۆم، کاتەکە درەنگە، ئێمە جیهازێکمان هەبوو دەبوایە بمانبردایە بۆ گەلاڵەی حاجی ئۆمەران، ئیتر کاک عومەر فەتاح یادی بەخێر، ئەو لۆرییەکی بۆ دابین کردین، بۆئەوەی شتەکانی پێ ببەین. ئەوە بوو من سەیارەم دەست نەکەوت، دواتر نامەیەکی بۆ نووسیم، گوتی بڕۆ بۆ لای کاک دکتۆر فوئاد، ئەو کات پارەکە لە لای ئەو بوو، با پارەت بداتێ. بۆی نووسیبووم دەڵێت یارمەتییەکی باشی بدەرێ، چونکە بە ئیشی من دەچێت بۆ بادینان. کە چووم، کاک دکتۆر فوئاد ١٠٠٠ دیناری دامێ. ١٠٠٠ دینارەکە ئەوەندە کەم بوو، نەیدەگەیاندمە گەلاڵە. منیش هاتمەوە، گوتم مامە ئەوەندەی داومەتێ. گوتی وەرە با پێکەوە بڕۆین، قۆڵی بە قۆڵمدا کرد و پێکەوە سەر کەوتین و چووین بۆ لای دکتۆر فوئاد، گوتی دکتۆر من پێم گوتوویت یارمەتییەکی باشی بدە! گوتی نیمانە، تۆ ئەگەر خۆت پێتە خۆت بیدەرێ. بە زۆر پێی کرد بە ١٥٠٠ دینار. کە گەڕاینەوە، وتی من بۆت جێبەجێ دەکەم. گوتی تۆ شەوکەتی حاجی موشیر دەناسیت؟ گوتم بەڵێ، ڕەفیقمە و یەکتری دەناسین. گوتی زۆر باشە، ئەو کات کاک شەوکەت بە ڕەحمەت بێت لە مەڵبەندی چوار بوو، لە بادینان بروسکەیەکی بۆ کرد گوتی

ئەوە فلان کەس بۆ ئیشی من دێت، ئاگاداری بە. ئەوە بوو ئیتر من گەڕامەوە بۆ گەلاڵە، لە گەلاڵە گوتم دەڕۆم بۆ ئەوێ و ئەو پڕۆژەیەم هەیە پێشانگا دەکەمەوە. کاک یاسینی فەقێ سەعی لەگەڵم هات، ئەو کات هەر لە ڕاپەڕین یەکتریمان بینی، ئیتر لە من جیا نەبووەوە، هەر پێکەوە بووین هەتا کۆتاییەکەی کاک دڵشادیش بە ڕەحمەت بێت دڵشادی مسەوەر دوای ماوەیەک هاتە لای کاک کۆسرەت، بە داخەوە لەگەڵ کوڕەکانی کاک کۆسرەت لە دوکان توشی ئەو کارەساتە بوون، ئەوانە لەگەڵم هاتن و چووینە دهۆک، هەوڵمان دا پێشانگاکە بکەینەوە و شوێنمان دابین کرد لە کوێدا پێشانگاکە بکەینەوە. من پێشانگاکەم بە ناوی (یەکێتیی هونەرمەندان/ کۆمیتەی شاخ) ئامادە کرد و کردمەوە. دواییش لەگەڵ هونەرمەندان و برادەرانی ئەوێ کۆ بووینەوە، ئەو کات ئێمە یەکێتیی هونەرمەندانمان هەبوو، بۆئەوەی جارێکی تر یەکێتیی هونەرمەندانیش بخەینەوە سەرپێ، هەر لەو کاتەدا بوو بە ڕەحمەت بن کاک جیهاد دڵپاک، کاک سەلاح بالابەرز و وابزانم کاک عوسمان چێوار بوو دەهاتنە دهۆک، ئەوانیش هەر بۆ هەمان مەبەست هاتبوون، ئێمە پێشانگاکەمان لە باخچەکەی بەردەمی پارێزگای دهۆک کردەوە، ئەوێمان هەڵبژارد. برادەرانی پارتی زۆر تەنگیان پێ هەڵچنین و هاتن گوتیان نابێت. لە کاتێکدا من داوام لە برادەرانی خۆمان کرد گوتم دەمەوێت دایکی شەهیدێک پێشانگاکەم بۆ بکاتەوە ئەوانیش ژنێکیان بۆ دۆزیمەوە، وابزانم سێ کوڕی و هاوسەرەکەی شەهید بوون. تەبعەن پارتی بوون،

من چووم قسەم لەگەڵدا کرد، گوتم پێم خۆشە ئەو شەرەفەم پێ ببڕێت تۆ بێیت پێشانگاکەی من بکەیتەوە، ئەویش زۆری پێ خۆش بوو، بەڵام برادەرانی پارتی ئەمەیان نەدەزانی، گوتیان ڕێگا نادەین نابێت لە ناو باخەکەدا بیکەیتەوە. بە هەر حاڵ گەراجێک هەبوو من لە گەراجەکەدا پێشانگاکەم دانا، دوای سەیریان کرد، ژنێک هاتووە ئیفتیتاحی پێشانگاکەی من دەکاتەوە هەموو شەهیدەکانی پارتین، زۆر بە خۆیاندا شکانەوە و جارێکی دیکە هاتنەوە بۆ لام، گوتیان حەز دەکەین بیهێنیتەوە ناو باخەکە. گوتم کاکە وازم لێ بهێنن، ئەوە پێشانگایە و کردوومانەتەوە. ئەوەی زۆر بە لامەوە هەم خۆش بوو، هەم سەیر بوو، هەر حیزبێک دەهات زەرفێکی پێ بوو بۆ نموونە حیزبی شوعی دەهات زەرفێکی پێ بوو، دوایی برادەرانی پارتییش خۆیان هاتن، یەکێتی دەهات، کۆمەڵێک حیزبی بچووک بچووکیش هەبوون، ڕێکخراو هەبوو، دەهاتن یەکی زەرفێکیان دادەنا، من لە سەرەتاوە نەمدەزانی زەرفەکە چییە، بەس دوایی کردمانەوە، سەیر دەکەین هەمووی پارەیە. گوتم بە خوا لەوە دەچێت ئەوان ئەمە بە پێشانگا تێ نەگەشتبێتن، بە پاشتێلانە تێ گەشتوون، پارەیان هێناوە. مەسەلەن یەکێک ٥٠٠ دیناری هێنابوو. یەکێک ٢٠٠٠ دینار. یەکێک ١٥٠٠ دینار. واتە پارەیەکی باشمان بۆ هاتبوو، ئەوە ئەهوەنی کردینەوە. ئیتر پێویستمان بەوە نەما کاک شەوکەت هاوکاریمان بکات و پارەمان بداتێ. ئەم دیاردەیەم نەبینیبوو، یەکەمین جاریش بوو شتی وا ببینم، بەڵام زۆر خۆش بوو، ئیتر برادەران گوتیان کاکە

جلمان نییە، بڕۆ جلمان بۆ بکە. ئیتر چووین خۆمان پۆشتە کردەوە و جلمان کڕی. ئەمە وەکو سەرۆک مام جەلال ویستم ئەو نموونەیە باس بکەم. هێرۆ خانیش وابوو. هێرۆ خان سیفەتێکی تری هەبوو، هەموو جارێک دەیگوت چەند مەنجەڵت لە سەر ئاگرە، ئەو بەردەوام پڕۆژەکانی خۆی ناو نابوو مەنجەڵ. مەسەلەن ١٠ پڕۆژەی لە خەیاڵدا بوایە، دەیگوت ١٠ مەنجەڵم لە سەر ئاگرە. ئەی تۆ چەند مەنجەڵت لە سەر ئاگرە؟ لەگەڵ من پەیوەندییەکی لەوانەیە بڵێم تایبەت تری هەبوو لە چاو برادەرانی تردا.

**یەکێک لە قۆناغە گرنگەکانی کاری ئێوە لەگەڵ هێرۆ خاندا دامەزراندنی تەلەفزیۆنی خاکە، بیرۆکەی تەلەفزیۆنی خاک و ڕۆڵی ئێوە لە دروستکردنی ئەو تەلەفزیۆنەدا چی بوو؟**

هێرۆ خان ئەو برادەرانەی دەیبینی لەگەڵ هەر یەکێکیاندا باسی ئەوەی دەکرد ئێمە چۆن وا بکەین دەزگایەکی ڕاگەیاندن، یان تەلەفزیۆنێک دابمەزرێنین، کە لە سەرەتاوە بیرۆکەی هێرۆ خان بوو، بەڵام ئەو تەلەفزیۆنە بە شێوەیەک بێت هەم ڕەخنەگرانە بێت و بتوانین لەو بازنەیە بێینە دەرەوە، کە بازنەی بیرکردنەوەی حیزبایەتییە و ئەوە مافی خۆیشیانە ئەوە زمانحاڵی حیزبێکە ناتوانێت هەموو شتێک بڵێت، ئێمە بێینە دەرەوە و ئەو قسانە بکەین، ئەوان ناتوانن بیکەن، لە دوای ٣١ی ئاب، کە هاتینەوە لە ڕاگەیاندن گوتیان کەمکردنەوە دەکەین، بەشێک لەو برادەرانە دەبێت دەربکرێن. ئەمە

زۆر ناخۆش بوو، لەو کاتەدا هێرۆ خان زۆر سوور بوو لە سەر ئەوەی ئێمە چی بکەین، ئەوە بوو یەک-دوو کۆبوونەوەمان کرد، هەر لە کۆبوونەوەکانی کردمان، یەکسەر ئەو برادەرانەی لە ئیعلامی مەرکەزی بوون بەر ئەو کەمکردنەوەیە کەوتبوون، زۆربەیمان وەرگرتەوە. ئەوانە هەموویان هەڵوێستیان هەبوو لەگەڵماندا بوون قوربانییان دابوو، ئێمە وەرمانگرتنەوە، بەڵام نەماندەزانی ئەم دەزگایە ناو بنێین چی. بە هەر حاڵ، هێرۆ خان لەو بەینەدا سەفەرێکی کرد بۆ ئێران، کە گەڕایەوە بۆنەیەک هەبوو لە هۆڵی ڕۆشنبیری، بە منی گوت با بچین بۆ ئەو بۆنەیە. گوتم زۆر باشە. لە دەرەوەی هۆڵەکە پێشانگایەک دانرابوو، پێشانگاکە بە ڕەحمەت بێت کاک حسێن میسری ئامادەی کردبوو، شتەکانی زۆرتر ڕەخنەگرانە و شکڵی کاریکاتێر و بە شێوازی کۆلاج کردبوو، قسەی هەندێک لە بیرمەند، نووسەر و ئەوانەیشی دانابوو. لەبیرمە قسەیەک هەیە هیی (بریختە)، دەڵێت: "من پێڵاوەکانم دەمبەستێتەوە بەم خاکەوە". ئەو پۆستاڵێکی هێنابوو، نازانم شتێکی وای کردبوو، هێرۆ خان ئەو کاتە کاک حسێنی نەدەناسی، گوتی ئەمە چییە؟ کێ نووسیویەتی؟ منیش بۆم باس کرد گوتم ئەمە هیی نووسەرێکی وایە. ئەمە فلان کەسە، باسی کاک حسێنم کرد، کە خەریکی ئیشی دراما و شانۆیە و بە ئەسڵ کەرکووکییە. بە هەر حاڵ، لەو ئیشە ڕەخنەییەوە چی هات بە خەیاڵمدا، گوتم هێرۆ خان، دەمانەوێت تەلەفزیۆن دروست بکەین، ئەی بۆ نەیەین شتێکی تریش بکەین؟ گوتی وەکو؟ گوتم تۆ بە

بەردەوام باسی (کاکە تۆفیق) دەکەیت، گۆڤارێک هەبوو تۆفیق کاتی خۆی لە ئێران دەردەچوو، ئەو زۆر سەرسام بوو پێی، کاریکاتێری بوو، گوتم بۆ نایەیت لەگەڵ ئەوەدا شتێکی وا بکەین؟ گوتی وەڵڵا خۆ ئەوەیش فکرەیە. ئەو کات هەوڵێکم هەبوو شتێک دروست بکەین لە ئیعلام، کە کاریکاتێری بێت، دکتۆر شێرکۆیش هەوڵێکی هەبوو هەم لە خەتێکەوە پەیوەندییان بە منەوە کردبوو، کاک نەوشیروان حەز دەکات شتێکی کاریکاتێری بکەین، لەولایشەوە لەگەڵ دکتۆر شێرکۆ قسە کرابوو، ئەویش پێیان گوتبوو کاک نەوشیروان دەیەوێت شتێکی وا بکات، هەر دووکمان ئێمە ئاگامان لە یەکتر نەبوو، بەڵام دواتر پڕۆژەکە هەر دووکمانی دەگرتەوە. بە هەر حاڵ، ئێمە کۆبوونەوەمان دەکرد، جارێکی تر دانیشتین باسی تەلەفزیۆنمان کرد، باسی ئەوەیش کرا گۆڤارێکی کاریکاتێرییش دەربکەین، منیش زۆر پێم خۆش بوو دکتۆر شێرکۆیش، تەبعەن زۆر پێی خۆش بوو. بە هەر حاڵ، ئێمە دوای ئەوەی ناوی تەلەفزیۆنەکەمان نا، تەلەفزیۆنەکە پێم وابێت شاناز خان ناوی نا، چونکە ئەولە ئاخیردا گوتبووی بۆ ناوی نانێن (خاک). ئیتر بوو بە خاک. هێرۆ خان گوتی ئەو وای گوتووە، گوتوویەتی خاک. گوتمان بە ڕاستی ئەوە پڕبەپێستیەتی، خاک تەواوە. ئەوەمان کرد پێش ئەوەی ئێمە ئیفتیتاحی تەلەفزیۆنی (خاک) بکەین لە مانگی دوو گۆڤاری (سیخورمە)[٧]مان کرد، گۆڤاری (سیخورمە) چۆن دروست بوو؟ کۆبوونەوەمان کرد،

٧ سیخورمە گۆڤارێکی تەنزئامێز بوو، کە بە سەرپەرشتیی خاتوو هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد لە ناوەندی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی خاک، دەردەچوو.

گوتمان ئەم گۆڤارە دروست دەکەین، نەماندەزانی ناوی بنێین چی، کۆمەڵێک ناو نووسرا. بە ڕەحمەت بێت لەگەڵ دکتۆر کەمال فوئاد دا قسەمان کرد، کۆمەڵێک ناوی داینێ، وابزانم گەیشتە ١٠ بۆ ١٢. من داوام لە محەمەد فەتاح کرد گوتم وەرە بۆماڵی ئێمە و شەوەکەی لە ماڵی خۆمان تا دەوری چواری بەیانی دانیشتین، ژمارەی سفرمان بە دەستکرد هەتا بە دەست مۆنتاجمان کرد، ئەو شەوە دەبوو ئێمە ناوی گۆڤارەکە بنێین. منیش یەکسەر سیخورمەم هەڵبژارد. گوتم با سیخورمە بنووسین، بەڵکو دوایی برادەران ناوێکی تر دابنێن، بەڵام سیخورمە پڕبەپێستەکەی بوو، ئیتر کردمان بە سیخورمە. بۆ بەیانی چووینە کۆبوونەوەوە، هەموو برادەران ناوی (سیخورمە)یان بەدڵ بوو، ئیتر ناوەکە جێگیر بوو. کە ژمارەی یەکمان کرد، گوتمان ئێمە دەبێت لە ژمارەی یەکەوە بە ملەوەنی گۆڤارەکە دەربکەین، دەبێت ڕەنگین بێت، ئەو کاتەیش ڕەنگین نەبوو، یەکێک لە کێشەکانمان ئەوە بوو چاپخانەی باش نەبوو، هەتا پێش ئەوە کاک قادری حاجی عەلی بە ڕەحمەت بێت هات بۆ لام گوتی ئاکۆ، دەمەوێت ڕێبازی نوێ بکەینە گۆڤار و چاپی بکەین. گوتم باوەڕ ناکەم لە سلێمانی ئەوە بکەین. ئەوە بوو پێکەوە ڕۆشتین بۆ هەولێر، گوتبوویان لە هەولێر چاپخانەیەکی باشی لێیە، کە چاپخانەی پەروەردەیان پێ دەگوت، لەوێیش نەمانتوانی. بە ناچاری هاتمەوە بۆ سلێمانی لەگەڵ ئەو برادەرانەدا قسەم کرد، بە تایبەت کاک نووری مەحموود هەیە، نووری مەحموود هەم هونەرمەندە و هەم ڕەفیقمە، گوتم دەمانەوێت

بە ملەوەنی چاپی بکەین بە چاپی دەستی بە سکرین بەرگەکەیمان چاپ کرد. ئەم تەجروبەیەمان هەبوو. بە هەر حاڵ، ئێمە ژمارە یەکمان ئامادە کرد، ئینجا کوڕێکمان هەبوو، بە داخەوە ئێستا ناوەکەیم لەبیر نەماوە، وەفاتی کرد، کوڕێکی گەنج بوو، لە بواری کۆمپیوتەردا زۆر زیرەک بوو، دوو کۆمپیوتەرمان هەبوو، لەبیرمە هاتین لە مۆزەخانەی زاموا دانیشتین، ژمارە یەکی سیخورمەمان لە مۆزەخانەی زاموا مۆنتاج کرد. کاک ئەمیری بەکری قەساب یادی بەخێر، ئەویش مۆنتاجی دەکرد. ژمارەی یەکمان بە ملەوەنی چاپ کرد بە دەست، کە سیخورمە کەوتە بازاڕ، خەڵک یەکەم جار وایان دەزانی گۆڤارەکە منداڵانە، چونکە کاریکاتێریان بیستبوو بۆ منداڵان، بەڵام دواتر سەیری ناوەڕۆکەکەیان دەکرد ئەمە گۆڤاری منداڵان نییە، ئەمە هیی گەورەیە و هەمووی ڕەخنەیە. گۆڤارەکە زۆر ڕەواجی هەبوو، مانگی دوو جار دەرماندەکرد، دوو هەفتە جارێک.

**هێرۆ خان تا چ ڕادەیەک ئێوەی دەستکراوە کردبوو لەوەی ڕەخنە بگرن و هەموو ئەو دیاردانەی لە ناو کۆمەڵگادا هەبوون بێگومان لە ناو سیخورمەدا زۆر بێسانسۆر قسەی لە سەر بکەن؟**

حەزدەکەم لێرەدا شتێکتان پێ بڵێم، ئێمە کە خاکمان دامەزراند، فێری ئەوە ببووین کۆبوونەوەی دوورودرێژ بکەین، هەتا خاک کەوتە سەر سکەی خۆی، هەتا هاتینە خانووەکەی کاک عومەری حەمە عەلی بەرانبەر بە یانەی ئەندازیاران، ئێمە کۆبوونەوەکانمان

جاری وا هەبوو لە ١٠ی بەیانی کە دەستی پێ دەکرد تا دوو و سێ و چواری بەیانی دەخایاند، ئەو کات دەچووینەماڵەوە، واتە زۆربەی کات من بە هەفتە منداڵەکانی خۆم نەدەبینی، کە دەڕۆشتم ئەوان خەوتبوون، دەیشهاتمەوە ئەوان هەر خەوتبوون. ئەم جۆرە ئیشکردنە ئیشکردنێکی جەماعی بوو، هەموومان پێکەوە و بەبێ پەردە قسەمان دەکرد، قاچمان ڕادەکێشا، واتە ئێمە تەواو ببووین بە یەک خێزان، هەموو شتێکی خۆمان دەگوت، هەموو قسەیەکمان دەکرد. ئەوە نەبوو تەحەفوز بکەین و شتێک نەڵێین، یان نەوێرین شتێک بڵێین و ئەوانەی تێدا نەبوو، ئەمە ببوو بە نەریتێک لە لای ئێمە زۆر جار بە یەکدا هەڵدەشاخاین، توڕە دەبووین لە یەکتر، بەڵام نەیدەکردە ئەوەی ئەم توڕەبوون و هەڵشاخانە ئێمە وا لێ بکات لە یەکترمان دوور بخاتەوە، بە عەکسەوە زۆرتر تۆکمەی دەکردین. بۆ سیخورمەیش هەمان نەریتمان بەکار دەهێنا. ئێمە کۆمەڵێک خەڵکمان هەبوو پێمان نەدەگوتن پەیامنێر، ناومان نابوون (عەمیل)، مەعلوماتیان بۆ دەهێناین، ئەمانە دەبوایە بچوونایەتە بنجوبناوانی زانیارییەکە لە (١٠٠٪) دەبێت ڕاست بێت، ئینجا ئێمە دەتوانین بڵاوی بکەینەوە. دوای ئەوەی دادەنیشتین، ئێمە زانیاریمان لە ناو ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا وەردەگرت، مانشێتمان وەردەگرت، تەعلیقمان لە سەر دەدا، بەشێکیشیان بابەتی دزێو بوون لە ناو کۆمەڵگادا ڕەخنەمان لێ دەگرت، یان ڕەخنەمان لە کەسێک دەگرت، ئەمانە هەمووی کۆ دەکرایەوە، کۆ دەبووینەوە دامان دەنا، هەموویمان دەخوێندەوە و کاری کاریکاتێرمان لە سەر دروست دەکرد.

**گرفت دروست نەدەبوو لە ڕووی سیاسییەوە لەو سەردەمە، چونکە بەشی زۆری ڕەخنەکانیش لە خودی حیزبەکە خۆی بووە؟**

هەندێک بابەت هەبوو حەساس بوو، ئێمە باسمان نەدەکرد، بەڵام پەیوەندیمان بە کەسەکەوە دەکرد، دەمانگوت ئەم بابەتە لە سەر تۆ هاتووە، یان خۆت چاک بکە، یان ئێمە دەتخەینە حەوزەکەوە، چونکە ئێمە ستوونێکمان هەبوو ناومان نابوو حەوزەکە، خەڵکمان تێ فڕێ دەدا، لەبەرئەوە زۆر جار سیخورمەیەکیشمان هەبوو ئەو سیخورمەیە سیخورمەیەکی زارەکی بوو، پەیوەندیمان دەکرد بە دەزگاکانەوە، یان بە شەخسەکانەوە پێمان دەگوتن خۆتان باش بکەن و ئێوە ئەم شتانەتان هەیە، لەبەرئەوە گۆڤارەکە بەهایەکی زۆری پەیدا کرد، تەنها گۆڤارێک بوو لەو سەردەمەدا بۆ میدیای ئازاد بۆ ڕۆژنامەگەریی ئازاد، کە سیخورمە ئەو نەریەتەی شکاند، ئەو تەلیسمەی شکاند، ئەو ڕێگایەی کردەوە، بۆئەوەی کەسانی تریش بێن ڕەخنە بگرن، قسە بکەن و ڕۆژنامەی ئازاد دروست ببێت، واتە ئێمە بەم شێوەیە ئیشمان کرد، لە ناو ئەمانەدا ئێمە توشی کێشە دەبووین، بەڵام گوێمان نەدەدایە. لەبیرمە لە سەرەتاوە، کە گۆڤارەکە دەرچوو، زۆربەی زۆری ئەو برادەرانەی ئێمە کاریکاتێرمان لە سەر کردبوون، هەتا جارێک کاک سەعدی پیرە، کە هات بۆ لامان وامانزانی هاتووە گلەییمان لێ بکات، هات گوتی زۆر سوپاستان دەکەم، ئەوە من ئەوەندەی تر بەناوبانگ بووم بە کاریکاتێرەکە، هەتا لە سەر هیرۆ خانیش کردمان. من کاریکاتێری هیرۆ خان و سەرۆک

مام جەلالیشم هەیە، ساڵێکیان پێش ئەوەی سیخورمە دەربکەین لە یادی یەکێتی بوو، بە سەرۆک مام جەلالم گوت من لە یادی یەکێتیدا کۆمەڵێک کاریکاتێر دەکەم، تۆیشی تێدایت. گوتی بڕۆ بیکە، خۆم دێم ئیفتیتاحی دەکەمەوە. ئەوە بوو سەرۆک مام جەلال هات بۆ هەر کاریکاتێرێک وەرەقەیەکمان پێدا گرتبوو، ئینجا کاریکاتێری کاک جەبار فەرمانی تێدابوو، کاک قادری حاجی عەلی تێدابوو، کاک دکتۆر فوئادی تێدابوو، دکتۆر کەمال خۆشناوی تێدابوو، مام جەلال کە هات دەیزانی کامەیان وەرەقەکەی ئەوە، وەرەقەکەی خۆی لادا و کاریکاتێرەکەی بینی، ئیتر گوتی تەواو، هەر کەس هیی خۆی هەڵبداتەوە، ئەوە زۆر گرنگ بوو، واتە چۆن ئێمە ڕەنگڕێژیمان دەکرد، بۆئەوەی بتوانین ئازادیی ڕۆژنامەگەری بێتە کایەوە، لەوانەیە ئەم قسانەی من زۆر کەس نەیبیستبێت و ئازادیی ڕۆژنامەگەری بگێڕنەوە بۆ سەردەمێکی تر، بەڵام ئەگەر ئێمە ئەوەمان نەکردایە، بە هیچ شێوەیەک ئەو ئازادیی ڕۆژنامەگەرییە دروست نەدەبوو و کەسیش جورئەتی نەدەکرد بیکات. ئینجا با بێمەوە سەر خاک، ئێمە کە خاکمان دروست کرد، لەبیرمە لەگەڵ کاک ئەرسەلان بایز دانیشتین. کاک ئەرسەلان ئەو کات بەرپرسی دەزگای ڕاگەیاندن بوو. پێمان گوت ئێمە ئەم دەزگایەمان دروست کردووە بۆ محارەبەی یەکێتی نییە، ئەوەی ئێوە وەکو یەکێتی ناتوانن بیڵێن لە سەر هەر وڵاتێکە لە سەر هەر حیزبێکە لە سەر هەر کەسێکە ئێمە دەیڵێین ئێوە پەیوەندیی خۆتان تێک مەدەن، بەس تکایە پشتگیریمان بکەن.

ئێمە دەستمان بە ئیش کرد، هەرگیز بیرمان لەوە نەکردبووەوە لەم دەزگایەدا پلەوپایەمان چییە؟ ئیمتیازاتمان چییە؟ مووچەکەمان چەندە؟ بە هیچ شێوەیەک واتە سەری ئەوەمان نەدەپەرژا بیر لەمەیان بکەینەوە، ئەوە حەقی خۆیشمان بوو. ڕاستییەکەی هەمووومان ساڵانێک بوو ماندوو بووین، قوربانیمان دابوو، ئیشێکی ترمان نەدەزانی. لە ڕاستیدا هەموویشمان ماڵ و منداڵمان هەبوو، حەزمان دەکرد هەموو لە خانووی خۆشدا بین، ژیانمان خۆش بێت، مەعیشەتمان دابین کرابایە، کەچی ئێمە وا بیرمان نەدەکردەوە، بە ڕاستییش ئەوە لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو، کە دەمانزانی هێرۆ خان هیچ کاتێک غەدر لە ئێمە ناکات. هەدەفەکەمان زۆرتر ئەوە بوو، چۆن وا بکەین ئەم دەزگایە ببێت بەو دەزگایەی دڵخوازی خۆمانە.

لە دوای ٣١ی ئاب، کە گەڕاینەوە بەڵێنمان بە هێرۆ خان دابوو وەکو پێشتر باس مکرد تابلۆکانی هەمووی بۆ بکێشمەوە، ماوەی مانگێک لە ماڵەوە نەهاتمە دەرەوە، ٣٥ دانەم لەو ئیشانە کۆپی کردەوە و بردمەوە بۆ هێرۆ خان، بڕێک پارەی پێ دام. کاک زاهیرم لەگەڵدا بوو، کاک زاهیر گوتی تو خوا هێرۆ خان، پێی بڵێ، ئاکۆ زۆر دەستبڵاوە، با ئەم پارەیە خەرج نەکات و بیداتەوە بە خانوو. من بەو پارەیە لەگەڵ ئەو پارەیەی هەمانبوو خانوویەکم لێ کڕییەوە، ئیتر بە هیچ شێوەیەک ئێمە نەماندەویست لە سەر یەکێتی ببین بە بار، واتە هەموو شتێکی داوا لێ بکەین، بە تەکسی و بە پێ هاتوچۆمان دەکرد، سەیارەمان نەبوو، پێمان عەیب نەبوو. یەکێتی

١٠٠ هەزار دیناری دەداینێ، ئێمە تەلەفزیۆنی خاک و سیخورمە و گۆڤاری خاک و ڕادیۆ و هەمووومان بەڕێوە دەبرد بە مووچە و بە هەموو شتێکەوە، کەچی ئەوەیان پێ ڕەوا نەبینین ئەو پارەیەیان بڕین، تەنانەت دواییش سەرۆک مام جەلال لە نەسریەی خۆی دەعمی ئێمەی دەکرد. بۆ زانیارییشتان گۆڤاری سیخورمەمان، کە دامانمەزراند ١٩ هەزار دینارمان وەرگرت، ٩ هەزار دیناری لە لای من بوو، ١٠هەزار دیناری لە لای دکتۆر شێرکۆ بوو. دکتۆر شێرکۆ تەسجیلێکی ڕایزنی لێ کڕی، چونکە ئەو کات خەبەری لە ڕێگەی ڕادیۆی تەسجیلەکەوە وەردەگرت و ئەنساتی دەکرد، منیش بە ٩ هەزارەکە پێداویستیی چاپ و قەرتاسیەم پێ کڕی. ئیتر سیخورمە جگە لە مووچەکە وەکو دەزگاکە وەرماندەگرت، هەموو مەسرەفێکی لە سەر خۆی بوو. سیخورمە خۆی خۆی دەژیاند. ئێمە ئەو سەردەمە بۆ چاپخانە خۆمان وەرەقەمان دەکڕی، حیبرمان دەکڕی، پلێتمان دەکڕی، دڤلۆبەرمان دەکڕی، هەموو مەوادی چاپ بە جوملە دەمانکڕی، واتە بەس کرێی چاپمان دەدا. ئەوانە هەمووی بە پارەی سیخورمە خۆی دەکڕدرا، هیچ پارەیەکمان وەرنەدەگرت و عەمیلەکانیشمان کە زانیارییان بۆ دەهێنایین، ئەوانەیش پاداشتیان وەردەگرت و هەر لە سەر ئەو فرۆشە دەدرا.

**بەشێکی تر لە کارەکانی ناوەندی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی خاک دەرکردنی گۆڤاری خاک بوو، ئێوە لەو بەشەدا بەشدار بوون؟**

کە دەڵێیت ناوەندی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی خاک، هەر هەمووی پێکەوە دادەنیشتین و بڕیارمان دەدا چی بکەین، واتە شتێک نییە لە خاکدا دروست کرابێت یەکێکمان ئاگای لێ نەبووبێت.

**بەشێکی گرنگی ناوەندی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی خاک بێگومان دەرکردنی گۆڤاری خاک بوو، ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لەو قۆناغەدا، بۆ هەموو بابەتە کەلتورییەکان، کە لەو سەردەمەدا دەرچەیەک نەبووە لە ڕێگەی گۆڤاری خاکەوە بڵاو بووەتەوە، بیرۆکەی دروستکردنی گۆڤاری خاک و کارکردنتان پێکەوە و ڕۆڵی هێرۆ خان لە دەرکردنی ئەو گۆڤارەدا چی بوو؟**

ئێمە تەلەفزیۆنمان دانا، وەکو پێشتر باسم کرد کۆبوونەوەکانمان کۆبوونەوەی دەستەجەمعی بوو، هەموومان پێکەوە دادەنیشتین، تەنانەت هەر بیرۆکەیەکمان هەبوایە، باس دەکرا و دەوڵەمەند دەکرا، ئینجا جێبەجێ دەکرا. لە تەلەفزیۆن بەرنامەکانمان دادەنا و دابەشمان دەکرد، من بەشی منداڵان و بەشی گۆرانیم وەرگرت. دکتۆر شێرکۆ بەشی درامای وەرگرت. هەر یەکێکمان چمکێکی پرۆژەکەمان گرت. ئەو بەرنامانەی لە تەلەفزیۆن دادەنرا، ئێمە تەلە تێکستیشمان بۆ دروست کرد. لەبیرمە دانیشتبووین، گوتم هێرۆ خان، ئێمە ئەگەر تەلە تێکستەکە بکەین، با یەکێک لە شتەکانمان ئەوە بێت بچینە دێهاتەکان و لە دێهاتەکان بپرسین ئەم دێیە ناوی چییە؟ مێژووەکەی چۆنە؟ چەند شەهیدی هەیە؟ بە چی کشتوکاڵێک بەناوبانگە؟ چەند

سەر حەیوانی تێدایە؟ ئێمە سبەی ڕۆژ زۆر سوودی لێ وەردەگرین. ئەوە بوو هێرۆ خان و برادەرانیش بە دڵیان بوو، ئینجا کۆمەڵێک گۆڤاری زۆرمان بۆ دەهات ئەو گۆڤارانە بۆ سەرۆک مام جەلال و هێرۆ خان دەهات بە ئینگلیزی بوو، بە عەرەبی بوو، بە فارسی بوو، ئەمانە خەڵک نەیدەبینی زۆر بابەتی زانستی، بابەتی خێزانی، زانیاریی گشتی تێدابوو، ئەو کات بە ئاسانی خەڵک نەیدەتوانی دەستی بەو زانیارییانە بگات، بۆیە بیرمان لەوە کردەوە، گۆڤارێک دابنێین هەر بە ناوی گۆڤاری خاک. لە ناو گۆڤاری خاکدا ئەو بەرنامانەی، کە لە تەلەفزیۆن دەڕۆیشت بۆ یەک مانگ دادەندرا، بۆئەوەی خەڵک بتوانێت کاتەکانی خۆی دابەش بکات بە سەر ئەو بەرنامانەی حەزی لێیەتی، بزانێت کاتەکەی کەیە و ڕۆژەکەی کەیە. ئێمە دەستمان پێ کرد، خێزانی خاکمان دروست کرد. کاک زاهیر لە سەرەتاوە وەکو بەڕێوەبەری نووسین بوو، هێرۆ خان خۆی خاوەنی ئیمتیاز بوو، دەستمان بە ئیش کرد و (دکتۆر شێرکۆ، کاک باست، من، دکتۆر دڵشاد مستەفا) ئەمانە بووینە خێزانی خاک. هەندێک برادەریش لە دەرەوە بابەتیان بۆ دەناردین لە هەموویشیان چالاکتر کاک مەلا بەهادین بوو، ئێستا بۆ دکتۆرا دەخوێنێت، زۆر بابەتی لە گۆڤارەکەدا بڵاو بووەتەوە. ئیتر ئێمە بابەتەکانمان سەیر دەکرد هەموویمان دادەنا و لێمان هەڵدەبژارد بە فارسی بە عەرەبی بە ئینگلیزی دابەشمان دەکرد بە سەر خۆماندا و وەرماندەگێڕا، بەڵام ناوی کەسمانی بە سەرەوە نەبوو، کە کامە من کردوومە، کامە دکتۆر شێرکۆ کردوویەتی. ئەمانە

وەردەگێڕدران، دادەڕێژرانەوە و چاک دەکران، گۆڤارەکەش بوو بە گۆڤارێک هیچی کەمتر نەبوو لە سیخورمە، خەڵک زۆر موتابەعەی دەکرد، هەندێک کەس هەر گۆڤارەکەیان دەکڕی، لەبەرئەوەی بزانن لە تەلەفزیۆنی خاک بەرنامەکان لە کەیدا پەخش دەکرێت.

ئێمە لە تەلەفزیۆن، کە بەرنامەکانمان دابەش کرد، من خۆم بەشی منداڵانم وەرگرت لەگەڵ گۆرانی، ئێمە بەرنامەکەمان وابوو چۆن ئەو هونەرمەندانە ئەو گۆرانیبێژانە ڕزگار بکەین لە چنگی ئەو برادەرانەی، کە لە تەلەفزیۆن دەبوو ئەگەر گۆرانییەکیان تۆمار بکردایە، دەعوەتیان بۆ بکردنایە، پارەیان سەرف بکردایە، مەمنوون بونایە، ئێمە هاتین درزی دەرگایەکمان کردەوە بۆیان، گۆرانییەکانمان بۆ تەسویر دەکردن، بۆمان تۆمار دەکردن، پارەیەکمان دەدانێ، پارەکەیشمان پۆلێن کردبوو ئەو هونەرمەندانەی، کە قەدیرن بۆ نموونە کەریم کابان لەبیرمە ٤٠٠ بوو، یان ٤٥٠ دینار بوو، لە دوای ئەوان گۆرانیبێژە گەنجەکان، ئینجا گۆرانیبێژە میللییەکان، ئەمانە هەمووی پارەیەکمان دەدانێ، بەڵام ئەم پارەیە پێمان دەگوتن لەگەڵ مۆسیقییەکاندا دابەشی بکەن، بۆئەوەی ئەوانیش سوودمەند ببن، ئەم گۆرانییانە بە خۆڕایی مەدەن بە تەلەفزیۆنەکان، با ئیتر لەمەودوا تەلەفزیۆن و ڕاگەیاندنەکان بە دواتاندا ڕابکەن، نەک ئێوە بە دوای ئەواندا ڕابکەن. ئێمە ئەوەمان پێچەوانە کردەوە و هێرۆ خانیش تەواو پاڵپشتی ئەم پڕۆژەیە بوو. ئەمە لە لایەک، لە لایەکی تریش بەشی منداڵانمان زیندوو کردەوە، یەک لەو پڕۆژانەی بۆ بواری منداڵان

کردمان، بەشی دۆبلاجمان دامەزراند، تەنانەت چەند کارمەندێکمان وەرگرت لە بەشی دۆبلاج زۆر برادەر کاریان تێدا دەکرد، یەکێک لەوانە نەوژین خان بوو خۆی موسیقی بوو، بەڵام لە کاری دۆبلاجدا زۆر سەرکەوتوو بوو، سەوسەن خان بوو، ئیستا لە کوردساتە هاتین دەستمان کرد بە وەرگێڕانی ئەو فیلم کارتۆنانەی دۆبلاجی بکەین، کاک دڵشاد مستەفا یەکێک بوو لەوانەی وەریدەگێڕان و دواتر سیاغەمان دەکردەوە. دکتۆر شێرکۆ زۆر لەو کارانەی کرد، بەڵام ڕێچکەکە ئێمە شکاندمان، بەرنامەکە ئێمە دامان نا. لە دواییدا من بیرم لەوە کردەوە چۆن وا بکەین خۆمان پڕۆژە بکەین، کاری ئەنیمەیشن بکەین، شتەکان تازە بێت، ئێوارەیەکیان بە هێرۆ خانم گوت من دەمەوێت، فیلمی کارتۆن بکەم. گوتی ڕۆڵە، ئەوە بە تۆ ناکرێت. گوتم ئەی ئەگەر کردم؟ دواتر گرەوێکمان کرد بە هەزار دۆلار، بە منی گوت ئاخر لێت دەسێنم. منیش گوتم ئاخر لێت دەسێنم. بۆ ڕۆژی دواتر ئیشەکە سەگێک بوو دەجولا، ڕای دەکرد، ئەوانەم هەمووی کرد و بۆم برد، گوتم ئەوە ئیشەکەیە، بێزەحمەت هەزار دۆلارەکەیشم بەرێ. ئیتر لەوەوە دەستمان کرد بەوەی چۆن ئەم ئەزموونە دەوڵەمەند بکەین. لەبیرمە گۆرانیمان بۆ منداڵێک کرد من لە ناو گۆرانییەکەدا کەروێشکێکم ڕەسم کردووە کەمان لێ دەدات بۆ منداڵەکە، هەر دووکیانمان دەمج کردووە پێکەوە ئەو سەردەمە نە میکسەرێکی وا هەبوو، نە تەکنەلۆژیا ئەوەندە پێشکەوتوو بوو لە لای ئێمە، هەموویمان بە کامێرایەکی (VHS) فرێم فرێم تەسویرمان

دەکرد، بەڵام ئیشەکەمان دەکرد. ئەزموونێکی ترمان کرد لەگەڵ برادەرێک لە سوید هاتبووەوە، پێکەوە هاتین مارکێتێکی جوانمان دروست کرد بە میزەڵان و ئارد، ئاردمان دەکردە میزەڵانەکەوە، کاک مەریوان ئەو کات لەوێ وێنەگر بوو، بەو کامێرایە فرێم بە فرێم بە دەست دەمانجوڵاند. لەبیرمە نزیکی ٧٢ کاژێر ئیشمان تێدا کرد بەبێ وچان تا ئەوەمان تەواو کرد، ئەمەیش جوڵەیەکی تر بوو لە ناو ئەو ئەنیمەیشنەدا بە میزەڵان و بە ئارد و بە دەست دەمانجوڵاند، زۆر جوان بوو. هیوادارم لە ئەرشیفی خاک مابێت، چونکە ئەوە مێژووە.

لە دواییدا لە ناو هەناوی خاکدا کوردسات لەدایک بوو. من بەهێرۆ خانم گوت دەڵێیت چی ئەم کتێبە ئەلفبێ کوردییە بکەین بە ئەنیمەیشن؟ وتی وەڵڵا من حەز دەکەم. گوتم زۆر باشە، من دەست پێ دەکەم، کە تەواو بوو لە کوردسات دەیکەین بە دەستپێکی بەرنامەی منداڵانی کوردسات. هەشت مانگ ئیشم تێدا کرد، ١٥٠٠٠ وێنەم بۆ کرد، هەموو شتەکان ئیشی دەست بوو، هەتا تەواو بوو هەموو وانەکانم کرد بە ئەنیمەیشن. هیوادارم ئەوەیش لە کوردسات مابێت. زۆر منداڵ، بە تایبەت ئەوانەی ئەوروپا فێری خوێندنی کوردی بوون، بە هۆی ئەوەوە بوو.

# هێرۆ خان توانی وا لە ڕاگەیاندن بکات،
# کوردانە بیربکاتەوە

د. شێرکۆ عەبدوڵڵا

## سەرەتای یەکترناسینتان لەگەڵ هێرۆ خان بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟[8]

سەرەتای یەکتربینینمان لەگەڵ هێرۆ خان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەردەمەی، کە لە تەندروستیی سلێمانی بووم و هێرۆ خان سەردانی د. نەوزادی دەکرد، کە ئەو کات بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستیی سلێمانی بوو. لە ساڵانی ١٩٩٣ و ١٩٩٤ خەریکی وەرگێڕانی (شانۆگەریی وڵاتەکەم) بووم، چونکە پێشتر هێرۆ خانم دووراو دوور دیبوو، ناویم بیستبوو، بەڵام ئەو پەیوەندییەی دروست بوو لە ١٩٩٣ و ئەوانەدا بوو، زانی خەریکی ئەو شانۆگەرییەم زۆری پێ خۆش بوو. ئێمە لەگەڵ تیپی پێشڕەودا خەریکی ئامادەکاری بووین، چەند جارێک خۆی دەهات بۆ سەیری شانۆگەرییەکە ئەو شانۆگەرییە بۆ ئەو سەردەمەی کوردستان و بارودۆخی ئەو کاتە شتێکی زۆر گونجاو بوو، زۆری پێ خۆش بوو، لەبەرئەوە یارمەتیی تیپەکەیشی دا، وەک پارەی هاتوچۆ و مانگەیەکیش بۆئەوەی پڕۆڤەکانمان تەواو بکەین، ئیتر ٣١ی ئابی بەسەردا هات، ئەو پڕۆژەیە وەستا، دواتر لە پایزی ساڵی ١٩٩٦دا، کە هاتینەوە ناردی بە دوامدا، کاک زاهیر سدیق، کاک ئاکۆ غەریب گوتیان چەند ڕۆژە بە دواتدا دەگەڕێین، هێرۆ خان ئیشێکی پێتە. ئیتر چووم باسی ئەوەی کرد گوتی من دەمەوێت تەلەفزیۆنێکی ئاوا دابنێم و بەو مواسەفاتە و تۆیش ئەو خەونەی کە هەتە بۆ گۆڤارێکی کاریکاتێری جێبەجێ دەکەین. ڕۆژ بە ڕۆژ پەیوەندیمان بەهێزتر دەبوو. ئیشکردنی ڕۆژانەمان پێکەوە بوو،

٨ د.شێرکۆ عەبدوڵڵا نووسەر، پزیشک و ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری ناوەندی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی خاک.

شارەزای تەبیعەتی یەکتری بووین. ئەو کات زروفێکی تایبەتی بوو لە ڕووی دارایی و ئابووری و گوزەرانی خەڵک زۆر سەخت بوو، بەڵام ئەوەی خۆش بوو ئەو تیمە وەکو یەک دەست ئیشیان دەکرد. هێرۆ خان ڕۆڵێکی گەورەی هەبوو لە وەرچەرخاندنی ئیعلامی کوردیدا. تێڕوانینی من بۆ هێرۆ خان ئەوەیە ئەو لە زروفێکی زۆر تایبەت و قورس لە وەرچەرخانێکی گەورەدا ئیعلامی کوردی وا لێ کرد کوردانە بیر بکاتەوە. هێرۆ خان کەسێک بوو حەزی بە ڕێچکەشکێنی هەبوو. بەردەوام بەو ڕێگایانەدا دەڕۆیشت، کە کەسی تری پێدا نەڕۆیشتبوو. بۆ نموونە تەلەفزیۆنی خاک، واتە ئەگەر ئیستا سەیری بەرنامەکانی بکەیت، هەمووی پێشەنگن. ئیستاش ئەو تەلەفزیۆن و کەناڵە ئاسمانییانە نەیانتوانیوە تێی بپەڕێنن. هەمووی سەرچاوەکەی لەوێوە سەری هەڵداوە. زۆرێک لەو کادرە ئیعلامییانەی ئیستا ناون لە ناو ئیعلامی کوردیدا، لەوێ کاردمەند بوون. پەیامنێر بوون. بەرنامەیان هەبوو. واتە لەوێوە پێ گەیشتوون و سێبەری خاک و سێبەری کەسایەتیی هێرۆ خانیان بە سەرەوە دیارە.

یەکێک لەو ئیشانەی ئەو ڕێچکەشکێنانەی، کە هێرۆ خان کردی، بۆیە کەم جار گۆڤاری کاریکاتێری تەنزئامێزی دەرکرد. پێش هێرۆ خان نەبووە، ئەگەر ئەو پشتگیری نەکردینایە نەدەبوو. لە شوێنانی تریش لە چاوپێکەوتنەکانی تردا باسم کردووە، بۆ دەرکردنی ئەو گۆڤارە لە زۆر دەرگامان دا، بە خەونیان دەزانی بتوانرێت لە کۆمەڵگایەکی پڕ لە ململانێی وەکو کوردستانی ئەو

وەختە بتوانین بە زمانی تەنز باسی دیاردە دزێوەکان بکەین و باسی کەسایەتییەکان بکەین، ئەو ئەوەی کرد، تێیدا سەرکەوتوو بووین.

ئەو کات گەمارۆی ئابووری هەبوو، هیچ ڕۆژنامە و گۆڤارێک نەدەهات، کەناڵی ئاسمانییش نەبوو، ئەو بیری لەوە کردەوە گۆڤارێک دروست بکات هەر بە ناوی گۆڤاری خاکەوە، مانگانە ئەو بابەتانەی ئەو دەستی دەکەوت، یان ئێمە دەستمان دەکەوت بە زمانەکانی عەرەبی، ئینگلیزی، فارسی لێی هەڵبژێرین و وەریبگێڕین، بۆئەوەی خوێنەری کورد بتوانێت سوودمەند ببێت. گۆڤاری خاک لەوەدا پێشەنگ بوو، زۆر بابەتی دانسقەمان بڵاو کردەوە. ئەو کات کێشەی ئەوە هەبوو نووسەران نەیاندەتوانی بەرهەمەکانیان بڵاو بکەنەوە، ئەو پڕۆژەی دەستنووسەکانی تەبەنی کرد، واتە ئەو کەسانەی دیوانینان هەیە، ئەو کەسانەی بەرهەمی فکرییان هەیە، بەرهەمی ئەدەبییان هەیە، ئەو بە ئیمکانیاتێکی زۆر بچووکەوە بۆی چاپ دەکردن، بۆ ئەو کات پاڵپشتییەکی زۆر گەورە بوو. لە ناو بەرنامەکانی تەلەفزیۆندا بەرنامەی زۆر دانسقەی دەرهێنا، هەم خۆی پێشنیازی دەکرد، یان ئێمە پێشنیازمان بکردایە، ئەو تەبەنی دەکرد. بۆ نموونە یەکێک لەوانە ژیان و بەسەرهاتی چەند کەسایەتییەکمان کرد، کە بیرەوەرییەکانی خۆیان چ لە شۆڕشدا بێت چ لە سەردەمی ڕابردووتردا بێت باسی ژیانی خۆیان و ئەزموونی خۆیان بە زمانی خۆیان دەکرد، واتە مێژووی زارەکی کۆ کردەوە. ئەو مێژووە زارەکییە ئێستا پڕۆژەی زانکۆ گەورەکانە و ئەوان دەیکەن. هێرۆ خان تەبەنیی ئەوانەی کرد و ئیشی زۆر گەورەی کرد.

**لە دوای جەنگ و ماڵوێرانی، هێرۆ خان بیرۆکەی ئەوەی هەبوو ناوەندێک و سەکۆیەکی ئازاد لە دەرەوەی حیزب دروست بکات، بۆچوونی بەڕێزتان لە سەر ئەم بیرکردنەوەی هێرۆ خان چۆن بوو؟ چونکە لەو قۆناغەدا هیچ سەکۆیەک نەبوو لە دەرەوەی حیزبدا خەڵک بتوانێت قسەی تێدا بکات.**

بەڵێ، باسی ئەوەی کرد گوتی من دەمەوێت دەزگایەکی ئاوا دروست بکەم، کە لە دەرەوەی حیزب بێت، کوردانە بیر بکاتەوە، خاکی بێت، هەتا ناوەکەیشی نا گوتی بەتەماین ناوی بنێین خاک. گوتم وەڵڵا دادە دەڵێیت لە عەقڵی ئێمەدایت، بەش بە حاڵی خۆم بۆ شتێکی وا دەگەڕێم، چونکە ئەزموونی ساڵانی پێشوو، بە تایبەت ئەو کارەساتەی ٣١ی ئاب زۆر شتی لە لا گۆڕیم، زۆر قەناعەتی لە لا گۆڕیم، ئەو پەرتەوازەیی و ماڵوێرانی و حیزب حیزبێنەیەی کورد هەستم دەکرد هەڕەشەیەکی کوشندەیە لە سەر کورد، عەقڵێک هەبێت بیر لەوە بکاتەوە گەورەتر بێت لە حیزب و گەورەتر بێت لە ململانێ بچووکەکان، مایەی دڵخۆشیی هەموومان بوو. من پێشتر نە لەگەڵ کاک ئاکۆ نە لەگەڵ زاهیردا ئەو کات دواتر هەڤاڵ عومەریش لەگەل کاک باستدا کاری وا گەورەمان پێکەوە نەکردبوو. لەگەڵ کاک باستدا لە ڕادیۆ، بە تایبەت لە ٣١ی ئابدا ماوەیەکی کورت پێکەوە بووین. لەگەڵ کاک ئاکۆ پێشتر هەوڵمان دابوو بۆ گۆڤارێکی کاریکاتێری چووبووین بۆ لای چەند کەسایەتییەکیش کردیانین بە کێودا، گوتیان شتی وا چۆن دەکرێت! ئەو بۆچوون و حەماسەت

و جۆشوخرۆشە گەورەیەی هێرۆ خان هەیبوو، وای لێ دەکردیت واز لە هەموو پرۆژەیەکی شەخسیی خۆت بهێنێت، من ئەو کاتە بەتەمابووم پسپۆڕیی دکتۆری بخوێنم، فکرەیەکی تریش هەبوو لەگەڵ ماڵەوە بچم بۆ ئەوروپا، ماڵەکەم تالآن کرابوو، هیچمان بۆ دەرنەچووبوو، چووبووینە ماڵی خەزوورم، بەڵام ئەو پرۆژەیەی پێشکەش کردین، پێشنیازی ئەو پرۆژەیەی کرد وەکو ئەوە وابوو جارێکی تر سەرلەنوێ لەدایک ببینەوە، بۆیە بە ڕاستی ئەو چەند برادەرە موستەحیلمان پێ کرا. شەو و ڕۆژمان خستە سەر یەک. شەوی وا هەبوو دووی شەو، سێی شەو دەڕۆیشتینەوە. ئیمکانیەتی زۆر کەممان هەبوو، بەڵام بە پشتیوانیی مەعنەویی زۆر گەورەی هێرۆ خان بەردەوام بووین. سیفەتێکی هێرۆ خان ئەوە بوو، کە خۆی ئیمکانیەت و هەم ستراتیژی دادەڕشت، هەم ئەوەی پێی دەڵێن Micromanagment، واتە لە وردەکارییەکانیشدا هەبوو، مەسەلەن لەگەڵ برادەرانی چێشتخانەدا قسەی دەکرد، لەگەڵ ئێمەدا قسەی دەکرد، لەگەڵ ئیدارەدا قسەی دەکرد، لەگەڵ پەیامنێرەکاندا کۆ دەبووەوە، واتە ئاگای لە هەموو شتێک بوو، جارێکیان چووین بۆ لای بۆ کۆبوونەوەی سیخورمە لەگەڵ کاک ئاکۆدا، ماڵیان لە ماڵی ئێستای کاک کۆسرەتدا بوو، سەرکردەیەکی سەربازی لە لا بوو، کە ئێمە چووین ئەو هاتە دەرێ. هێرۆ خان ئێمەی بینی، پێکەنی و گوتی ڕۆڵە، تو خوا ئەمە بە من نەکرێت بە کێ دەکرێت، لەگەڵ ئەمە باسی بیکەیسی دەکەم، لەگەڵ ئێوەدا باسی گۆڤاری سیخورمە دەکەم و

دوای ئێوە کۆبوونەوەم هەیە باسی مەشتەلەکە دەکەم. من بۆیە دەڵێم پێشەنگە، چونکە ئەو کات پاراستنی ڕووەک شتێکی زۆر گرنگ بوو لە لای. ئەوە بە بیری کەسدا نەدەهات، بیری لەوە دەکردەوە مەشتەلێکی لە سەرچنار دروست کردبوو، ئەو گوڵانەی دەگمەنن ئەوانەی تێدا دەپاراستن، چەند کەسێکی دیاری کردبوو بۆ خزمەتی. سیفاتی قیادی زۆر تێدابوو.

**لە ناو بەرنامەکانی خاکدا بۆچوونی هێرۆ خان، یان بەرکەوتنی هێرۆ خان لەگەڵ ئێوەدا چۆن بوو کاتێک پێشنیازی بەرنامەیەکتان بۆ دەکرد؟ بۆ نموونە بەرنامەی بەرنامە یەکێک بوو لە هەرە بەرنامە گرنگەکان لەو قۆناغەدا دەنگدانەوەیەکی گەورەی دروست کرد، بە تایبەت لە بواری نواندن، یان ئەوەی پێی دەگوترێت نواندنی (تەنز). هێرۆ خان بۆچوونی چی بوو لە سەر ئەم شێوازی کارکردنە و ئەو بیرۆکانەی ئێوە پێشکەشتان دەکرد؟**

سەرەتاکەی زۆر دراماتیکی بوو، بۆ نموونە سروودی کردنەوەی تەلەفزیۆنی خاک دەیگوت حەز دەکەم شتێکی زۆر کوردی بێت، کۆن بێت. دەیویست تێمان بگەیەنێت، من سروودێکی کۆنی (زێوەر)م بە دەنگی گۆرانیبێژەکانی کۆن پەیدا کرد (وەتەنی من کوردستانە)، گوتم ئەمە چۆنە؟ گوتی بیزەبت من ئەوەم دەوێت. واتە وا تێکەڵ ببووین بۆچوونی یەکتریمان دەخوێندەوە و ئەو عادەتەی هەبوو بۆ هەموو شتێک کۆبوونەوەی دەکرد، خۆی لە پێشەوە کۆمەڵێک بیرۆکەی

لە لا دروست بوبوو، یان لە لای دروست دەبوو، دەهات لەگەڵ ئێمە موناقەشەی دەکرد. ئێمەش بیرۆکەمان دەدایە. بۆ هەڵبژاردنی بەرنامەکان هەموو هەفتەیەک کۆ دەبووینەوە، دواتر بوو بە مانگی جارێک. تەلەفزیۆنەکە خۆی گرت، کە چیمان هەبێت؟ بەرنامەکان چی بێت؟ هەدەفەکەی چی بێت؟ جارێکیان بیری بۆ ئەوە چوو بەرنامەیەک بکەین لە سەر خانووە جوانەکانی سلێمانی، ئەو کات باری دارایی زۆر خراپ بوو، ئەو مەبەستی ئەوە بوو چەند گەشبینییەک لە لای خەڵک دروست بکات، جوانی_پەرستی و جەمالەیەت و ئەمانە لە لای خەڵک نەمرێت. یەک-دوو برادەری ڕاسپارد بچن لە دەرەوەی سلێمانی و ناوەوەی سلێمانی ئەو خانوانەی جوانن وێنەی بگرن، ڕاپۆرتی لە سەر بدەن، دواتر حەفتەیەک لە دوای کۆبوونەوەکە گوتم وەڵڵایی دادە، ئەمە شتێکی باشە، بەڵام لایەنی خراپی هەیە. گوتی چییە؟ گوتم ئەمە تەجسیدی دەوڵەمەندەکان دەکات، ڕەنگە ئەو لایەنە جوانەی تێدابێت، بەڵام خەڵکێکی زۆر دڵیان لە خۆیان دادەمێنێت، ناتوانن خانووی بەو شێوەیە بکەن. گوتی ڕاست دەکەیت، بیرم لەوە نەکردبووەوە. ئەو بەرنامەیەی ڕاگرت. مەبەستم لەوەیە گوێی دەگرت، بیری دەکردەوە، کە بۆ ژنان چی باشە؟ بۆ گەنجان چی باشە؟ هەر ئەو بایەخەی بوو بە گەنجان دواتر بوو بە سەنتەری گەنجان و سەنتەری گەنجانی دروست کرد. لەو کاتەدا شتێکی زۆر ناوازە بوو. بە ڕاستی دیارە ئەو بە حوکمی ئەوەی ئاگای لە تەلەفزیۆنەکانی ئەوروپا و ئەوانە هەیە، ئەزموونێکی زۆرتری هەیە،

واتە کراوەتر شتەکانی دەبینی. دەهات شەرحی مەبەستەکانی دەکرد، ئێمە بۆمان تەرجومە دەکرد بە بەرنامەی واقیعی، واتە هەر کەسە و چەمکی شتێکمان گرتبوو. یەکێکمان ئیشی سیاسی-فکری-خەبەری، یەکێک ئیشی کۆمەڵایەتی، یەکێک ئیشی ڕێکخراوەیی، یەکێک ئیشی دامودەزگا...، دواتر تۆزێک وەزعەکە باش بوو، بەرنامەی تەرفیهیمان دروست کرد و پێشبڕکێمان بردە ناو خەڵکەوە. بەم شێوەیە بوو ئیشەکان، ئەوە نەبوو پێداگری بکات لە سەر ئەوەی بڵێت من ئەم بەرنامەیەم دەوێت، فکرەکەی تەرح دەکرد، ئەگەر هەموو پێمان باش بوایە، لایەنەکانیمان لێک بدایەتەوە، ئەو کات جێبەجێمان دەکرد.

## بیرۆکەی بەرنامەی بەرنامە چۆن هاتە ئاراوە؟

ئەو کاتە زۆر سەرقاڵی سیخورمە بووم، چونکە سیخورمە دوو هەفتە جارێک دەردەچوو، بە کۆمەڵێک برادەری گوتبوو بەرنامەیەکی کۆمیدی بکەن، ئەڵقەیەکیان کردبوو، بۆیان هێنا، من ئاگادار نەبووم. کاک بەرزان بە ڕەحمەت بێت، گوتی بە خوا هیچ نەبوو ئیشەکەمان. گوتم قەیچێکا، دانەیەکی تر، دوانی تر. بۆ ڕۆژی دواتر هێرۆ خان بانگی کردم، گوتی چۆنیت؟ ئیشەکان چۆنە؟ گوتم وەڵڵا زۆر هیلاکم. گوتی بە خوا هیلاکیش بیت دەبێت ئەو بەرنامەیە بکەیت. گوتم بەرنامەی چی؟ گوتی دەبێت بەرنامەیەکی کۆمیدی بکەین. گوتم شتەکە موستەحیل نییە، بەڵام پێویستی هەیە، یەکەم دەبێت خەتە سوورەکانی زۆر کاڵ بێت، دووەم بە ئەستێرە دەکرێت، واتە یەکێک

بێت خۆی ئەکتەرێک بێت، ناسراو بێت، خۆشەویست بێت، قەیناکە خەڵکی تریش بهێنین. گوتی هەن، کاک مستەفا هەیە، کاک بەرزان هەیە، کاک عومەری کەریم ئاغا هەیە، کاک عەبدوڵڵای حەمە ساڵح هەیە. ئیتر ئەڵقەیەکی ئەزموونیم نووسی و بۆم برد، گوتی وەڵڵا من شارەزاییم نییە لە نووسین، تۆ با بیکەین بزانین چۆن دەردەچێت. کە تەنفیزیان کرد، بە دڵی بوو. ئیتر بەرنامەکە جێی خۆی گرت. واتە ئەوە نەبوو لە ئەوەڵەوە داوام کردبێت، خۆی هاتە پێشەوە، ژیانیش هەر وایە، خۆی هەلومەرجەکان دێتە پێشێ، ناوەکەیشی بۆ مێژوو بیڵێم، کاک بەرزان ناوی ناوە بە ڕەحمەت بێت. لە ساڵی ٢٠١٢ لە میسر بەرنامەیەکی شۆو دروست بوو بە ناوی (برنامج برنامج)، ڕێک ئەو ناوەی ئێمەی هێنابوو، ئێستاش لە عێراق کەناڵێک هەیە مەکتەبەکەی مستەر دەکەنەوە، بەڵام زۆر بە شێوەیەکی جیاوازتر، واتە سیاسی نییە، زیاتر کۆمەڵایەتییە، بەڵام زۆر خەفیفە.

## دەرکردنی گۆڤاریکی تەنزئامێزی وەک سیخورمە بۆ ئەو سەردەمە وەچەرخانیکی گەورە بوو لە مێژووی ڕاگەیاندنی ئازادی کوردیدا، ڕۆڵی هێرۆ خان لەو پرۆژە گرنگەدا چی بوو؟

هێرۆ خان دوو خاڵی زۆر لە لا گرنگ بوو، یەکەم: ئەو شتەی لە سیخورمە باسی دەکەین درۆ نەبێت، ڕاست بێت، حەقیقەتی هەبێت. دووەم: زەرەر لە خێزانەکەی، یان لە منداڵەکان نەدات. ئیتر ئازادیی تەواومان هەبوو، بۆ نموونە دەیگوت شەڕیشتان لە سەر دەکەم.

پشتیوانە گەورەترەکەیش جەنابی سەرۆک مام جەلال بوو، دەیگوت ئەمە کارێکی باشە، کۆمەڵگاکان بەمە پێش دەکەون. بەو شێوەیە دیموکراسی دەچەسپێت، کە ڕەخنە هەبێت بە نیازی چاککردن، نەک بۆ شکاندن. لە سەر ئەوە لە سەرەتادا دەستمان قورس بوو، لە سیخورمە گۆشەیەکمان هەبوو بە ناوی بۆ حەوزەکە، هەموو هەفتەیەک مخالەفەی زۆر گەورە دەکرا، ئیتر مخالەفەیەک زۆر زەق بوایە بە کۆمیدیا باسمان دەکرد، ئەو کات ئیدیۆمێک هەبوو، دەیانگوت فڵان کەسیان خستە ناو حەوزەکەوە. هەر جارەی کەسایەتییەکمان لەو مخالەفەچییانە دەخستە حەوزەکەوە. ئەو وەختە سیخورمە هەموو هەفتەیەک، کە دەردەچوو دامودەزگاکان، ڕێکخراوەکان، خواخوایان بوو ناوی ئەوانی تێدا نەبێت، دەترسان. چەند برادەرێکم هەیە ئێستا یەکتری دەبینن، دەڵێن ئەو سەردەمە کە دەردەچوو، واماندەزانی ساروخە بە لاماندا دێت. بە درێژایی سیخورمە وا بزانم دوو جار شکاتمان لێ کراوە، هەر دوو جارەکە ئێمە بردوومانەتەوە، چونکە ئێمە لە سەر حەق بووین، بەڵگەمان هەبوو. سیخورمە بوو بە بناغەیەک دواتر ڕۆژنامەی سەربەخۆ دروست بوو، وەک هاوڵاتی و ئاوێنە، پێش ئێمە نەبوون.

**هێرۆ خان لە دیدارێکدا لە ساڵی ٢٠٠١ دا باس لەوە دەکات خۆی زۆر حەزی لە گۆڤارێک بووە لە ئێران بە ناوی (کاکە تۆفیق)، دەڵێت من زۆر پێم خۆشە جارێکی تر لەو شێوازە**

**دروست بکرێتەوە، دەڵێت دکتۆر شێرکۆیش بە تەنها بیری لەوە کردووەتەوە، ئاکۆ غەریبیش بە تەنها خۆی بیری لەوە کردووەتەوە. لە کۆبوونەوەیەکدا هەر سێکتان یەک دەگرن، ئەو بەسەرهاتە چۆن بوو؟**

هەر ئەوە بوو، کە چووین بۆماڵیان بۆ مەسەلەی دامەزراندنی تەلەفزیۆنی خاک، گوتی تۆ بە دوای ئەوەوەیت، کە گۆڤارێکی وا دەربکەیت؟ گوتم من و کاک ئاکۆ ڕۆحمان دەرچووە بە دەست ئەوەوە، کەس نییە پشتیوانیمان بکات، پشتیوانیی مادییشمان ناوێت، واتە گۆڤارەکە یەک-دوو ژمارەی دەربچێت خۆی خۆی بەخێو دەکات. تەنانەت چووین بۆ لای فلان و فیسار نەکرا. گوتی دەزانن منیش چەند ساڵە عەودالی (کاکە تۆفیق)م! گوتم تۆ موتابەعەی تۆفیقت کردووە؟ گوتی ئەی چۆن، تۆفیق گۆڤارێکی بەناوبانگ بوو لە ئێران، لە زەمانی شا دەردەچوو، تا ئێستایش کاریگەری ماوە. هێرۆ خان تێکەڵاوی ڕۆشنبیریی فارسی ببوو، ئاشنایەتی پەیدا کردبوو، لەگەڵ ڕۆحیدا دەگونجا، هەم زمانێکی شیرین بێت، هەم ڕەخنە بێت، هەم ئازایەتی تێدابێت، هەم هونەری و ئەدەبییش بێت. واتە شەڕەجنێو نەبێت. مەسەلەن ڕەسمەکان ئیهانە نەبن. ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە خاڵی هاوبەشی من و کاک ئاکۆ و هێرۆ خان بوو. لە زۆر شتی تریشدا کاتێک مەسەلەیەکمان باس دەکرد، بە ڕۆحی سیخورمەوە لەگەڵ یەکتر قسەمان دەکرد.

**پڕۆژەکانی ناوەندی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی خاک بەردەوام لە فراوانبووندا بووە پێکەوەکارکردنیکی بەهێزتان هەبووە بە شێوەی تیم ئەم پێکەوە کارکردنەتان چۆن دروست بوو؟ ئەو شێوازی کارکردنەتان کاریگەریی هێرۆ خان بوو؟**

هێرۆ خان کاتی زۆر لە لا گرنگ بوو، دەیگوت من وەکو بینەرێک وەکو خوێنەرێک حەز دەکەم، بزانم فڵانە بەرنامە کە حەزی لێ دەکەم کەیە؟ کاژێر چەندە؟ بۆچی کورد ئەوەی نییە؟ ئێمە دەمانگوت ڕەنگە هۆکارەکە ئەوە بێت نازانین سەعاتێکی تر چی دەبێت، ئەو ئیستقرارە سیاسی و کۆمەڵایەتییە نییە، گوتی نا، ئەوانە هەمووی بیانووە. ئەگەر خەلەلیش هەبێت لە مانگەکەدا دوو خەلەل دەبێت، ئێوە وا بکەن بەرنامەی مانگێکی خاک دابنێن با یەک-دوو جاریش وا دەرنەچێت، بە هۆی شتێکەوە لە دەرەوەی دەسەلاتدا بێت، بەڵام زۆر خۆشە ئینسان سیقەی هەبێت بەو دامودەزگایە، بەو تەلەفزیۆنەی، کە سەیری دەکات؛ بزانێت کاژێر چەند و فڵانە ڕۆژ چی هەیە. یان ئەو بەرنامەیەی حەزی لێ دەکات، یان ئەو چاوپێکەوتنەی بە دوایدا دەگەڕێت کەیە، لە کاتی خۆیدایە، یان نا. ئەو پاراستنی کاتە گوزارشت لە پاراستنی شتی تریش دەکات، واتە کە تۆ پیشەیی ئیش دەکەیت، تۆ ڕێزی بەرانبەرەکەت دەگریت. ڕێزی بینەرەکەت دەگریت. ئەو برادەرانەی لەوەدا ئیشیان دەکرد زۆر هیلاک دەبوون، چونکە بە ڕاستی قورسە تۆ بە دڵنیاییەوە بڵێیت دوو هەفتەی تر کاژێر ئەوەندە فڵانە بەرنامە دەکەین، بەڵام کردیشمان و سەرکەوتنێکی باشیشی بەدەست هێنا.

**ئەو بەرهەمانەی ئێوە بەرهەمتان دەهێنا، خۆی دەژیاند؟**

بەڵێ، من لە مەوزوعی حسابات و شتی وا ئاگادار نیم، بەشی ئیدارە لێی دەزانن، بەڵام ئەوەندە دەزانم خەڵک بەدوایدا دەگەڕان، ئەو کات وەزارەت و دامودەزگاکان لێرە بوون، سیخورمەیان دەکڕی، گۆڤاری خاکیان دەکڕی. واتە ئەگەر خۆیشی نەژیاندبێت شتێکی دەرهێناوەتەوە، ئەوە نەبووە هەمووی بڵێین بە خۆڕایی بێت، یان بە زەرەر بێت، بەس بە ڕاستی ئێستایش من خەڵک دەبینم بۆی دەگەڕێت. واتە دەڵێت لە فڵانە عەدەدی خاک باس کراوە، چۆن دەستم بکەوێت؟

**بۆ هێرۆ خان بیری لەوە کردبووەوە کوردسات دابمەزرێنێت، لە کاتێکدا کوردساتیش هەر لە ناو خاکدا بوو؟**

بەڵێ، یەکەم هەر خۆی خاک کەناڵێک بوو ناحیزبی بوو، هەرچەند سەرپەرشتە گشتییەکەی هێرۆ خان بوو، هاوسەری جەنابی سەرۆک مام جەلال بوو، بەڵام پابەند نەبوو بە حیزبەوە. واتە خەبەری حیزب و سیاسەتی حیزب جێبەجێ بکات. ئەو برادەرانە بڕیاریان دا کەناڵێکی ئاسمانی بۆ یەکێتی دروست بکەن، دەیانزانی خاک ئەوەیان بۆ ناکات، ئەو مەرجانەی لە خاکدا هەیە لەواندا نییە، لەبەرئەوە ئێوارەیەکیان بوو هێرۆ خان تەلەفۆنی کرد گوتی وەرن بۆ ماڵەوە، کوتوپڕیش بوو. بیرمە کاک زاهیر بوو، کاک ئاکۆ بوو، کاک بەرزان بوو، چووین. هەم دڵی خۆش بوو، هەم قەلەقی پێوە دیار بوو، گوتمان چییە؟ گوتی

وەڵڵا قەرار دەرچووە کەناڵێکی ئاسمانی دروست بکەین و سێ مانگ کەمتریشمان بەدەستەوە ماوە، دەبێت لە فڵان کاتدا دەست بە پەخش بکەین. هیچیشمان نییە. واتە نە بینامان هەیە، نە کەرەستە. گوتمان ناوی چییە کەناڵەکە؟ گوتی ناویان ناوە کوردسات، هەرچی بکەین ئێمە دەبێت لەو بینایەی خەک جێی بکەینەوە، دەزانم قورسە بۆ ئێوە، بەڵام ئەوە ئیتر شتێکە هاتووەتە پێشەوە دەبێت بیکەین. بە جەنابی مام جەلالی دەگوت ئەو برادەرە گوتی، ئەو برادەرە زۆر مەبەستیەتی، ئیتر دەستمان پێ کرد و زەخیرەمان خست. بەرنامەمان بۆ ڕۆژی پەخش دروست کرد، پەخشەکە دەستی پێ کرد، واتە هەر یەکەمان سێ، یان چوار بەرپرسیاریەتی هەبوو، من چوار بەرنامەم دەکرد، کاک ئاکۆ، هەروەها کاک زاهیر و مامۆستا دڵشاد، بە ڕەحمەت بێت کاک سۆران واتە ئیشێکی زۆر قورس بوو، بەڵام تەحەدایەکی خۆشیش بوو بتوانین بە ئیمکانیاتێکی کەم و لە ساحەیەکی زۆر بچووکدا بتوانین کەناڵێکی ئاسمانی بەڕێوە ببەین ئەو کات کوردسات دەنگیدایەوە. بە ڕاستی ساڵی یەکەم و دووەم و ئەوانە شتی وامان کردبوو، نەکرابوو. پێشتر ئەو دروشمەی هەیبوو "کوردسات ماڵی هەموانە"، بە ڕاستی بوو بە ماڵی هەموان. ئەگەر فەزڵێکیشی هەبێت بە پلەی یەکەم بۆ هێرۆ خان دەگەڕێتەوە، واتە زیاد لە توانای جەستەیی کاتی خۆی هەمووی بەو پڕۆژەیە بەخشی.

**قۆناغێکی تر لە دوای ساڵانێکی زۆر لە کارکردنی ناوەندی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی خاک بابەتێک هاتە پێشەوە داخستنی خاک بوو، بەڕێزت ئاگاداری ئەو ڕووداوە بوویت؟ چۆن بوو؟**

ئەو کاتە من دوای دەوام دەچووم بۆ خاک تەماشام کرد دۆخەکە تەبیعی نییە، گوتم چییە؟ گوتیان وەڵڵا هێرۆ خان بڕیاری داوە خاک دابخات. گوتم بۆ؟ گوتیان وەڵڵا هێرۆ خان دەڵێت دای بخەن و تەواو. جەوهەری بابەتەکە ئەوە بوو برادەرێک هات هەموو سەرچاوە داراییەکانی بڕی بە ناوی چاکسازیی ئیداری و ماڵی، من شارەزای ئەوە نەبووم، کە سەرچاوە داراییەکانی ئێمە کێن، بەڵام ئێمە زەختێکی وامان نەبوو نە خەرجییەکی قەبەمان هەبوو، نە ئیفاد و ئیفادکاریمان هەبوو، ئەو دیارە زۆر دڵی ئێشابوو بەوە، گوتی نایکەین و مادام وایان پێ خۆشە با بزانین چی دەبێت. ئێمە گوتمان ئەوە خراپە، ئیستا لەم کاتەدا ئەوە دابخەین میللەتەکە زەرەر دەکات، ئیعلامی کوردی زەرەر دەکات، دڵی ئەوانەیش خۆش دەبێت حەز دەکەن ئەم شوێن هەناسەدانە نەبێت بۆ خەڵکەکە. گوتی باشە، کەیفی خۆتانە. ئیتر دەستمان بە ئیش کردەوە، بەڵام ئەو هەر دڵی ئێشابوو لەوەی ئەو فکرەیە تەرح کرابوو، وردە وردە ئەو برینە سارێژ بوو. توانیمان بچینەوە دۆخی جاران، ئەوەیش دەرکەوت ئێمە ئەو بارە قورسە نین بە سەر دارایی و بە سەر هەموو شتێکی تری حکومەت و حیزبدا، چەند جارێکی تریش ئەوانە کراوە، هەر شتێک بکرایە هەر هەنگاوێک بنرایە، دەیانگوت با لە پێشەوە خاک

دابخەین، یان کوردسات دابخەین. ئەو دەیویست کوردسات کەناڵێک بێت بچێتە هەمووماڵێکەوە، ئەو کلێشەیە بشکێنێت هەواڵەکان بەڕێز فلان پێشوازی کرد لە بەڕێز فلان، ئیتر زۆر بەوانە بێزار دەبوو. کەناڵێکی کۆمەڵایەتی بوو، کەناڵیکی کوردانەی ڕاستەقینە بوو، ڕاستە لە پشتەوەی یەکێتی هەیە، بەڵام کام یەکێتییە یەکێتییەکی کراوەی سنگفراوانی نوێخوازی ناوشار، واتە ئیتر هەموو جارێک دەیانگوت کوردسات خەبەرەکانی یەکێتی بڵاو ناکاتەوە، کوردسات چالاکییەکانی یەکێتی بڵاو ناکاتەوە، کوردسات بە پارەی یەکێتی دەژی، خزمەتی یەکێتی ناکات. ئەوانە زۆر عەزێتی ڕۆحی هێرۆ خانی دەدا، بەڵام سەرۆک جەلال تاڵەبانی دەوری گەورەی هەبوو لە درێژەکێشانی ئەو تەمەنەی خاک و کوردسات بە سەربەرزی بەسەری برد.

یەکێک لەو هەڵە و ناهەقییانەی بەرانبەر خاک و کوردسات لە قۆناغەکانی سەرەتادا کرا، ئەو وێنە شێواوە بوو، کە ئێمە بارێکی گەورەین، خزمەتی یەکێتی ناکەین، لە کاتێکدا ئەوەی ئەو بڕیارەی دا، دەیزانی لە شوێنانی تر چۆنە، چۆن خزمەتی ڕاگەیاندنی خۆیان دەکرێت، چۆن دەسەڵات و ئیمکانیەت دەدرێت، ئیستا دەیبینی نەتیجەکەی چۆنە. ئێمە زۆر کارمەندمان نان بڕاو بوو، ئەو چەند ساڵە لە ساڵی ١٩٩٧ تا ٢٠١٠ ئەو خزمەتەی خاک و کوردسات کردوویەتی بۆ کورد لە پلەی یەکەمە و بۆ کەلتووری کوردی، ئەدەب و ڕاگەیاندنی کوردی زۆر زۆرە ئەو ئەرشیفەی هەمانە،

ئەگەر کەسێک هەبێت پێیدا بچێتەوە مایەی شانازییە. دەبوایە پێش ئەوەی بیر لەوە بکەنەوە زەرەر لە دەزگایەکی وا بدەن، شتەکە بکەن بە کەسی، هەڵیبسەنگێنن، بزانم ئەو دەزگایە ئەم چەند ساڵە چی کردووە، واتە دەیان کتێبمان چاپ کردووە لە بواری چاپەمەنیدا، سەدان بەرنامەی بەپێزمان کردووە، یەکەم هەنگاوی ڕۆژنامەی سەربەخۆ، میدیای سەربەخۆ، ئێمە دامانمەزراند، ئێمە خەڵکمان فێری ڕەخنە کرد. سیخورمە یەکەم بڵاوکراوە بوو وێنەی ڕەنگی بڵاو کردەوە، ئەو کات کەس نەیدەوێرا بیکات، ئێمە کردمان، موجازەفەمان کرد، چونکە ئەو سەردەمە تەکنیک و پێداویستی نەبوو، واتە دەبوو چوار، یان پێنج ڕەنگت بهێنایە لە سەر یەک داتبنایە، هەموو ئەو دەستپێشخەری و تازەگەرییانە لە خاکەوە چەکەرەی کرد، ئێستایش کە بیر دەکەمەوە، واتە شتێک نییە لە خاکدا بڵێین خوانەخواستە لێی پەشیمان بین، یان شەرمی لێ بکەین، ئەوەیش هەمووی فەزڵی هێرۆ خان بوو، کە وەک قەڵا لە پشتمان بوو.

ڕادیۆی خاک یەکێک بوو لە ڕادیۆ هەرە باشەکان تەلەفزیۆنی خاک، ژمارە یەک بوو، ئێستایش بەرنامەی بەرنامە بڕگەکانی هەڵدەبژێرن، دەڵێیت بۆ ئەمڕۆ نووسراوە. گۆڤاری سیخورمە چەند کەس، چەند لایەن هەوڵیان دا لاسایی بکەنەوە، ئێستایش نەیانتوانی. ئەویش لە ژوورێکدا من و کاک ئاکۆ، کاک حەمە فەتاح، کاک زاهیر بە چوار، یان پێنج کەس بەڕێوەمان دەبرد، واتە کە دەهاتن دەیانگوت ئەمەیە سیخورمە؟ سەرسام دەبوون.

**بەڕێزت جگە لە بواری میدیا و کاری هونەری، ئەزموونی کاری تەندروستییشت لەگەڵ هێرۆ خان هەیە، ئەو ئەزموونە چۆن دەستی پێ کرد؟**

ئەو کاتەی من لە سەحە بووم، هەم سەردەمی کاک دکتۆر نەوزاد، هەم دواتریش کە خۆم بووم بە بەڕێوەبەری گشتی، کەم کەسم دیوە ئەوەندەی هێرۆ خان خەمی تەندروستی، بواری تەندروستی و بوارە گشتییەکانی هەبێت. من چەند نموونەیەکی بچووکت بۆ باس دەکەم، ئەو کات نەخۆشیی سالاسیما لە ناو منداڵاندا زۆر بوو، ئەو منداڵەی هەر دوو فاکتەرەکەی تێدابێت لە دایک و باوکیەوە، ئیتر دەبێت بەردەوام خوێنی تێ بکەیت. پاش ١٨ ساڵی ئیتر دەمرێت، ژیانێکی کولەمەرگی و دەبوون بە بار بە سەر خێزانەکانیانەوە. هەموو مانگێک دەبێت خوێنی بۆ پەیدا بکەن. ژمارەیەکی زۆر هەبوو لەوانە، ئێمە توانیمان ئەوە نەهێڵین. لە تاقیگە بەشێکمان دروست کرد، ئێستایش هەیە و گەشەی کردووە، ئەو ژن و مێردە دەبێت پێشتر فەحسی خوێن بکەن، ئەگەر هەڵگری ئەو سیفەتە بن، دەرزییەکیان لێ دەدەن، بۆئەوەی منداڵەکان لە دوای منداڵی دووەم توشی ئەو نەخۆشییە نەبن. ئەو کات دەوری ٣٠٠ بۆ ٤٠٠ منداڵ هەبوو، بێجگە لە نەخۆشییەکانی تری خوێن، هێرۆ خان بە حوکمی ئەوەی لە منداڵپارێز ڕاپۆرتەکانی بۆ دەچوو، لێی پرسیم گوتی دەبێت چی بکەین بۆ ئەمە باشە؟ گوتم تاقیگەی هاوسەرگیریمان دروست کردووە، ئیتر لەمەولا ئەوەندە منداڵ لەدایک نابێت، کە ئەو

نەخۆشییەی هەبێت، ڕەنگە ١٠ ساڵی تر ئەنجامەکەی دەربکەوێت، ئیستا ئەم نەخۆشییانەی هەن چارەسەری ئەوەیە زەرعی مۆخی ئێسقانیان بۆ بکەین. واتە موستەحیلی دروست کرد، تاکو سەنتەرێک لە سلێمانی دروست بکات، ئەوە ئێستاش کەم کەس باسی دەکات، دەستکەوتێکی زۆر زۆر گەورەیە، نەک هەر بۆ سالاسیما بۆ نەخۆشییەکانی تری خوێن، بێجگە لەوە بە چەند وەجبەیەک منداڵیان نارد بۆ ئیتاڵیا ئەوەیان لە ئیتاڵیا بۆ بکەن، کە ئەوە مەسروفێکی زۆر بوو، هەر منداڵێک چەند دەفتەرێکی تێ دەچوو تا دەهاتەوە.

جگە لەوە، بۆ نەخۆشیی دڵی مندالان دکتۆری دڵم بانگ دەکرد لە ئەردەنەوە، لە ولاتانی ترەوە، لە ڕێگەی منداڵپارێزەوە دەهاتن، جاری وا بوو لە جەلسەیەکدا ٢٠، یان ٣٠ منداڵمان لە نەخۆشییەکی زۆر کوشندە و ناخۆش ڕزگار دەکرد. ڕۆژ نەبوو تەلەفۆنم بۆ نەکات، دەیگوت ڕاپۆرتێکت بۆ دەنێرم بیخوێنەرەوە، بزانە چەندی تێ دەچێت. ئیتر هەبوو پێویستی بەوە بوو گورچیلەی بۆ بگۆڕێت، هەبوو پێویستی بە دەرمانی تایبەت بوو، هەبوو پێویستی بەوە بوو بچێت بۆ دەرەوە، واتە هێندەی وەزارەتێکی تەندروستی خزمەتی بە تەندروستی کردووە لە سلێمانی و گەرمیان و لە هەڵەبجە و هەتا لە باشووری عێراقیش. جارێکیان لەگەڵیدا چووین بۆ هۆرەکان لە عەمارە، چووین بۆ سەنتەری سالاسیما، کارەسات بوو، دەستی بە گریان کرد، ئەو وەزعانەی بینی، گوتی دکتۆر بڕوا دەکەیت مایکرۆسکۆبیان نییە، خێرا ناردی لە بەغداد خەڵکی ڕاسپارد،

مایکرۆسکۆبیان کڕی بۆ عمارە. ئەوە کەس نایزانێت. جارێکیان نیوەڕۆیەک تەلەفۆنی کرد گوتی حەز دەکەم بێم شوێنی مانەوەی پزیشکە موقیمەکان ببینم. هات و چووین، گوتی ئەمە شوێنەکەیانە؟ قەنەفە و شتەکانی بینی، خێرا هەمووی بۆ گۆڕین و بۆی تەنفیز کردن. ئەوە کە ئیشی ئەو نییە، دەیتوانی نەیشیکات، نەیشیکردایە، کەس گلەیی لێ نەدەکرد.

هەر هێرۆ خان بوو زەمینەی خۆش کرد بەشی قەستەرەی دڵ بکرێتەوە. یارمەتی دام بتوانم جەنابی مام جەلال ببینم، پێم گوت ئێمە دەتوانین ئەم بەشە بکەینەوە، جاران خەڵک بۆ شەبەکە و باڵۆن دەچوون بۆ ئەردەن، بۆ ئێران، زەحمەتێکی زۆر بوو لە سەر نەخۆش، ئەوەم بە مام گوت، دیارە پێشتر هێرۆ خان قسەی بۆ کردبوو، گوتی ئەی بۆ نایکەن؟ گوتم ئاخر پارەی دەوێت. گوتی چەندی دەوێت؟ گوتم وەڵڵا وەک و سەرەتا ڕەنگە ١٠٠ هەزار دۆلاری بوویت تاکو ئەو شتانە دەکڕین. گوتی من پارەکەتان دەدەمێ. کۆتایی ساڵ بوو تەلەفۆنیان کرد گوتیان با محاسیبەکە بێت، ئەم قەستەرەیەی کە ئێستا هەیە و دوایی بوو بە بەشی نەشتەرگەریی دڵ هەمووی لەوەوە دروست بوو لەو هاوکارییەی جەنابی سەرۆک جەلال تاڵەبانی، دووەمیش ئەوەی زەمینەکەی خۆش کردبوو هێرۆ خان بوو، زۆر شتی گەورەتر، ڕەنگە ئیستا لە خەیاڵمدا نەبێت.

حەز دەکەم یەک شتی تریش باس بکەم، دوای ئەوەی شانۆگەریی "وڵاتەکەم" ئەوەی لە سەر وەتەن بوو، کە پێشکەش کرا،

زۆر دەنگی دایەوە، لە سلێمانی دوو مانگ بەردەوام بوو، هەرگیز هیچ شانۆگەرییەک ئەوەندە بەردەوام نەبووە. ڕۆژێک پاش ئەوەی ئەوە تەواو بوو، گوتی دکتۆر شانۆگەرییەکی تر هەیە (غوربە). گوتم دیومە. گوتی دەتوانیت ئەوە بکەیت؟ گوتم ئەوە زۆر قورسە. گوتی قورسییەکەی لە چیدایە؟ گوتم گۆرانی تێدایە. گوتی زۆر حەز دەکەم ئەوە بکەم، چونکە ئەوە چیرۆکێکی هەیە. گوتم چیرۆکەی چییە؟ گوتی ئێمە کەماڵمان لە دیمەشق بوو، ڕۆژێکیان مام جەلال نەهاتەوە زۆری پێ چوو، دڵمان کەوتە مەراقەوە، ئیتر بە دنیامان ڕاگەیاند وەڵڵا پەیدابوو، گوتمان لە کوێ بوویت؟ گوتی چووم سەیری مەسرەحییەکم کردووە، بەیانی تۆش دەبەم. ئەو مەسرەحییە غوربە باسی وڵاتێک دەکات ئەو دەسەڵاتە دوای ئازادی چی بەسەر دێت. ئیتر ئەوەمان کرد، ئەویش سەرکەوتنی زۆری بەدەست هێنا و یەکێکە لەو شاکارانەی قەرزاری هێرۆ خانین. ئەگەر کەسێکی وەکو هێرۆ خان نەبوایە، کورد ئێستایش نەیدەتوانی شانۆگەرییەکی وا بکات. مەسەلەیەکی تر، کە حەز دەکەم باسی بکەم زۆر باسی ئەوەمان کرد، کە هێرۆ خان چی دەورێکی هەبووە، چی فەزڵێکی هەبوو، دواتر کە چووە کاری حیزبییەوە لەمەدا ڕەنگە مەڵبەند، یان مەکتەبی سیاسی قازانجی کردبێت، بەڵام ڕاگەیاندنی کوردی و ڕاگەیاندنی یەکێتی زۆر زەرەریان کرد.

هێرۆ خان لە یەک کاتدا هەم دایک بوو،
هەم خوشک بوو، هەم هاوڕێ

باست حەمە غەریب

**یەکەمین دیدار و یەکترناسینت لەگەڵ هێرۆ خان لە کوێ بوو؟ بۆ ساڵی چەند دەگەڕێتەوە[9]؟**

بۆ یەکەم جار وەک بینین ساڵی ١٩٨٢ لە ناوزەنگ هێرۆ خانم بینیوە لەگەڵ سەرۆک جەلال تاڵەبانیی زیندەیاد، ئێمە لە مەقەڕەکان بووین، ئەوانیش بەو ناوەدا هاتوچۆیان دەکرد. دوای ئەوە بە سڵاوکردن ساڵی ١٩٨٨ و ١٩٨٩ دوای ئەنفالەکان لە قاسمەڕەش یەکمان بینی و وێنەی گرتین، بەڵام وەک ناسینی نزیک ساڵی ١٩٩١ مانگی چوار دوای کۆڕەو لەو ماوەیەدا یەکترمان بینی و یەکترمان ناسی، ئیتر پێکەوە قسەمان کرد و ناسیاوی لە بەینماندا دروست بوو. ساڵی ١٩٩٢ لە تەلەفزیۆن یەکترمان دەبینی و قسەمان دەکرد. ساڵی ١٩٩٥ من بۆ سەرپەرشتیی تەلەفزیۆن چوومە شاری هەولێر، تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان، لەوێ زیاتر یەکترمان ناسی، پێکەوە قسەمان کرد و دوایی لە ڕووداوەکانی ٣١ی ئاب جارێکی تر لە زەڵێ و ناوزەنگ یەکترمان بینییەوە. واتە ناسیاوی و نزیکییەک دروست بوو، بەڵام بڵێین سەرەتا چوومە ناوەندی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی خاک، لەوێ لە ڕاستیدا هەم ناسیاوییەک و هەم هاوڕێیەتییەکی زۆر نزیک دروست بوو، بە درێژایی ئەو ماوەیە بوو بە دایک و خوشک و هاوڕێمان.

**کاری ڕاگەیاندن بەشێکی گرنگی خولیاکانی هێرۆ خان بوو، ویستوویەتی لە ڕێگەی میدیاوە هەم ئەو پەیامە کەلتوورییە**

٩ باست حەمە غەریب سەرنووسەری پێشووی گۆڤاری خاک.

**نیشتمانییە بگەیەنێت، هەم جۆرێک لە گۆڕانکاری دروست بکات لە بواری میدیایی لەو قۆناغەدا، یەکێک لەو پڕۆژانە دامەزراندنی ناوەندی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی خاک بوو. بەڕێزتان لەو پڕۆژەیەدا بەشدار بوون؟ دواتر دەرکردنی گۆڤارێک بوو ئەو سەردەمە گۆڤارێکی هەمەڕەنگی هەمەلایەن بوو بۆ ئەو قۆناغە بابەتێکی زۆر گرنگ بوو، ڕۆڵی بەڕێزتان لەو پڕۆژانەدا چی بوو؟**

خاک مانگی سێی ١٩٩٧ دامەزراوە، کە چووم سەرەتا گۆڤاری سیخورمە و تەلەفزیۆنی خاک بوو، ئیتر لە تەلەفزیۆنی خاک هەوڵم دا لە هەندێک بەرنامەدا ئیش بکەم، تەنانەت بەردی بناغەی بەرنامەی بەرنامە من دامنا، کە کەس باسی ناکات، بە داخەوە ئەو هونەرمەندانە زۆر خراپ لە یەکتر جیا ببوونەوە، هیچ پەیوەندییان بە یەکترەوە نەمابوو. ئەسڵەن هەندێکیان قسەشیان لەگەڵ یەکتر نەمابوو. من کۆم کردنەوە و بەرنامەیەکم دروست کرد، هەڵبەتە بەرنامەیەکی چاک نەبوو، بەڵام سەرەتایەکی باش بوو بۆ بەرنامەیەکی تەنز بە ناوی (سابات). ئیتر یەکە یەکە ئەو برادەرانە قسەم لەگەڵ کردن و وەک هاوڕێ و دۆستی کۆن و برادەری کۆن بڕوام بە زۆریان هێنا و هاتنە ناو پڕۆژەکە و چەند ئەڵقەیەکمان پێشکەش کرد. ئیتر من وازم لێ هێنا، گوتم ئەمە ئیشی من نییە. خۆشبەختانە ئەو هاوڕێیانە، بە تایبەت د. شێرکۆ پڕۆژەکەی وەرگرت و بەرنامەی بەرنامەی لێ دروست بوو، بەڵام هەر ماوەیەکی کەم دوای چوونم بۆ ئەوێ، پێم وایە هەر لە مانگی چواردا بوو کۆبوونەوەیەک کرا، بانگیان

کردم، ئەو کات لیژنەیەک، یان کۆمیسیۆنێک سەرپەرشتیی خاکیان دەکرد، هێرۆ خان گوتی زۆرم پێ خۆش بوو هاتیت، پرۆژەیەکم لە خەیاڵدا بوو چاوەڕێی کەسێک بووم بیگرێتە ئەستۆ؛ باسی گۆڤاری خاکی کرد. ئیتر هەر لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیارمان دا گۆڤاری خاک دەربکەین. بڕیاریشمان دا لە ١٩٩٧/٦/١٠ یەکەم ژمارەی دەربچێت. کەوتینە خۆ، ڕاستە ژمارە سفرێکمان دەرکرد، شتێکی کرچوکاڵ بوو، چونکە لە ڕاستیدا سەرەڕای ئەوەی هەموومان لە ڕاگەیاندن ئیشمان کردبوو، بە تایبەت من لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆن لە ڕێبازی نوێ و ئەوانەیشدا ئیشم کردبوو، ماوەیەک سەرنووسەری نەبوو لە دواییدا، چونکە ئەرکەکان زۆربەی لە سەرشانی من بوو، خۆم داوام کرد گوتم مافی خۆمە من سەرنووسەری گۆڤارەکە بم، چونکە لە (٨٠٪)ی ئیشەکانی دەکەم، واتە نایشکرێت گۆڤارێک دەربچێت، سەرنووسەر و خاوەن ئیمتیاز و بەڕێوبەری نووسینی نەبێت، چونکە هەر عادەت وایە دەبێت گۆڤار بە ناوی کەسێکەوە بێت لە ژمارەکانی ١٢ و ١٣، ئیتر پێم وایە من بوومە سەرنووسەری گۆڤاری خاک.

**ئامانجی هێرۆ خان لە دەرکردنی ئەم گۆڤارە چی بوو؟ چی وای کرد گۆڤارێک بەو شێوەیە دەربکات؟**

تا ئەو کات جگە لە میمبەری حیزبی، هیچ میمبەرێکی دوور لە حیزب لە دەرەوەی حیزب، یان بڵێین بێلایەن و سەربەخۆ، یان ئەهلی لە کوردستاندا نەبوو. تازە ڕووداوەکانی ٣١ی ئاب ڕوویان دابوو،

هاتبووینەوە و خەڵک بێتاقەت بوو، وەزعی مادی خراپ بوو، چوون بۆ دەرەوەی وڵات زۆر خراپ سەری هەڵدابوو، بیرۆکەکەی هێرۆ خان ئەوە بوو لە دەرەوەی حیزب شتێک دروست بکات، سەرەتا ویستی لە تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان ئەو پڕۆژەیە بکات، ئەوەندەی من ئاگام لێ بێت داوای کرد بۆ بەرنامەیەکی ڕۆژانەی سەعاتی خۆی ئیشی تێدا بکات، نەک خۆی پێشکەشی بکات، بەڵام ئەوەی لە خەیاڵیایەتی لەو بەرنامە کاتژمێرییە تێیدا بیکات و پەیوەندی بە حیزبەوە نەبێت. دیارە بێگومان بۆیان نەدەکرد، بۆیە بڕیاری دابوو تەلەفزیۆنی خاک دابمەزرێنێت، بۆئەوەی ئەو میمبەرە بێت ئەو بیرۆکە غەیرە حیزبی و غەیرە سیاسییانەی لە مێشکیدا بوو بیهێنێتە ناو خەڵکەوە و بیخاتە بەرچاوی خەڵک. پڕۆژەیەک بوو بە تەواوی دەتوانم بڵێم کۆمەڵایەتی بوو لە پەروەردە و ڕۆشنبیرکردنەوەی خەڵک. بابەتێکی تر زیندووکردنەوەی مێژوو بوو. پێشکەشکردنی زانیاریی تازە بە خەڵک، هەر لە ڕاستییشدا کە تەلەفزیۆنی خاک دەست پێ دەکات بە شێوەیەکی وا دەست پێ دەکات بیرۆکەی گۆڤاری خاکیش هەر ئەوە بوو، گۆڤارێکی کۆمەڵایەتیی هەمەڕەنگ بوو، زۆر بە دەگمەن بە لای شتی حیزبیدا دەڕۆشتین، هەوڵماندەدا بابەتی کۆمەڵایەتیی باش، زانیاریی مێژوویی، تەکنەلۆژی، زانستیی تازەی سەردەم پێشکەشی خەڵک بکەین. بە ڕاستی لەو کاتەشدا ئەو شتانەی لە خاک بڵاو دەکرایەوە، سەرچاوەکانی زۆر دەگمەن بوون، لە هیچ شوێنێکی تر بڵاو نەدەکرایەوە، واتە بە جۆرێک بوو بابەتەکانمان لە زۆربەی

ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی تر بە ناوی خۆیانەوە بڵاویان دەکردەوە و زۆریش ئاسایی بوو بە لامانەوە، جگە لەوەیش پڕۆژەیەکی تری هەبوو، نووسینەوەی بێلایەنانەی مێژووی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ئەمە زۆر کەس ئاگای لێی نییە. دەمانویست هەم لە ڕێگەی گۆڤاری خاک، هەم لە تەلەفزیۆنەوە ئەنجامی بدەین، بەڵام بە ڕاستی ئەوەیان دەتوانم بڵێم زیاتر لە تەلەفزیۆن کارەکە دەکرا. بڕیارمان دا سەرەتا بەرنامەیەک بکەین، بەرنامەیەکمان پێک هێنا بە ناوی (ڕووبەڕوو)، دەمانویست هەموو کادرە چالاکەکانی شۆڕش بە یەکێتی و دەرەوەی یەکێتییەوە چاوپێکەوتنی دوورودرێـژی چەند کاژێرییان لەگەڵ بکەین و هەڵیبگرین بۆ ئەرشیف. دواتر بەرنامەکەمان کرد گوتمان شتی زۆر جوان و گونجاوی تێدایە، بەشێکمان بڵاو دەکردەوە و بەشێکیشمان هەڵدەگرت بۆ ئەرشیف. بۆ نموونە بۆ یەکەم جار لە مێژووی خۆیدا جەمال ئاغا چاوپێکەوتنی کرد، بۆ یەکەم جار و کۆتا جاریش ملازم عومەر چاوپێکەوتنی کرد. واتە ئەوانە هیچیان پێشتر چاوپێکەوتنیان نەکردبوو، بۆ یەکەم جار عومەر شێخ موس، دواتر لیوا کەمال موفتیمان موقابەلە کرد، بە داخەوە ئەویش بە هۆی هەندێک قسەوە، کە لە بەرنامەکەدا دەکرا گرفت و بەربەستی بۆ دروست بوو، نەمانتوانی لە سەر بەرنامەکە بەردەوام ببین. دوای ئەوەیش دامەزراندنی کوردسات، ئەو پڕۆژەیە و زۆر پڕۆژەی تریشی پەک خستین، چونکە هەموو ئیشەکانمان بە تایبەت من، هەموو ژیانم چوو بۆ کوردسات، بە زۆریش فریای گۆڤاری خاک دەکەوتم. تەلەفزیۆنی

خاک موونافەسەی هەموو تەلەفزیۆنەکانی پێش خۆی کرد، لەو کاتەدا هێشتا سەتەلایت پەیدا نەببوو، بوو بە تەلەفزیۆنی یەکەم. لە ڕاستیدا لەو سەردەمەدا تا ساڵانێکی دوورودرێژیش هەم گۆڤاری خاک، هەم سیخورمە تاقانە بوون. ئەم دوو گۆڤارە بە شێوەیەکی زۆر بەربڵاو، واتە بە هەزاران کۆپی لێ بڵاو دەکرایەوە، دەگەیشتە ١٣ هەزار و ١٤ هەزار و ١٥ هەزار، هیچیشی نەدەمایەوە. سەرکەوتنێکی زۆر باشی بەدەست هێنا، هەم تەلەفزیۆنی خاک، هەم سیخورمە، هەم گۆڤاری خاک. واتە ئەو پرۆژەیەی هێرۆ خان خەونی پێوە دیبوو، ئەو سەردەمە هێنایە دی.

**بۆ ئەو سەردەمە دەرکردنی ڕۆژنامەیەک بە زمانی ئینگلیزی هۆکارەکەی چی بوو؟ بۆ هێرۆ خان بیری لەوە کردەوە بە زمانی ئینگلیزی ڕۆژنامە دەربکات؟**

بەڵێ، پێم وایە ئەوە پێش ڕووخانی سەدام بوو، بە ماوەیەکی کەم قسەمان لەوە کرد. لە ڕاستیدا گوتمان حەقە شتێکی ئینگلیزی هەبێت، دوای ئەم پرۆسەیە دەست پێ بکات، هەم هێزێکی زۆری بیانی دێتە عێراق و کوردستانەوە، هەم وڵاتەکان نوێنەرەکانیان دەنێرن، پێویستە ئێمە خۆمان میمبەرێکمان هەبێت لەگەڵیان بدوێین. بیرۆکەی ڕۆژنامەی (سۆما) هاتە ئاراوە، پێویستمان بە کەسێک بوو لە دەرەوە سەرپەرشتی بکات. واتە کەسێکی ڕۆژنامەنووسی پرۆفیشناڵی ئینگلیز. خانمێکیان هێنا ئەو سەرنووسەر بوو، منیش

وەک بەڕێوبەر سەرپەرشتیم دەکرد. هەر منیش ناوی سۆمام بۆ هەڵبژارد. واتە بۆم پیشنیاز کرد. هەم ناوێکی ناسک و خۆشە بۆ هەموو زمانەکان، هەم بە واتای بینین و ڕوانین و سەیرکردن دێت، ئەوانیش قبوڵیان کرد. لە ڕاستیدا لەو کاتەدا دەورێکی باشی هەبوو، هەم لە کوردستان هەم لە عێراق بڵاو دەکرایەوە. دەماننارد بۆ هەموو کونسولگەری، باڵیۆزخانەکان و ئەو هۆتێلە بەناوبانگانەی ئەجنەبییەکانی بۆ دەچوون.

**ڕۆڵی هێرۆ خان چی بوو لە دروستکردنی پەیوەندییەکی هاوبەش لە نێوان هونەرمەندان، بە تایبەت لە بواری گۆرانی و موزیک لەگەڵ پارچەکانی تری کوردستاندا؟**

هێرۆ خان بایەخێکی زۆری بە مۆسیقا دا. تیپی مۆسیقای سلێمانی هەبوو، چالاکییەکانی زۆر کەم بوون، بە داخەوە لە دوای ساڵی ١٩٩٠ جوڵەیەکی تازەی مۆسیقا نەبوو، لەبەرئەوە هێرۆ خان بیری لەوە کردەوە گرووپێکی موزیک دروست بکات و خۆی پشتیوانیان بێت، بۆئەوەی ئازاد بن لە ئیشکردن و چالاک بن. هەر لەو سەردەمەدا لە خاک گرووپێکی میللی بە ناوی گرووپی موزیکی (گەڕیان)ەوە دروست کرد. لەو ماوەیەدا چالاکیی زۆر باشیان کرد. گرووپێکی تری دروست کرد، کە مەیلەو خۆرئاوایی بوو بە ناوی (سەهەند)، هەر دوو گرووپەکە لە تەلەفزیۆنی خاک ئیشیان دەکرد و چالاک بوون. لە ڕاستیدا چالاکیی هونەرییش کەم بوو، بیرم دێت بۆ یەکەم

جار زەکەریا پەیوەندی کرد گوتی من دەتوانم کۆنسێرتێکی گەورە بکەم. لەگەڵ هێرۆ خان باسم کرد، بۆمان قورس بوو، لە ڕاستییدا ئەوە یەکەم جاریش بوو کۆنسێرتێک بەو گەورەییە لە کوردستان بکرێت، گفتوگۆمان لەگەڵ زەکەریا کرد، پێشنیازی یاریگای سلێمانی (مەلعەبەکە)ی کرد، زۆر بۆمان قورس بوو، بەڵام لە ڕاستییشدا شتێکی زۆر تازە بوو، ئازایەتییەکیش بوو لە زەکەریاوە، کە ئەوەندە بڕوای بە خۆی بێت بتوانێت لە بەردەم ١٠ هەزار، ١٥ هەزار کەسدا گۆرانی بڵێت. شتی وا ڕووی نەدابوو. لە لای ئێمە کۆنسێرت لە هۆڵە بچووکەکان تێ نەپەڕیبوو، یەکەم جار بوو، بە ڕاستی سەرکەوتنێکی گەورە بوو، هەرچەند بە داخەوە ئاژاوەچی هەوڵیان دا کۆنسێرتەکە تێک بدەن و لە ناو یاریگاکەدا ئاژاوە بنێنەوە، بەڵام بۆ ئەو کات یەکێک لە سەرکەوتنە گەورەکان بوو. دوای ماوەیەک لە ڕێگەی برادەرێکەوە (کامکارەکان)مان ناسی، ئەوانیش پێیان خۆش بوو بێنە باشوور. هێرۆ خان گوتی با بانگیان بکەین، تازە ناوی کامکارەکان وەک گرووپێکی کوردی وەک بنەماڵەیەکی کوردی بڵاو ببووەوە، ئەوە بوو هێنامانن کۆنسێرتێکی زۆر باشیان کرد، بۆ ئەو سەردەمە یەکێک بوو لە دەگمەنترین کۆنسێرتەکان، کە لە مێژووی کوردستاندا کرابوو، هەم بە ناوەڕۆک، هەم بە دەنگ و ڕەنگ. ئیتر ئەمە درێژەی کێشا بۆ خەڵکی تر، هەڵبەتە من لەبەرئەوەی ئەو ماوەیە زۆر سەرقاڵی ئیشی تر بووم، زۆر فریای ئیشی دەرەوە نەدەکەوتم، بۆ نموونە سۆما پڕۆژەیەک بوو زۆر کەم باس دەکرێت بە داخەوە!

خەڵاتی زێڕینی (پیرەمێرد)م بۆ داهێنان لە ساڵی ٢٠٠٠، یان ٢٠٠١ بۆ هێرۆ خانم پێشنیاز کرد، لە ڕاستیدا ڕەتی نەکردەوە، هەرچەند هەر خۆی لەو کاتەدا بیرۆکەی (خەڵاتی زێڕینی بلە)ی لە خەیاڵدا بوو، هێشتا لە لای کەس باسی نەکردبوو. من ئەوەم پێ گوت، گوتی زۆر باشە، ئیتر گوتی بیرۆکەکە چۆنە؟ گوتم مانگی پێنج پێم وایە ٥/٢ یادی لەدایکبوونی مامۆستا شێرکۆ بێکەسە، یەک کۆڕی گەورەی بۆ دەکەین، دیوانێکی تازەی حازر کردووە بیخوێنێتەوە و خەڵاتەکەیش لەوێدا ڕادەگەیەنین. ئیتر لەوەوە دەستمان پێ کرد، بۆ یەکەم جار خەڵاتەکەمان بە مامۆستا شێرکۆ بێکەس دا. بە ڕاستی هەموو ئەوانە ئەوەندەی کات دەبرد، فریای زۆر شتی دەرەوەی ئەوە نەدەکەوتین. دوای ئەوە خەڵاتی زێڕینی بلە هاتە ئاراوە، ئەویش هەم ئیشکردن و ماندوبوونێکی زۆری دەویست، هەم هەڵبژاردنی کەسایەتییەکان بیرکردنەوە و هەڵسەنگاندنی زۆری دەویست، ئەوانە گرنگییان ئەوە بوو لەو کاتەدا کەس بیری لە خەڵات بۆ کەسانێک نەکردبووەوە، بۆ نموونە کەسایەتییەکی وەک (قالەمەڕە) لەو کاتەدا دەعوەتمان کرد و خەڵاتمان پێ بەخشی. ئەو خەڵاتەش زیاتر بۆ کەسانێک بوون، کە لە ناو کۆمەڵگادا زۆر دیار نەبوون، نەک لەبەرئەوەی چالاک نەبوون، لەبەرئەوەی کۆمەڵگای ئێمە کەسانێکی وای نەدەناسی، بۆ نموونە مۆسیقارێک، من پێم وایە ئەو بیرۆکەیە کاتی خۆی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەدی زیندویاد لە خەیاڵیدا بووە، ڕاستییەکەیشی وایە کۆنسێرتێک گۆرانیبێژەکە دیارە، خەڵک هاوار

و چەپڵە و دەستخۆشییەکەی بۆ گۆرانیبێژەکەیە بەبێ ئەوەی بزانێت لە پشت ئەوەوە شاعیر هەیە، ئاوازدانەر هەیە، ئامادەکاری موزیک، دابەشکاری موزیک، هەیە، ئینجا بۆ نموونە هێنامەوە کەمانچەژەنێک لە دواوە لە ڕیزی سێ دانیشتووە، کەس نایناسێت، بۆ ئەمانە خەڵات نەکرێن؟ واتە پێم وایە بیرۆکەی سەرەتایی خەڵاتی ئیبراهیم ئەحمەد بۆ ئەوە بوو ئەو مامۆستایەی لە قوتابخانەیەکدا چەند نەوەی پەروەردە کرد، کەس نایناسێت، یان دایکی شەهیدێک، پێشمەرگەیەکی کۆن، پێشمەرگەیەکی سادە بووە ٢٠ ساڵە خەباتی کردووە و کەس نازانێت ئەمە چی چالاکییەکی کردووە، هێرۆ خان ئەو بیرۆکانەی هەموو لە مێشکدا بوو.

## کەواتە بیرۆکەی بەخشینی خەڵاتی زێڕینی بلە لە لایەن هێرۆ خانەوە بوو؟

من وا دێتە خەیاڵم، چونکە من پێشنیازی خەڵاتی زێڕینی پیرەمێردم بۆ کرد، پێم وایە ماوەیەک بوو مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەدی زیندەیاد کۆچی دوایی کردبوو، وا دێتە خەیاڵم هێشتا ساڵێک نەبوو بۆم پێشنیازکرد، گوتم شتێکی وام لە خەیاڵە. گوتی زۆر باشە، بەڵام خۆیشم پڕۆژەیەکم لە خەیاڵە، جارێ باسم نەکردووە. من بۆیە وا تێگەشتم پڕۆژەی خۆی بێت، چونکە ئەو قسەیەی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەدی بە نموونە هێنایەوە بۆ خەڵکانێک دیار نین لە ناو کۆمەڵگادا و ماندوو بوون و خەڵات نەکرێن، یان دەرنەکەون، یان ڕێزلێنانیان

بۆ نەکرێت؟ بۆیە پێم وایە لەوەوە پڕۆژەکەی وەرگرتووە، چونکە سەرەتای پڕۆژەی خەڵاتی بلەیش ئەگەر ئاگاتان لێ بێت واتە خەڵکانی نادیارمان هێنا، بۆ نموونە مۆسیقارێکمان دەهێنا، یان مامۆستایەک، کە چەند جیلێکی پێ گەیاندووە، یان نووسەرێکی پلەیەکمان نەدەهێنا، ئەو نووسەرانەی ترمان دەهێنا، کە خەڵک نەیاندەزانی ئەمانە کێن، یەکێکی وەک ڕەئووف بێگەرد خەڵک وەک چیرۆک نووس ناسیبووی، دیارە چیرۆک نووسێکی زۆر دیار نەبووە، بەڵام کەس نازانێت لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی سەردەمی شۆڕش بە ناوی نهێنییەوە چەندین چیرۆکی بڵاو کردووەتەوە.

**هێرۆ خان خاوەنی هەندێک بیرۆکە و پڕۆژەیە، کە ڕەنگە زۆر کەس ئاگاداری ئەو پڕۆژانە نەبێت، دەتوانن بەشێک لەو پڕۆژانەمان بۆ باس بکەیت؟**

بەڵێ، بۆ نموونە پڕۆژەی جوڵە کۆمەڵایەتییەکان لە دەرەوەی حیزب، پێش پەلاماردانی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ پڕۆژەیەکمان هەبوو، لە ڕاستیدا پڕۆژەی هێرۆ خان بوو. ماوەیەک پێش لێدانی سەدام، پڕۆژەکە ئەوە بوو ئەگەر هاوپەیمانان پەلاماری عێراق بدەن، ڕەنگە عێراق پەلاماری کوردستان بدات، ئەگەر پەلاماری کوردستان بدات و چەکی کیمیایی بەکار بهێنێت، کێ ئەم خەڵکە دەپارێزێت؟ پڕۆژەکە بۆ یەکەم جار کۆکردنەوەی ئیمزا بوو، بەیاننامەیەکمان نووسییەوە، کە داوا لە هاوپەیمانان دەکەین لە کاتی لێدان و پەلاماردانی عێراق

بەرگریی ئاسمانی و بەرگریی زەمینی بۆ هەرێمی کوردستان دابین بکەن. بە داخەوە ئەو پڕۆژەیەیش بە بۆنەی تەداخولی حیزبەوە نەیتوانی زۆر بەرفراوان ببێت، بەڵێنیان پێ داین لە هەولێر و دهۆک ئیمزامان بۆ کۆ بکەنەوە، بەڵام سەری نەگرت، سەرەڕای ئەوەیش پڕۆژەکە بوو بە پاکێجێک ئەوانەی لێرە بوون نوێنەرانی هاوپەیمان و زۆربەی کەناڵە ئەوروپی، ئینگلیزی و ئەمریکییەکان هاتبوون بۆ تەختیەی هەواڵەکانی جەنگ و زۆربەی کەناڵەکان ئێرانی، تورکی و عەرەبییەکان ئەمانە هەموویمان کۆ کردەوە، نزیکەی ١٥٠ بۆ ٢٠٠ هەزار واژۆمان لە سەر وەرەقە بە نوێنەراندا نارد بۆ هێزەکانی هاوپەیمانان و بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان. ئەوە یەکەم چالاکیی لەو جۆرە بوو وەک چالاکیی جەماوەری. بە ڕاستی بە داخەوە ئەو بابەتە بە هیچ شێوەیەک ئێستا کەس باسی ناکات، یەکێک بوو لە گەورەترین چالاکییەکانی ئیمزا کۆکردنەوە لە مێژووی بزوتنەوەی کورددا، کە قەت شتی وا نەکرابوو، کەس بیری لە شتێکی وا نەکردبووەوە، ئەوە هێرۆ خان بوو.

**بیرۆکەی دامەزراندنی کوردسات وەک قۆناغێکی زۆر گرنگی میدیایی وەچەرخانێک بوو لەو بوارەدا، هێرۆ خان ئامانجی لە دامەزراندنی کوردسات چی بوو؟**

پڕۆژەکە پێشنیازی ئێمە بوو، کە خاک ببێت بە سەتەلایت، بەڵام هەرچەند بیرمان لێ دەکردەوە پارەیەکی خەیاڵی دەویست، بە هێرۆ خان دابین نەدەکرا. دەمانزانی (مەد تیڤی) چەند دەنگدانەوەیەکی

کاریگەری گەورەی هەبووە، گوتی پڕۆژەیەکی وامان هەیە چی بکەین؟ چۆن بیکەین؟ گوتم وەڵڵا دەبێت سەرەتاکانی بۆ ئامادە بکەین، دواتر قسەی لێ بکەین بزانین دەمانەوێت چی بکەین. وا بزانم یەکەم کەس لە دەرەوەی ناوەندی بڕیار بە منی گوت، باسی پڕۆژەکەی کرد، دواییش خستمانە سەر کار، لە خاک ماوەی سەرەتاکانی من سەرپەرشتیم دەکرد، یەکەم جاریش هەر خۆم تێیدا دەرکەوتم، ئیتر وردە وردە پڕۆژەکە گەورە دەبوو، کوردسات دەبوو خۆی بە تەنها جیا ببێتەوە، چونکە پڕۆژەیەکی وا گەورە لە خاکیشدا جێی نەدەبووەوە، بەڵام دەزانم ئیتر ئەم بیرۆکەیە بیرۆکەی هێرۆ خان بوو، هەم بەرگرییەکی زۆری لێ کرد، هەم ئیشی زۆر گەورەی لە سەر کرد، حیزبی ناچار کرد پشتیوانیی پڕۆژەکە بکات. بێگومان سەرۆک مام جەلالی زیندەیاد هەر لە سەرەتاوە پشتیوانی بوو. ئەوەمان بیر نەچێت زۆربەی ئەو پڕۆژانەی باسی دەکەین لە سەرەتاوە سەرۆک مام جەلال ئەگەر ئاگای لێ بوایە یارمەتی دەدا، تەنانەت لە بزوتنەوەی ڕیفراندۆمدا ئێمە داوای میمبەرێکمان کرد لە دەرەوەی حیزب بێت، داوای بەرنامەیەکمان کرد لە دەرەوەی حیزب، بۆ نموونە لە کوردسات، لە کوردستان تیڤی، یان هەر تەلەفیزۆنێکی تر، کوردسات ڕازی بوو، مام بە بەرپرسی کوردساتی گوتبوو هاوکارییان بکە، تەداخول لە کاریاندا مەکە.

هێرۆ خان دەوری لە دامەزراندنی یەکێتیی ڕۆژنامەنووسانی کوردستاندا هەبوو، ئێمە ئەو پڕۆژەیەمان هەبوو لەگەڵ ستران

عەبدوڵڵا باسمان کرد، هەڵبەت ڕاستەوخۆ بیرۆکەی هێرۆ خان نەبوو، بەڵام زۆر پشتیوانی کرد.

لە دوای ٣١ی ئاب هاتینەوە سلێمانی، ئەو بیرۆکەیە دروست بوو، کە سەندیکایەک دروست بکەین. ئەوە بوو بڕیارمان دا یەکێتیی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان دروست بکەین، کە بۆمان باس کرد، هەر لە سەرەتاوە پشتیوان بوو لەگەڵماندا، هەتا کۆنگرەی یەکەمیش لەگەڵمان بوو، زۆر پشتیوانیی یەکێتی و سەرۆک مام جەلالیشی بۆ دابین کردین. خۆی گرنگییەکەی ئەوە بوو جگە لەوەی خۆی بیرۆکەی زۆر بوو، هەرچی بیرۆکەی جوانت پێ بگوتایە پشتگوێی نەدەخست، واتە بیزانیایە بیرۆکەکە بەسوودە، ئەنجامی دەدا؛ گرنگ نەبوو تێچووی چەندە، وەکو خۆی دەیگوت ئەگەر سواڵیشی بۆ بکەم دەیخەمە سەرپێ، واتە زۆر لەو پڕۆژانەی ئێستا هەیە و خەڵک نازانێت، زۆربەی زۆریان بیرۆکەی هێرۆ خانە.

## چ شتێکی هێرۆ خان بۆ تۆ زۆر سەرنجڕاکێش بوو؟

کەسایەتیی هێرۆ خان، کەسایەتییەکی زۆر تایبەتە، هەم وەک مرۆڤ، هەم وەک ژن، وەک مرۆڤ یەکێک بوو لەو کەسانەی ڕێزی هەموو کەسێکی دەگرت تا سەر ئێسقانیش عەزێتیان بدایە، بێڕێزی نەدەکرد. ڕاستە لەوانە بوو ئیجرائاتێک بکات، دوورخستنەوەیەک بکات، دەرکردن بکات، من باسی ئەزموونی خۆم بکەم، لەو ساڵانەی نزیک بووین لە یەکترەوە، واتە هەمیشە بە کورتی باسی هێرۆ

خان بکرایە، دەمگوت هێرۆ خان لە یەک کاتدا هەم دایک بوو، هەم خوشک بوو، هەم هاوڕێیش بوو. هەموو ئەوەی مرۆڤێک پێویستی بە کەسایەتییەک بێت، هەمووی تێدابوو. ئێستا دەیتوانی دایکت بێت، هەستت دەکرد وەک دایکێک قسەت لەگەڵدا دەکات. دەیتوانی خوشک بێت، هەستت دەکرد ئەوەی خوشک بۆ برایەکی دەکات ئەم ئەوەی دەکرد. هاوڕێیەکی نزیکیش بوو، تەنیا کەس بووە لە شوێنی خۆیدا تا سەرئێسقان بەرگری لێ دەکردیت، بەس قەت نەیداوەتەوە بە ڕووتدا. هەندێک شت هەبوو دوای چەندین ساڵ زانیم هێرۆ خان چ بەرگرییەکی لێ کردووم. لێبوردە بوو تا دوا سنوور. ئەوە هەیە دەڵێن جارێک دوو جار سێ جار ئەو تا دوا سنوور لێبوردە بوو بەرانبەر بەوانەی هەوڵیان دەدا خراپەی لەگەڵ بکەن، خراپە بە واتای ئەوەی درۆی لەگەڵ بکەن، دزی لێ بکەن، چاڵی بۆ هەڵبکەنن، پاشملە باسی بکەن، فێڵی لێ بکەن، واتە تا ئەو شوێنەی دەپچڕا لێبوردە بوو. نەمدیوە بەرانبەر کەس وا نەبێت. توڕەبوونی کاتی بوو. کەسایەتییەکی زۆر بەهێزی هەبوو. پێم وایە لە مێژووی کورددا کەسایەتیی وا بەهێز دووبارە نابێتەوە. مرۆڤ دۆستییەکەی لەڕادەبەدەر بوو، هیچ بە لایەوە گرنگ نەبوو خەڵک چی دەڵێن، ئەوەیشی دەیکرد نەیدەهێشت کەس بیزانێت.

**هێرۆ خان سپۆنسەری دەیان کۆنسێرت، بەرنامە، چاپی کتێب، گۆڤار، شانۆگەری و دەیان پرۆژەی کردووە، بەڵام لە زۆریان ڕازی نەبووە ناوی بهێندرێت، هۆکارەکەی چییە؟**

دەیان جار پێم گوتووە ئەو شتانە بنووسەرەوە، بڵاویشی نەکەیتەوە، با بۆ مێژوو هەبێت. بە قەد هەموو حیزبەکانی کوردستان بەرپرسەکانیان مەبەستمە یارمەتیی خەڵکی موستەحەقی داوە. واتە بە هەزاران کەسی ناردووە بۆ دەرەوەی وڵات بۆ چارەسەر و مەسروفی کێشاوە. بە سەدان خانوو بۆ خەڵک کرِدراوە. بە سەدان پارەی نەخۆشی و یارمەتی بۆ خەڵک کراوە و هیچیشی کەس نایزانێت. هەندێکی لەوانەیە لە ڕێگەی پڕۆژەکانەوە کرابێت، بەڕێوبەرایەتیی پڕۆژە بچووکەکان شتێکی وای هەبوو، بەڵام لە ڕێگەی من و فلان و فیسار و ئەمانەوە داوامان بۆ خەڵک کردووە بە سەدانە و کەسیش نازانێت، هەمووی تێ پەڕیوە، خۆیشی پێی خۆش نەبوو باس بکرێت.

## چی تر هەیە حەزبکەی بیڵێیت لە سەر هێرۆ خان؟ پەیامی خۆت بۆ هێرۆ خان؟

لە ڕاستیدا یەکەم شت زۆرم پێم ناخۆش بوو چووە ناو سیاسەتەوە. هێرۆ خان ڕاستە هاوسەری سەرۆک مام جەلالە و کچی ئیبراهیم ئەحمەدی زیندەیادە، بەڵام کەسایەتیی خۆی کەسایەتییەکی زۆر گەورە بوو، واتە لە بەرانبەر خودی سەرۆک مام جەلالیشدا بۆچوونەکانی خۆی نەدەدۆڕاند. پێگەیەکی زۆر بەهێزی هەبوو. بە ڕاستی ئامانجەکەی ئامانجێکی زۆر مرۆڤانە بوو، دەیویست هەموو ئەو شتە خێرخوازی و باشانەی لە پڕۆژەکانی خۆیدا کردوویەتی، لەوەشدا بیکات.

ئەگەر هێرۆ خان نەبوایە،
هەرگیز میدیایەکی هاوشێوەی خاک
لەو قۆناغەدا دروست نەدەبوو

خەبات عەزیز

**یەکەم دیدار و یەکترناسینت لەگەڵ هێرۆ خان بۆ ساڵی چەند دەگەڕێتەوە[10]؟**

ساڵی ١٩٩٣ دەزگای ئەلیکۆم بە بڕیاری سەرۆک مام جەلال و مەکتەبی سیاسی دامەزراند. هێرۆ خان سەرپەرشتی دەکرد، من و کوردە بەڕێوەمان دەبرد. لەو کاتەوە من لەگەڵ هێرۆ خاندا ئاشنا بووم.

**دامەزراندنی پەخشی تەلەفزیۆنی خاک چۆن دەستی پێ کرد؟**

ساڵی ١٩٩٦ لە زەڵێ بنکەی سەرۆک مام جەلالی لێ بوو، منیش لەوێ بووم، هێرۆ خان بانگی کردم گوتی، کە گەڕاینەوە سلێمانی، دەتوانیت تەلەفزیۆنێکم بۆ دابنێیت؟ گوتم بەڵێ، ئاسانە. گوتی چەندی تێ دەچێت؟ گوتم نرخی زۆرە، ئێستا بە نزیکەیی بۆت حساب دەکەم. جیهازی (پەخش + میکسر + ڤیدیۆ + کامێرا + مایک + دروستکردنی ستۆدیۆ + سکرین...) گوتم ١٠ هەزار دۆلاری تێ دەچێت. سەیرێکی کردم، گوتی خەبات، ئەوە گاڵتەم پێ دەکەیت؟ گوتم نا هێرۆ خان، تۆ خوشکی گەورەیت، چۆن وا دەڵێیت! گوتی نا نا خەبات، مەبەستم ئەوەیە لە چاو پارەکەی تۆ زۆر زیاتریان پێ گوتووم.

دوای گەڕانەوەمان بۆ سلێمانی، ڕۆژێکیان بانگی کردم و گوتی خەبات، ئەوە پارەم پەیدا کردووە، بڕۆ دەستبەکار بە. منیش گوتم با خدری موحاسیبم لەگەڵ بێت وەک لیژنە. گوتی باشە. لەگەڵ

١٠ خەبات عەزیز، دامەزرێنەری پەخشی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی خاک.

کاک خدر خانوویەکمان لە بەرانبەر یانەی ئەندازیاران بەکرێ گرت، خانووەکەی عومەری حەمە علی. جیهازی پەخشی (٥٠ وات) مان کڕی، لە سەربان بورجمان دانا و دەستمان بە دروستکردنی ستۆدیۆ کرد، کە ئەو کات چەند کارمەندێکمان ڕۆژانە دادەمەزراند وەک: (مۆنتێر، وێنەگر، تنسیق، کۆمپیوتەر، سەتەلایت، شوفیر، بەداله، ئیداری، لیژنەی T.V) کە سەروکاری بەرنامەکانیان دەکرد و تەلەفزیۆنی خاک کرایەوە، بە سروودی "وەتەنی من کوردستانە"، پاشان پەخشەکە فراوانتر بوو.

لە سلێمانی و لە شاخی زمناکۆ پەخشی لێ داندرا بۆ دەربەندیخان و گەرمیان و هەڵەبجە، شاخی سارا بۆ دەشتی بتوێن و ڕانیە، کەرکووک و هەورازە نەوتە لە هەولێر، پەخشەکە تا نزیک موسڵ دەگەیشت.

ساڵی ١٩٩٦، کە سلێمانی گیرایەوە لە لایەن هێزی (ی. ن. ک)، چوومە لای هێرۆ خان و گوتم مۆڵەتم پێ بدە ماڵی گوڵانی خوشکم دەبەمەوە بۆ سلێمانی و دەگەڕێمەوە. گوتی باشە، بەڵام دوو ئیشم بۆ بکە:

١. بروسکەیەک کراوە بۆ مام جلال لە لایەن مەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندنەوە، کە محەتەی تەلەفزیۆنی ئەزمەڕ بە هیچ جۆرێک چاک نابێتەوە و مام بەمە زۆر بێتاقەتە، لە لای کەس باسی مەکە، تۆ ئیشی لە سەر بکە و سەردانێکی ئەزمەڕ بکە.

٢. سەردانی قەڵاچوالان بکە و زوو وەرەوە. گوتم بە سەر چاو.

گوتی وەرە کوڕم، پارەت پێیە؟ گوتم بەڵێ. موحاسبی بانگ کرد و زەرفێک پارەی دامێ بۆ مەسرەف و گوتی ئینجا بڕۆ.

هەر گەڕامەوە سلێمانی، ماڵی گولانی خوشکمم دابەزاند، پاشان چووم بۆ ئەزمەڕ، محەتەی تەلەفزیۆنەکەم سەیر کرد، ئەو کاتەی برادەران بەجێیان هێشتبوو ئاگریان تێ بەردابوو، زۆری وایەرەکان سووتابوون، بەڵام جیهازی پەخشەکە و پارچەکانی زیانی وایان پێ نەگەیشتبوو، چاک دەبووەوە. هەر لەوێدا لە ژووری پەخشەکە هاتمە دەرەوە یەکسەر بە پێشمەرگەکانم گوت نەهێڵن کەس بێتە ئێرە، لە سەر بڕیاری سەرۆک مام جەلال تا خۆم دێمەوە. پاشان چوومەوە قەڵاچوالان و بروسکەم بۆ هێرۆ خان کرد و گوتم زۆر دڵنیابە محەتەی تەلەفزیۆنی ئەزمەڕ چاک دەبێتەوە، تەنها ١٠ هەزار دیناری تێ دەچێت.

کاک دارۆی شێخ نووری لێپرسراوی ئیدارەی گشتی بوو، ئاگادار کرابوو، ناردی بە دوامدا و گوتی خەبات، چاککردنی محەتەکە چەندی تێ دەچێت؟ گوتم ١٠ هەزار دیناری سویسری. نامەیەکی نووسی، ٢٥ هەزار دیناری سویسری بۆ سەرف بکەن. منیش بۆ بەیانییەکەی موحاسبی گەلی کوردستانم برد و پارەکەی وەرگرت، بەس تێم گەیاند بۆچی سەرفی دەکات. دواتر توانیمان هەمووی چاک بکەینەوە و دەست بە پەخش بکەینەوە.

**لە دوای دامەزراندنی تەلەفزیۆنی خاک، بیرۆکەی دامەزراندی ڕادیۆی خاک هاتە ئاراوە، ئەم کارە چۆن ئەنجام درا؟**

ساڵی (٢٠٠١) جیهازێکی (٢٠ وات)م (FM) لە خاک دانا، بۆ تێست ڕۆژانە بەیانی (٨-١٢)ی شەو پەخشمان دەکرد، تەنها گۆرانیمان لێ دەدا، گوێگرێکی باشی هەبوو. دوو مانگ تێستمان کرد، پاشان لە ئۆتۆمبێلە تایبەتەکەی هێرۆ خان ڕادیۆکەم خەزن کرد و بە سایەقەکەم گوت هێرۆ خان سواری ئۆتۆمبێلەکە بوو، ڕادیۆکە بکەرەوە و بڵێ ئەمە ڕادیۆی خاکە. هێرۆ خان بە دڵی بوو، ڕەزامەندی پیشان دا ڕادیۆیشمان هەبێت. منیش محەتەی ڕادیۆم لە شاخی زمناکۆ دانا بۆ گەرمیان و هەڵەبجە، لە شاخی سەرسیر بۆ شارباژێڕ، لە شاخی سارا بۆ دوکان، ناوچەی دەشتی بتوێن و هیران، لە قەرەهەنجیر بۆ ڕێگای بازیان و کەرکووک، لە هیبەت سوڵتان بۆ کۆیە و کانی وەتمان، لە هەولێر لە هەورازە نەوتە دامان نا بە دەوری خۆیدا پەخشی دەکرد تا نزیک موسڵ. محەتەیەکی (FM)م لە کەرکووک دانا، کە ڕادیۆی خاک پەخشێکی بەرفراوانی هەبوو، بەرنامەکانی جێگای خۆیان کردبووەوە لە لای خەڵکی، بە تایبەت لە هەولێر زۆر گوێگرمان هەبوو.

هێرۆ خان هەمیشە لە خەمی خاک و خەڵک و نیشتماندا بوو. ئەگەر هێرۆ خان نەبوایە، هەرگیز میدیایەکی هاوشێوەی خاک لەو قۆناغەدا دروست نەدەبوو.

# هێرۆ خان فریادڕەسی
# گۆرانی و موزیک بوو
# لە شاری سلێمانی

هێرش عەبدولڕەحمان

**یەکەم دیدارتان لەگەڵ هێرۆ خان بۆ کەی دەگەڕێتەوە[11]؟**

چاوپێکەوتنی من لەگەڵ هێرۆ خان بۆ ساڵەکانی پێش ٢٠٠٠، پێش ئەوەی کەناڵی کوردسات دابمەزرێت دەگەڕێتەوە. دوای دامەزراندنی کەناڵی کوردسات لە ڕێگەی نەوژین محەمەد دەستنووسێکی هێرۆ خانم پێ گەیشت، کە دەعوەتنامەیەک بوو بە دەست وخەتی خۆی نووسیبووی، کە کۆبوونەوەیەک بکرێت بۆ چاوپێکەوتن لەگەڵیدا. بە ڕاستی یەکەم کۆبوونەوە و یەکەم بینین ئەو ئێوارەخوانە بوو، کە لە ماڵەکەی خۆیدا ڕێکی خستبوو. من وام دەزانی چەند هونەرمەندێکی کەمین، بەس کە چووم، چەندین هونەرمەندی موزسیانی شاری سلێمانی لەوێ بوون، هەموو خۆشەویستان و هەموو ئەندامانی تیپەکانی شاری سلێمانی بەشدار بوون. ئامانجی ئەو دانیشتنە ئەوە بوو، کە کەناڵی کوردسات وا ئیتر پەخشی خۆی دەست پێ دەکات، ئیتر پێوست دەکات بەرهەمی هونەری هەبێت لە گۆرانی و لە موزیک، چۆن بتوانین خزمەتی ئەو کەناڵە بکەین، لەگەڵ ئەوەشدا چۆن بتوانین هونەری موسیقا و گۆرانی زیاتر بەرەوپێش بڕوات و کاری هونەریی زۆرتر بکرێت. ئەو شتانەیش کەوتە بەر باسی ئەوەی چۆن بتوانین بڕیار بدەین، کە چەند گرووپێک دروست بکەین، یان پێشنیاز بکرێت، کە چی بکرێت. لەو دانیشتنەدا زۆر قسە کرا، ئاڵوگۆڕی بۆچوونەکان کرا، دوای ئەوە دەبوایە ئەنجامێک هەبوایە بۆ ئەم دانیشتنە، چونکە ئامانجەکە ئەوە بوو هەرچۆنێک بێت

١١ هێرش عەبدولڕەحمان، موزسیان و دامەزرێنەری گرووپی موزیکی سەهەند.

دەبوایە بتوانین چەند نموونە گرووپێک دروست بکەین لە شێوازی گرووپی میللی، یان گرووپی ڕۆژئـاوایـی، یان ئۆرکێسترا بێت و هەوڵ بدرێت بەرهەم هەبێت، خزمەت بە کە ناڵی کوردسات و خاک بکرێت. پێش ئەوە خۆم بیرۆکەی ئەوەم هەبوو گرووپ دروست بکەم، ڕاستی تۆزێک زەحمەت بوو، ئەوە باشترین هەل بوو، کە من بتوانم گرووپێکی ڕۆژئاوایی دروست بکەم. ئەوە زۆر گرنگ بوو، زۆر دڵخۆشکەر بوو بۆ هێرۆ خانیش. گەیشتینە ئەوەی، کە گرووپەکە دروست بکەین، لە دوای منیش کاک دلێر حسێن ئەویش بڕیاری دا گرووپێکی سونەتی دروست بکات. ئیتر پاش ئەو هەموو کۆبوونەوە و قسەکردنە، ئـەوە بوو بڕیار درا ئەو دوو گرووپە دروست بکرێت. من هەر بۆ بەیانییەکەی کەوتمە گەڕان بە دوای ژەنیار و لەگەڵ کۆمەڵێک ژەنیاردا بۆ ئەو کارە، کە پیوست بوو، یان بۆ ئەو گرووپە گونجاو بوو قسەم کرد، یەکێک لەوانە سامان تەها عازف پیانۆیەکی زۆر بەتوانا بوو، کاک هەردی کوردە، کە ڤیۆلۆنژەنێکی زۆر باش بوو، لەگەڵ ئەوەیشدا کاک سەرجۆن عازف درامسێکی زۆر باش بـوو، چونکە ئێمە پێویستمان بەو ئامێرانە دەبوو، بە ڕاستی دوابەدوای ئەوەیش بە دوای عازف بێزکی باشدا دەگەڕاین، ئەویش لە ڕێگای کاک سامانەوە، کە پەیوەندی لەگەڵ برادەرێکدا هەبوو ناوی ئاری جەبار بوو، ئەویشمان هەر دۆزییەوە و قسەمان لەگەڵ کرد. خۆشبەختانە هەموویان هاوڕا بوون. زۆر

مەبەستیان بوو، پێش ئەوەیش لەگەڵ ئاریان جەلال قسەمان کرد، ئەویش یەکێک بوو لە ژەنیارە زۆر پێشکەوتوو و پڕۆفیشناڵەکان لەو سەردەمەدا، ئێستایش هەروا بەردەوامە.

هەموومان کۆ بووینەوە و دەست بە کار بکەین، دڵنیا و دڵخۆش بووین، چونکە پاڵپشتێکی گەورەمان هەبوو، کە ئەویش هێرۆ خان بوو؛ ئەوە زۆر گرنگ بوو بۆ ئێمە. هێرۆ خان بڕیاری دابوو یارمەتیمان بدات، منیش داوای شوێنی پڕۆڤە و ئامێری موزیکم کرد، بە تایبەت ئامێری درامس هەر نەبوو، کاک سامان خۆی ئامێری کیبۆردی هەبوو، ئاریان گیتارێکی هەبوو، ئەوە بوو ناچار بووین بەو ئامێارنەی هەیانبوو وردە وردە کەوتینە ئیش. ئێمە پێش هەموو شتێک شوێنێکمان گرت لە سەهۆڵەکە، شوقەیەک بوو، هێرۆ خان خۆی بڕیاری دا تێچووی پێداویستییەکانی ئەو شوقەیە دابین بکات؛ گوتی درێغی مەکەن و هەموو شتێک بکڕن. قۆناغی یەکەممان ئەوە بوو توانیمان چەند بەرهەمێک ئامادە بکەین، پەیوەندیمان بە چەند گۆرانیبێژێکەوە کرد، کە ئیشمان لەگەڵدا بکەن، هەوڵماندا نزیکەی شەش بۆ حەوت گۆرانی تۆمار بکەین. ئەو کات ناو بە ناو دەمانتوانی هێرۆ خان ببینین و چەندین جار سەردانی ئەو شوێنەی کرد، بە ڕاستی ئەوە جێی خۆشەویستی و ڕێزە، کە چەندین جار سەردانی ئەو ئۆفیسەی ئێمەی کردووە لە کاتی پڕۆڤەدا بووە، بە شەو هاتووە، پێی خۆش بووە. هەمیشە دەیگوت چیتان پێویستە، چی دەکەن و چی ناکەن. مەبەستەکەیش ئەوە بوو حەزی دەکرد

گرووپەکە کار بکەن و بەرهەممان هەبێت. ئێمە تموحمان ئەوە بوو گرووپەکە زۆر گەورەتر ببێت، ژەنیاری باشتر بێتە ناومان، بەڵام لەبەرئەوەی ئامێرمان دەست نەدەکەوت نەماندەتوانی.

## هێرۆ خان بۆچوونی چی بوو لە سەر ستایلی ئیشکردنتان؟

هێرۆ خان ئامانجی ئەوە بوو گرووپێک لەم ستایلانە دروست ببێت لە شاری سلێمانی، شەرت نییە هەر گرووپی ڕۆژئاوایی بێت، گرووپی میللی هەبێت، گرووپی سونەتی هەبێت، شەرقی هەبێت، سلێمانی لە ساڵانی حەفتاکانەوە هەر گرووپی ڕۆژئاوایی هەبووە، گرووپی باش هەبووە و ئیشی باش کراوە، من بەش بە حاڵی خۆم بیرکردنەوەی من ئەوە بوو ئەو ئیشە جوانانە هەوڵ بدەین پەرەی پێ بدەین. هێرۆ خان هەموو کات دەیگوت حەز دەکەم پشت بە خۆتان ببەستن، ئیشی جوان بکەن، هەوڵ بدەن بەرهەم پێشکەش بکەن، بەرهەمی تازە، گۆرانی کوردی، موزیکی کوردی؛ ئەو حەزی دەکرد پاڵپشتێکی باش بێت بۆمان، بۆئەوەی ئێمە بڕیار بدەین چی پێشکەش بکەین، هیچ ڕۆژێک لە ڕۆژان نەیگوتووە دەبێت وا بکەن و وا نەکەن، تەنها ئامانجی ئەوە بووە ڕێخۆشکەر بێت، بۆئەوەی بتوانین بەرهەمی نوێ دروست بکەین، مۆسیقا دروست بکەین و بەرهەمی تازەمان هەبێت. دوای ئەوە لەگەڵ هێرۆ خان دانیشتم، گوتم پێویستیمان هەیە، بە تایبەت ئامێرە موزیکییەکان، لەوانەیش ئامێری درامس. گوتم دادە، کێشەکە ئەوەیە ئەو ئامێرە لێرە نییە.

گوتی ئەی چی بکەین؟ گوتم مەگەر لە بەغداد پەیدای بکەین، بەغداد زەحمەت بوو هێنانەوەی. گوتی ئەی چەندی تێ دەچێت؟ گوتم کەسێکمان دۆزیوەتەوە گوتوویەتی بە قاچاغ بۆتان دەهێنین، بە ڕێگەی کەرکووک و چەمچەماڵ. بە هەر حاڵ، ئەو زەمانە حەوت هەزار دیناری بە ئامێرێکی درامس دا بۆ گرووپەکە.

وردە وردە گرووپەکەمان گەورە بوو، دەمانویست پێش ئەوەی کۆنسێرت بکەین، ناوێکی لێ بنێین؛ گوتمان باشە ئێمە گرووپێکی وامان هەیە، با هەوڵ بدەین ناوێکی بۆ بدۆزینەوە، کە گونجاو بێت، هەر یەکە و لە لایەن خۆیەوە چەند ناوێکی هێنا، خۆت دەزانیت لەو کاتانەدا ناو زۆر دێتە پێشەوە و بیرۆکە زۆرە بۆ ناونان، ئیتر پاش ماوەیەک کاکە دیاری پان فلوت ناوی (سەهەند)ی هێنا. گوتم باشە سەهەند واتای چییە؟ ئێمە لە ناو خۆماندا باسی ئەوەمان کرد ناوێک بێت واتایەکی هەبێت بۆ گرووپەکە، گوتی سەهەند مەبەستی دارستانێکی چڕە. ئێمەیش بۆ گرووپەکە پێمان جوان بوو، گرووپەکەمان ناو نا گرووپی سەهەند.

### هێرۆ خان بۆچوونی لە سەر ناوەکە چی بوو؟

وەڵڵا هێرۆ خان هیچ کێشەی لەگەڵ ناوەکە نەبوو، ئەو گوتی گرنگ ئەوەیە بەرهەمی باش دروست بکەن. من چوومەوە بۆ لای، گوتم ئەوە گرووپەکامان بەم شێوەیە ناو نا، زۆری پێ خۆش بوو. ژمارەمان گەیشتە چواردە کەس. هێرۆ خان ئەمەی زۆر پێ خۆش

بوو، کە ئەو گەنجانە کۆ بوونەتەوە لە شوێنێکدا خەریکی موزیکن، چونکە لەو سەردەمەدا خەڵک هەموو ڕای دەکرد بۆ دەرەوە بۆ ئەوروپا، لەو سەردەمەشدا ژیان زۆر قورس بوو، بەڵام ئێمە ئەو دەرگایەمان بۆ کرابووەوە، کە کەسێک هەبێت هاوکاریمان بکات خەریکی ئیشی موزیک بین. پاشان ئێمە لە ساڵی ٢٠٠١ توانیمان کۆنسێرتی (ئێوارەی بەهار) تەرح بکەین و ئامادەکاری بکەین لە بەهاردا پێشکەشی بکەین.

**ئەوە وەک یەکەم کۆنسێرت بوو؟ بۆچوونی هێرۆ خان لە سەر ئەو کۆنسێرتە چی بوو؟**

هێرۆ خان زۆری پێ خۆش بوو، گوتی چی هاوکاریتان بوێت من دەیکەم. هەوڵ بدەن ئێوە خۆتان ئیشێکی زۆر جوان پێشکەش بکەن. ئیتر لە ڕێگەی کەناڵی کوردسات و خاکەوە، کە هەمیشە پاڵپشتمان بووە و بە هەموو شێوەیەک هاوکارییان کردووین لە لایەنی هۆڵ، دەنگ، ڕووناکی و جلوبەرگ، هەتا هێرۆ خان هەموو کات حەزی دەکرد جلوبەرگمان یەکپۆش بێت. خۆت دەزانیت کە گرووپ جلوبەرگێکی یەکپۆشی هەبێت، یان بە یەک ڕەنگ بچنە سەر شانۆ، شتێکی جیاوازە و ئەزموونێکی جیاواز بوو بۆ ئێمە. بە ڕاستی لەو کۆنسێرتەدا بەرهەمی باش پێشکەش کرا، یەکێک لەو ئیشە تازانە مۆسیقایەکی خۆم بوو، ناوی (گەشتێک) بوو، جێگەی دەستخۆشیی هەموو میوانەکان بوون، کە ئامادە بوون. گۆرانی

هەبوو، لەوانە گۆرانییەکی کاک سامان مەحموود، ئەویش گۆرانیبێژ بوو لەگەڵمادا، حسێن ڕەشیدمان لەگەڵدا بوو، کامەران عوسمانمان لەگەڵدا بوو لەو کۆنسێرتەدا، لەگەڵ ئەوەی چەندین گۆرانی پێشکەش کرا، چەندین پارچە موزیکیشمان پێشکەش کرد. کاکە دیار یەکێک بوو لەوانەی، کە پارچە موزیکێکی باشی پێشکەش کرد و زۆر سەرکەوتوو بوو. ئیتر ئەمە یەکەم هەنگاو بوو، کە گرووپەکەمان بەو شێوەیە کۆنسێرت بکەین. تۆزێک قورس بوو لە سەر ستەیج، بەس ئامادەبوان زۆر بە دڵیان بوو. ئەو کەسانەی کە هاتبوون، زۆر دەستخۆشییان کرد. ئەوە وای لێ کردین، کە زیاتر هەوڵ بدەین. هێرۆ خانیش زیاتر پاڵپشتی کردین. ئەو ئێوارەیەی کە کۆنسێرت تەواو بوو، ئێوارەخوانێکی تایبەتی بۆ ڕێک خستین. بە ڕاستی زۆر خۆش بوو، لەبیر ناچێتەوە. گفتوگۆی زۆر کرا، کە چۆن هەوڵ بدەین بەرەوپێشتر بڕۆین و پاڵپشتیی خۆی بۆ دەربڕینەوە.

**یەکەم کۆنسێرت و یەکەم ئەلبومتان بڵاو کردەوە، هێرۆ خان بۆچوونی چی بوو لە سەری؟**

هێرۆ خان پێی سەیر بوو، کە لە ماوەیەکی وا کەمدا ئامادە کرا. زۆری پێ خۆش بوو، گوتی چۆن ئێوە فریا کەوتوون؟ گوتم ئامادەکارییە و پشتگیریی تۆیش ئەوە زۆر گرنگ بوو، کوڕەکانیش هەموویان بەتوانان؛ بە ڕاستی ژەنیاری باشن و ئامادەکار و ئاوازدانەری باشن. ئیتر گوتی باشە، هەوڵ بدەن کلیپی بۆ بکەن،

چەند بەرهەمێکمان لە تەلەفزیونی خاک کرد بە کلیپ. ئەویش بە پاڵپشتیی ئەو، هەمووی بیرۆکەی ئەو بوو، ئەگەر هێرۆ خان نەبوایە، ئەو کلیپانەیش نەدەکران.

**یەکێکی تر لەو بابەتانەی دەمەوێت ئاماژەی پێ بدەم ڕۆڵی هێرۆ خانە لە گەشەپێدانی هونەر بە گشتی، بە تایبەت لە شاری سلێمانی، تۆ وەک هونەرمەندێک ئەو گەشەپێدانە چۆن دەبینیت؟**

موزسیانەکان ئێستا دەڵێن، کە هێرۆ خان شۆڕشێکی گەورەی دروست کردبوو لەو مەجالەدا، چونکە ئەو پاڵپشتێکی گەورەی هونەری موزیک و گۆرانی بوو لە شاری سلێمانی. من ناچمە ناو هونەرەکانی دیکەوە، حەتمەن لەگەڵ هونەرەکانی دیکەیشدا خزمەتی زۆری کردووە، بەڵام وەک گۆرانی، بە تایبەت کاری منداڵانیش زۆر خزمەتی کردووە، چونکە خۆم یەکێک بووم لە وانەی ئیشی منداڵانم کردووە؛ لە ڕێگەی منداڵپارێزەوە زۆر پشتگیری دەکردین. ئەو هەموو کات دڵیشی بەوە خۆش بوو، کە کاری هونەری زۆر بێت، بەردەوام هەبێت، گۆرانی بکرێت بۆ هەموو توێژەکانی کۆمەڵ. ئامانجی ئەوە بوو، کە هەموو توێژەکانی کۆمەڵ گۆرانیی تایبەتی خۆی هەبێت، ئەو گۆرانییانەی، کە لە هەموو دنیا بڵاو دەبێتەوە.

هێرۆ خان زۆر حەزی دەکرد گۆرانیی تایبەتمان بۆ ژنان، یان بۆنەی هاوسەرگیری هەبێت، چونکە گۆرانیی بیانی وەک عەرەبی، فارسی، تورکی هاتبوونە ناو کەلتووری ئێمەوە. گوتی باشە، بۆ

ئێمە نەتوانین هۆنراوە و گۆرانیی تایبەتمان هەبێت بۆ بابەتی ژن و ژنخوازی، بەڵام بە داخەوە کەسەکان وەک پێویست ئیشی خۆیان نەدەکرد تۆزێک زەحمەتیش بوو لەگەڵ شاعیر و گۆرانیبێژدا لەو بوارەدا کار بکەین، منیش وەکو خۆم زۆر ئامانجم ئەوە بوو گرووپی سەهەند بگەینمە لوتکە. زۆر پێم خۆش بوو، کە نەوەستین لە کاری هونەری بەردەوام بین، ئەمە تموح و حەزی مۆسیقییەکانیش بوو، کە لەگەڵمدا بوون، هەموویان هاوکار بوون، چونکە بە تەنها نەمدەتوانی هیچ شتێک بکەم، ئەوان پاڵپشتم بوون، ئەویش بە هاوکاریی هێرۆ خان، چونکە هێرۆ خان نەبوایە، ئێمە نەماندەتوانی ستۆدیۆ و ئامێری موزیکی تایبەتی خۆمان هەبێت، نەماندەتوانی کۆنسێرت بکەین. ئەمانە زۆر زۆر گرنگ بوون، لەگەڵ ئەوەشدا هاوکاریی مادی کردووین و بەردەوام لەگەڵماندا بووە. بە ڕاستی کاریگەری لە سەر ئیشەکان هەبوو. ڕۆژێک لە ڕۆژەکان ڕێگری لە ئێمە نەکردووە لە ئیشکردندا، ڕۆژێک لە ڕۆژان نەیگوتووە نابێت ئەوە بکەن، تەداخولی یەک شتی ئێمەی نەکردووە. ئەوە یەکێک بوو لەو تایبەتمەندییانەی هێرۆ خان لە لای من زۆر گرنگ بوو، زیاتر خۆشەویست بوو. هێرۆ خان ڕۆژێک بانگی کردم گوتی ڕۆڵە، شوێنێکمان هەیە لە ناو خاکدا، ئەگەر دەتانەوێت وەرنە ئێرە. منیش گوتم بۆچی نا، منیش پێم خۆشە بۆ کرێ بدەین، ئەمەیش هەمووی مەسرەفە. گوتی حەز دەکەم ستویدۆی خۆتان هەبێت، شوێنەکەی پیشان دام و گوتی ئەوەیە. گوتم زۆر باشە. گوتی بە دڵی خۆتان چیتان دەوێت بیکەن.

ئیتر ئێمەیش ئەو کەسانەی ئیشەکانیان جێبەجێ دەکرد پێمان گوتن و کردمان بە ستودیۆ، تا ئێستایش ماوە و سوودی لێ دەبیندرێت.
لەو شوێنە ئێمە توانیمان بـەردەوام بین، ئیشی باشتر بکەین و چەندین کۆنسێرتمان کـرد. وامـان لێ هاتبوو هەموو ساڵێک بەرهەممان هەبوو. کۆنسێرتمان دەکرد، ئیشی باشترمان دەکرد.

**دەتوانین بڵێین سەهەند هاتە ناو خاک، بوو بە پاکێجێک لە خاک؟**

نا، بەو شێوەیە نەبوو، چونکە هێرۆ خان بەو شێوەیە نەیهێنایە ناو خاکەوە. دەیویست لە ناو خاکدا هەم شوێنمان هەبێت، هەم ستۆدیۆمان هەبێت. خاک هاوکارییەکی زیاتری ئێمەی کرد، چونکە ئێمە لە ناو خاکدا هێزێکی زیاترمان هەبوو، شوێنەکەمان تایبەت بوو لە ناو خاکدا وەک چۆن دەڵێی دەزگایەکی گەورەمان لە پشت بوو. ناوەندی چاپەمەنیی خاک لەو سەردەمەدا بە ڕاستی زۆرترین چالاکیی ئەم شارەی بەڕێوە دەبرد، چونکە ئێمە بە پاڵپشتیی ناوەندی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی خـاک کۆنسێرتەکانمان نمایش دەکـرد، نەبووین بەوەی بەشێک بین لە خاک، خۆی نەیویست، چونکە ئەگەر ببەسترایەتەوە خۆت دەزانیت ئەو کات لێپرسینەوە دەبوو، کەسێک دەبوو بە ئیداری، ئەوەمان نەبوو. هێرۆ خان ڕاستەوخۆ منی بانگ دەکرد و ئیشەکانمان دەکرد. شتێکی تری هێرۆ خان، کە لە لای من زۆر گرنگ بوو، دەیگوت پشت بە خۆتان ببەستن، هەوڵ بدەن ئەو چالاکییانەی دەیکەن، بیکەنە سەرچاوەی مادی بۆ خۆتان. خۆی

ئامانجەکە ئەوە بوو ئەو گرووپە وای لێ بێت خۆی پارە بۆ خۆی دابین بکات، چونکە شەرت نییە گرووپێک دەعمێک، یان فەندێک دەکرێت، ئەو فەندە بەردەوام بێت، ئەوە یەکێک بوو لە بیرۆکەکانی ئەو، چونکە ناکرێت هەموو کات چاوەڕێی شوێنێک بکەیت پشتگیریت بکات، تۆیش دەتوانیت لە ڕێگەی هونەرەکەتەوە پارە پەیدا بکەیت.

کۆنسێرتێکمان هەبوو میهرەجانی ڕۆشنبیریی مەدا بوو، وابزانم ناوەکەیم بیر چووەتەوە، بەس لە دەلیل و ئەرشیفەکاندا ماوەتەوە، میوانی عەرەبی زۆر هەبوو لە سلێمانی، هێرۆ خان پەیوەندی کرد و گوتی دەبێت هەوڵ بدەن کۆنسێرتێک بکەن بۆ ئەو میوانانەی کە لە فێستیڤاڵەکەدا بەشدارن. کۆنسێرتێکمان لەگەڵ گرووپی گەڕیاندا ڕێک خست، ئینجا گرووپی ئێمە کێشەیەکمان هەبوو، بەرهەممان زۆر حازر دەکرد، هەموومان حەزمان دەکرد شتەکان زۆر عەرز بکرێت و بێتەوە بەرچاو، هێرۆ خان دەیویست چەند بەرهەمێک پێشکەش بکرێت و بڵێین ئەمە شێوازی مۆسیقاکانمانە و فۆلکلۆرمان هەیە و ستایلی ڕۆژئاوامان هەیە. دەستمان بە نمایش کرد، یەک بەرهەم، دوو بەرهەم، سێ بەرهەم و چوار بەرهەم، ئیشەکە ڕۆیشت؛ لە سەرەوە سەیر دەکەم سیروان جەلال ئیشارەتم بۆ دەکات لە شوێنێکدا تەواوی بکەن، تومەز هێرۆ خان پێی گوتووە ڕای بگرن، چونکە ئێمە زۆر درێژەمان پێ دا. لە ڕاستیدا هێرۆ خان مەبەستی ئەوە بوو بە میوانەکان پیشان بدات ئەمە کوردە، هونەردۆستە، مۆسیقی هەیە، چەندین شێوازی موزیکی هەیە. بە ڕاستی ئەوە زۆر گرنگ بوو.

## گرووپەکەتان تا ساڵی چەند بەردەوام بوو؟ بۆ لە کارکردن وەستا؟

خۆی ساڵی ٢٠٠٠ دروست بوو، من خۆم دامەزرێنەری گرووپەکە بووم. ئەو بیرۆکەیەی باسمان کرد، ساڵی ٢٠٠٠ بوو. لە ساڵی ٢٠٠١ یەکەم کۆنسێرتمان کرد، ٢٠٠٢، ٢٠٠٣، ٢٠٠٤، ٢٠٠٥ کۆنسێرتمان کرد، من تا ساڵی ٢٠١١ توانیم لەگەڵ گرووپی سەهەند بەردەوام بم.

## هەڵوێستی هێرۆ خان چی بوو لە سەر ئەوەی لە گرووپەکە هاتیتە دەرەوە؟

هێرۆ خان ئەو کاتە زانی ئێمە هەندێک کێشەمان هەیە، گوتی دەمەوێت هاوکار بم و چیتان پیوستە بۆتان دەکەم. من بەش بە حاڵی خۆم نەمدەتوانی بەردەوام بم، گرووپەکەیش کەوتبووە سەرپێی خۆی، ژەنیاری باشی تێدابوو، خۆیان دەیانتوانی ئیدارەی خۆیان بدەن، هەیکەلێکی ئیداریمان دروست کردبوو بۆ گرووپەکە، هەموو دوو ساڵ جارێک هەڵبژاردنمان دەکرد بۆ هەڵبژاردنی دەستەی ئیداری. وامان لێ هاتبوو بەشی ژمێریاریمان هەبوو. ئەوەم لە خەیاڵدا مابوو هێرۆ خان دەیگوت ڕۆژێک لە ڕۆژان پشت بە خۆتان ببەستن. ئێمە وامان لێ هاتبوو پارەمان کۆ دەکردەوە، ئامانجی ئەوە بوو لە بانکدا پارەمان هەبێت، پشتی پێ ببەستین، پاڵپشتێکی باش بوو بۆ گرووپەکە. زانیم کە گرووپەکە ماوە، پەکی ناکەوێت، هێرۆ خان ئامانجی ئەوە بوو گرووپەکە هەبێت، ئێمەیش پڕۆژەکەمان

ئەوە بوو گرووپەکە بەردەوام بێت، ئیتر ڕێگرێکی وایش نەبوو بەو شێوەیە.

**گرووپەکە بەردەوام بوو؟**

گرووپەکە بەردەوام بوون، خۆت دەزانیت ئەو سەردەمە ئیتر هەموو شتێک شێوا و شەڕی داعش هاتە پێشەوە و مەعیشەت تۆزێک قورستر بوو و کاری هونەری زەحمەت بوو، گرووپەکەیش توانییان کۆ ببنەوە، چەندین جار هەوڵ یاندا چەند کۆنسێرتێکیان کرد بە هاوکاریی کوردسات و لەم دواییانەیشدا ڤیم فاوندەیشن هاوکاری کردن.

**لەو قۆناغەدا لەگەڵ گرووپی سەهەند گرووپێکی تری منداڵان هەبوو ناوی (سەردەم) بوو، بەڕێزت سەرپەرشتیت دەکرد، هێرۆ خان چۆن هاوکار بوو لە پێشخستنی ئەو گرووپە؟**

لەو سەردەمەی، کە گرووپی سەهەندم بەڕێوە دەبرد، بە پاڵپشتیی هێرۆ خان تیپی موزیکی منداڵانم دامەزراند. یەکێک بوو لە پڕۆژەکانی منداڵپارێزی کوردستان، ئینجا ئەو سەردەمەیش زۆر حەزم لە کاری منداڵان بوو، لەو تیپەدا چەندین ژەنیاری باش و بەتوانا دروست بوون. ئیتر ئەو منداڵانە هانایان بۆ من برد و گوتیان حەز دەکەین گرووپێک دروست بکەین و تۆ سەرپەرشتیمان بکەیت. گوتم زۆرم پێ خۆشە، بۆ نا.

هێرۆ خان زۆری پێ خۆش بوو، بەڵام گوتی نابێت کاریگەری بخاتە سەر چالاکییەکانی گرووپی سەهەند. گوتم پیوستمان بە شوێنەکە دەبێت و شوێن نییە. گوتی خۆتان چیتان پێ باشە، وا بکەن. خوا هەڵناگرێت ئەندامانی گرووپی سەهەند هاوکار بوون، چونکە ئەوانیش پێیان خۆش بوو گرووپێکی وا لە هەمان شێوە لە منداڵ دروست ببێت، ئەو کات بە ڕاستی ئەوان خۆیان بەتوانا بوون و بیرۆکەی باشیان هەبوو. بە ڕاستی خۆیشم گڕوتینێکی باشم هەبوو، لەگەڵیان بەردەوام بم، زۆر خۆش بوو، ئێستا هەرچی ئەرشیفی ئەوانە لە لای من هەیە، کە ڕۆژانە چیمان کردووە و چۆن پرۆڤەمان کردووە، چۆن کارمان کردووە، هەموویم تۆمار کردووە بە ڕەسم و سەوت و ڤیدیۆ هەمانە. ئەو سەردەمە توانییان دوو کۆنسێرت بە هاوکاریی تەلەفزیونی خاک لە هۆڵی تەوار پێشکەش بکەن، ئەوە جێگای دەستخۆشیی هێرۆ خانیش بوو.

**وتەی کۆتاییت بۆ هێرۆ خان چییە؟**

بە ڕاستی هێرۆ خان شۆرشێکی گەورەی دروست کرد. پاڵپشتی هەموو بوارەکان بوو، تا ئێستا نەمبینیوە کەس وەکو ئەو دەرگای واڵا بێت، بۆ هاوکاری گوێی لە هەموو کەسێک دەگرت. بچوویتایەتە پێشەوە بۆ پڕۆژەیەکی تایبەت، ئەوە هێرۆ خان بوو، کە گوێی لێ دەگرتیت و پاڵپشتی دەکردیت و سەرکەوتوویش دەبوویت لە ئیشەکەتدا. ئەو ئیشەی ئەو بە دڵی بوایە، واتە هاوڕا

بوایە سەرکەوتوو دەبوویت. شانازی بە خۆمەوە دەکەم ڕۆژێک لە ڕۆژان لەگەڵ ئەو کەسایەتییەدا کارم کردووە. پاڵپشتێکی زۆر گەورە بووە بۆ من، لە ڕێگەی منەوە بۆ هاوپیشەکانم و هاوڕێکانم لەو سەردەمەی ئەودا زۆرترین کاری هونەریی گۆرانی و موزیک هەبووە. زۆرترین کۆنسێرت هەبووە. زۆررترین چالاکی بۆ گەنجان هەبووە. هەر ئیشێکی هونەری لەم شارە کرابێت، دەستی ئەوی تێدابووە.

هێرۆ خان فێری کردین، کە هونەر دەبێت
بە بازاڕ بکرێت تا هونەرمەند بتوانێت بە
هونەرەکەی بژی

دلێر حسێن

## یەکەم دیدارت لەگەڵ هێرۆ خان بۆ کەی دەگەڕێتەوە[١٢]؟

ساڵی ١٩٩٧ لە تاران بووم، هاتمەوە بۆ کوردستان لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان بووم بە مامۆستا و وانەم دەگوتەوە. ئیتر لە ڕێگەی چەند بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنییەوە پەیوەندیم لەگەڵ تەلەفزیۆنی خاکی ئەو کات هەبوو، تەلەفزیۆنێکی باش بوو، هەم تەرفیهی بوو، هەم زانستی بوو؛ لەگەڵ خۆیدا گۆڤاری خاک بڵاو دەکرایەوە، زۆر سەرنجڕاکێش بوو بە لای منەوە. ئەو کات شتی باشیشی تێدا بڵاو دەکرایەوە. گۆڤارەکە بەرنامەی تەلەفزیۆنەکەی بۆ ماوەی یەک مانگ بە دەقیقی بڵاو دەکردەوە، شتێکی زۆر سەرنجڕاکێش بوو من. وەک شەخسی خۆم بە دڵم بوو، موتابەعەم دەکرد. ئیتر ئەوەی گرنگ بوو بە لامەوە ئەو بەرنامانەی لە تەلەفزیۆن بڵاو دەکرانەوە، کە لە گۆڤارەکە ئاماژەی پێ کرابوو، زۆر بە کەمی خەلەلێکی تێ دەکەوت، یان هەڵوەشاندنەوەیەکی تێ دەکەوت، یان بەرنامەکە بگۆڕێت شتێکی زۆر جوان بوو، بە حوکمی ئەوەی ئێمە ئیشی هونەر دەکەین، حەز دەکەین شتەکان لە کاتی خۆیدا بێت، ئەوەم تێدا بەدی کرد. ئینجا من بە هۆی کاری هونەرییەوە پەیوەندیم لەگەڵ خاک هەبوو، بە هۆی ئەوەوە چەند جارێک هێرۆ خانم بینی، چەند فکرەیەک گۆڕایەوە لە سەر هونەر و ئەوانە چی بکرێت و چی نەکرێت، بە حوکمی ئەوەی خۆی کەسێکی خاکی بوو، حەزی لەوە بوو لەگەڵ ئەهلی هونەرا تێکەڵ ببێت، بیروڕاگۆڕینەوە لەگەڵیدا خۆش بوو، دەمانتوانی زۆر

١٢ دلێر حسێن، موزسیان و دامەزرێنەری گرووپی موزیکی گەڕیان.

شتی لە لا باس بکەین. بە هەر حاڵ، چەند بەرنامەیەک کرا تا هاتە سەر ئەوەی کوردسات دامەزرا. پێش ئەوەی کوردسات دابمەزرێت، کامکارەکان و چەند گرووپێکی تر لە ڕۆژهەڵاتەوە هاتن و لە ڕێگەی خاکەوە بەرنامە و کۆنسێرتیان بۆ کرا. کە کوردسات دامەزرا، ئەم پێشینە کەلتوورییەیش هەبوو لە نێوان ئەمدیو و ئەودیودا، بەڵام بتەوێت ئەودیو بە حوکمی ئەوەی کیانێک پشتی دەگرێت، کیانی دەوڵەتی ئێران، مێژوویەکی قووڵی هەیە لە کەلتووردا ناسراوە و لە دنیادا دەستی کراوەیە، کوردی ئەودیو بە تایبەت کامکارەکان، یان بەڕێز مامۆستا مەزهەری خالقی سوودیان لەمە وەرگرتووە و شتی کوردیی باشیان بڵاو کردەوە، هەتا نەمر حەسەن زیرەک سوودی لەو کیانە وەرگرت. کە کوردسات دامەزرا، پێویستی دەکرد شتەکان زیاتر برەوی پێ بدرێت، چونکە تۆ ئەو کات لە لۆکاڵی دەردەچیت، دەچێتە دەرەوەی وڵاتەکە و بە هەموو دنیادا بڵاو دەبێتەوە. پێویست بوو کە کاری باشتر بکرێت لە سەر ئاستی زۆر بەرز و کارەکەیش بە توانای ئێرە بێت.

تازە کوردسات دامەزرابوو، شەوی دووەم بوو لەگەڵ هێرۆ خان دانیشتین، زۆربەی موزسیانەکانی کۆ کردەوە. ئەو کاتە ئێمە مامۆستای پەیمانگای هونەرە جوانەکان بووین. هەموو لەگەڵی دانیشتین. دەعوەتێکی بۆ کردین، ئێوارەخوانێک بوو تا نیوەشەو دانیشتین و گفتوگۆ کرا چی بکەین و چی نەکەین. ئیتر یەکێک لە بیرۆکەکان ئەوە بوو چۆن گرووپێکی میللیی ئەکادیمی دروست

بکرێت، چونکە زۆر باس کرا. گوتی شتی میللی هونەری شەعبی چۆن دەکرێت؟ ئیتر باسمان کرد گوتمان ئیشەکە با ئەوە نەبێت زۆر دووبارە بێت، کرچوکاڵ بێت، لە ئاستی بەرز، یان مامناوەند، با ئاستێکی بەرز بێت، ئاستی نزم واز لێ بهێنین، لە مامناوەندەوە بەرەو سەرەوە بڕۆین. بیرمان لەوەیش کردەوە چۆن ئەم شتە دەکرێت، باسی ئەوە کرا ئەم گرووپە میللییە بە شێوەی ئەکادیمی دروست بکرێت. گوتی کێ سەرپەرشتی دەکات؟ برادەران هەموویان گوتیان مامۆستا دلێر با سەرپەرشتی ئەوە بکات. گوتی دەتوانیت؟ گوتم دەتوانم، هیچ کێشەیەکم نییە، بەڵام ئەوەیە دەمەوێت ئازاد بم، کەس تەداخولی ئیشم نەکات. ئیتر گوتی بڕۆ بە ئارەزووی خۆت دەستت کراوەیە، چی دەکەیت، بیکە. هەتا پێم گوت ئەو ژەنیارانە هەمووی ژیانی هەیە، هەمووی دەبێت بژی، ئیتر خوا هەڵناگرێت گوتی وەکو خاک، وەکو کوردسات یارمەتییان بۆ دەبڕمەوە و مانگانە وەریبگرن، بۆئەوەی بە ئیسراحەت ئیش بکەین. من گوتم دەورەیان بۆ دەکەمەوە فێری مۆسیقای ئەکادیمییان دەکەم. گوتی بڕۆ چیت پێویستە بیکە. شوێنی بۆ دابین کردین. هەموو شتێکی خستە بەردەستمان. ئیتر ئەوە بوو دەستمان بە ئیش کرد. من دەورەم بۆ کردنەوە، موزسیانەکان ئەوانەی هەبوون لە شارەکە با بڵێین ئامێرە کوردییەکان، یان ئامێرە سونەتییە ئێرانییەکان، کەمێک ئامێرە کلاسیکییەکان، بۆ نموونە کەمانچەم تێکەڵی ئیشەکە کرد. ئەمانەم هەموو کۆ کردەوە، ئەو شێوازەی کە پێویستە بیژەنن، فێرم کردن، کە فێری ئەوە ببن چۆن

مۆسیقا بناسن. جارێک یەکەم شت کۆ دەبنەوە پێکەوە چۆن لێک تێ بگەن، چۆن وابێت مۆسیقاکەیان گەڕەلاوژێ نەبێت. کۆمەڵێک لایەن هەیە لە مۆسیقادا دینامیکە، هارمۆنیکە، ئەمانەم فێر کردن، کە چۆن بەکاری بهێنن. کێشەکەم ئەوە بوو ئەمانە زۆریان سەماعی بوون، نۆتەیان نەدەزانی، بەو ماوە کەمەیش فریای ئەوە نەدەکەوتین فێری بین، ئەوەی بە نۆتە دەینووسمەوە شتەکانیش قورس بوون، فێری نۆتە ببن و ئەو جۆرەی کە من دەمەوێت شتەکان بژەنن، ئەوە بوو هەرچۆنێک بوو شتەکانم پێ لەبەر کردن. توانایەکی باشیان هەبوو بۆ وەرگرتن، بەڵام ئیتر لە هەفتەیەکدا یەک گۆرانیمان حازر دەکرد، چونکە شتەکان زۆر بوون، هەفتەی دووەم گۆرانییەکی تر، تا ئەمەیان لەبەر دەکرد ئەویان بیر دەچوویەوە. مەجبور هەفتەی موراجەعەی دوو گۆرانی، سێ گۆرانیم پێ دەکردن، تا وای لێ هات لە کۆتاییدا هەشت مادەمان حازر کرد. ئەم هەشت مادەیە بە باشی پرۆڤەی تێدا کرا و ئیتر گۆرانیبێژە میللییەکانمان بانگ کرد لەگەڵ ئەواندا ئیش بکەین. بەم نەوعە گرووپی گەڕیان کەوتە ئیش و یەکەم کۆنسێرت کردمان زۆر سەرنجڕاکێش بوو.

**هێرۆ خان لە کاتی پرۆڤەکردن و دروستکردنی بەرهەمەکان سەردانی دەکردن؟**

چەندین جار سەردانی کردووین زۆری پێ خۆش بوو، هەتا ڕۆژێکیان هات ژەنیارەکان هەمووی لەوێ نەبوون، سێ-چوار

ژەنیاری لێ بوو، بەڵام ئیتر دەنگی گرووپەکە زۆر زۆر بوو، کە هات گوتی تەسەورم نەکرد سێ-چوار کەس بن ئەو هەموو دەنگەیان هەبێت. ئیتر زۆری پێ خۆش بوو. هەتا جارێک سەردانی کردین چی کورسیی شوێنەکە بوو بەکارم هێنا، چونکە ژەنیارەکان هەمووی لەوێ بوون، ئیتر بە زۆر کورسییەک مابووەوە چوو لەوێ دانیشت، هەر ئەو ڕۆژە گوتی بۆ بەیانی دە-پازدە کورسیی تریان بۆ بهێنن، ئەمان میوانیان دێت، ناکرێت ئاوا بێت. ئەم یادگارییانەمان لەگەڵی هەبوو.

**دەتوانین بڵێین هێرۆ خان پاڵپشتییەکی گەورە بوو؟**

بەڵێ، ئەو نەبوایە ئەو گرووپە نەدەبوو، چونکە ئەو یارمەتی بۆ بڕینەوە، بۆئەوەی ژەنیارەکان بتوانن بژین، کەلێنێکی باشی ژیانیانی بۆ پڕ کردنەوە. بە ڕاستی پاڵپشت بوو شوێنی دابین کرد. من ئێستا گرووپێک دروست بکەم شوێنم لە کوێ بوو، لە کوێ دەتوانم ژەنیارێک بهێنم پارەی بدەمێ و بڵێم وەرە ئیش بکە لەگەڵم، ئەمە حەقی مانگانەی تۆیە، ناتوانم. ئەگەر کۆنسێرتیش بکەم بڵێم وەرە بە پارەی تکت بژی، ناتوانێت. شتێک بووە بە باو، دەڵێت هاتن بۆ هەموانە، نانی مۆسیقی بڕیوە، تۆ لەم وەزعەدا ناتوانیت هیچ بکەیت.

بەڵێ، ئەگەر ئەو نەبوایە و یارمەتیی دارایی و شوێنی دابین نەکردایە، هەرگیز گەڕیان دروست نەدەبوو.

**کەواتە ئێوە وەکو گرووپی مۆسیقای گەڕیان بارەگاکەتان لە**

**ناو خاکدا بوو؟**

ئەو کاتە لە ناو خاکدا نەبوو، خانوویەکی بۆ گرتبووین لە عەلی ناجی، خانوویەکی سەربەخۆ بوو، لەوێ ئیشمان دەکرد.

**تا ساڵی چەند بەڕێزت سەرپەرشتی گرووپی گەڕیان بوویت؟**

ساڵی ٢٠٠٠ تا ٢٠٠١ سەرپەرشتی ئەو گرووپە بووم. دواتر بە هۆی کۆمەڵێک کێشەی خۆمەوە جێم هێشت. هیچ شتێک نەبوو، کۆمەڵێک کێشەی خۆم هەبوو، کێشەی کۆمەڵایەتی و خێزانی. من ویستم سەفەر بکەم، بە ڕاستی بە هۆی ئەوەوە بوو کە وازم لە گەڕیان هێنا، بەڵام چونکە ئەساسی گەڕیانم بە باشی دانابوو، دوای ئەوە گەڕیان پاڵپشتیی دارایی هەبوو، من ڕۆیشتم گەڕیان مایەوە، بە ڕۆیشتنی من نەکەوت، بەڵام یەک ئەسەفم هەبوو، من نەمویست گرووپی عارف و شەیدای ئێران بێت، دوای من بوو بەوە. بە ڕاستی ئەوەم پێ ناخۆش بوو، چونکە من دەگەڕام چی شتێک مۆرکی کوردی هەبوو، چۆن مۆسیقای کوردی لێرە لێ دراوە لە شارەکانی کوردستان، ئەوەم کرد بە ئەساسی دروستبوونی گەڕیان، بەڵام گرنگ ئەوەیە من ئەساسێکی باشم دانا و گرووپەکە هەر ئەوەندە هاوکاریی دارایی هەبوو، بەردەوام بوو، ئیشی زۆر جوانیان کرد. ناڵێم کۆپیی ئێرانە، ئیشەکان جوان نییە، نا، بە عەکسەوە، ئیشی زۆر جوان و بەپێزیان کرد، بەڵام ئەو کوردییە نەبوو، کە من دەمویست.

**هەڵوێستی هێرۆ خان چی بوو لەوەی کە وازت لە گرووپەکە هێنا؟**

بە هەر حاڵ، ئەوە شتێکی تایبەتیی خۆم بوو، ئیتر دوای ئەوە من هێرۆ خانم نەبینییەوە.

**هێرۆ خان لەو قۆناغەدا وەچەرخانێکی گرنگی بۆ گۆرانی و موزیکی کوردی دروست کرد، ئەو گۆڕانکارییانە چی بوون، کە کردی بۆ گەشەسەندنی موزیک و گۆرانیی کوردی؟**

هونەر دەبێت بازاڕی هەبێت، تا بتوانێت خۆی بژێنێت، چەند هێرۆ خان هەیە لە وڵاتەکەدا، ئاوا یارمەتیی ئەم هەموو هونەرماندانە بدات و ژیانیان مسۆگەر بکات و ئیش بکەن؟ ئەگەر هونەر خۆی خۆی نەژێنێت، مارکێتینی نەبێت، دامەزراوەکان پاڵپشتی ئەو مارکێتینە نەبن، هەر ئاوا لە دواوە دەبێت. نموونەکەی دەبینیت یەک دنیا ئیشی جوان بەم ڕۆژگارە دەکرێت، هەر هەمووی دەفەوتێت، کەس نازانێت بۆ کوێ دەچێت. ئەم ئیشە هیچ ڕەنگدانەوەیەکی نییە، هیچ کاریگەرییەکی نییە بۆچی؟ لەبەرئەوەی نە مارکێتینی هەیە، نە دامەزراوەیەک هەیە. ئەو بیرۆکانەی هێرۆ خان هەیبوون، دەبێت وەک دامەزراوە سوودی لێ وەربگیردرێت. ئێستا ئەم دامەزراوانە لە سەر ئەو فکرە بڕۆن، بەڵام نەک مەعاش بدات بە هونەرمەند، بەڵکو وای لێ بکات هونەر بچێتە دەرەوە و بازاڕ بۆ هونەرەکەی

پەیدا بکات. ئەو دامەزراوانەی ئەو بیری لێ کردەوە بەردەوام بێت و ئاوا بڕوات وەزعی هونەر بە لایەکی تردا دەبات، بە تایبەت مۆسیقا بەرەو ئاراستەیەکی تر و ئاقارێکی باشتردا دەڕوات.

**واتە ئەو سەردەمە هێرۆ خان بیرۆکەی بەبازاڕکردنی هونەری هەبوو؟**

بیرۆکەی ئەوەی هەبوو، چونکە هەرچی دامەزراوەکان هەبوو بیری لەوە دەکردەوە ستۆدیۆی تێدابێت، تۆ ستۆدیۆت هەبوو، دەتوانیت ئیش بکەیت. بیری لەوە دەکردەوە کۆنسێرت بکرێت و ئیدارەی بدرێت. هەتا من پێم گوت هێرۆ خان، من کۆنسێرت بکەم، هاتن بۆ هەموان ناکەم. گوتی بە ئارەزووی خۆت. گوتی دەستت کراوەیە، بۆئەوەی ئەو شتانە هەمووی شوێنی خۆی بگرێت. گوتم لە حاڵەتێک خەڵک فێری ئەوە بووە بە بەلاش بێتە قاعەکانەوە، بەڵام بە پارە دە کەسیش بێت من ئەوەم دەوێت، دە کەس ئیحترامی ئیشەکە بگرێت. گوتی دەستت خۆش بێت. من ئەوەم پێ خۆشە. واتە ئەم بیرۆکانەی ئەو ئێستا لە سەری بڕۆیت، دامەزراوە دروست بکەیت، پاڵپشت بێت، نەتیجەیەکی باشی دەبێت.

**شاری سلێمانی سەردەمانێک پڕ لە جموجوڵی هونەری بوو، هێرۆ خان ڕۆڵێکی گەورەی لەو بوارەدا هەبوو. جەنابت ئەم بارودۆخە هونەرییەی ئێستا چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟**

ئێستایش لە سلێمانی و کوردستان توانای زۆر باش هەیە، با شتەکان نەسڕینەوە، خەڵکێکی باش هەیە ئیش دەکەن، بەڵام چاک و خراپ پێکەوە دەڕوات. دەبێت ئەمانە پۆلێن بکرێن، دەبێت دامەزراوە هەبێت، میدیاکان لەوە دەربچن ستایشی حیزبی خۆیان و فکری حیزبیی خۆیان بکەن. دەبێت ئەم لایەنە بە جدی وەربگرن، کەسی پسپۆڕ بهێنن دیراسەی ئەو لایەنەی لە لا گەڵاڵە بکەن، بۆئەوەی ئەم هەموو توانا و هیلاکییە نەفەوتێت. دەبێت ئەم تواناییانە کۆ بکرێتەوە و مافی خۆیان بدرێتێ، بەردەوام بن. ئەم بەردەوامییەیش بە چی دەکرێت؟ بە دەستگیرۆیی، نەک هەر مادی، بەڵکو مەعنەوییش، بە ناساندن و بڵاوکردنەوەی ئیشەکانیان. هێرۆ خان بیری لەم شتانە دەکردەوە، دەبێت ئەو بیرۆکانەی هێرۆ خان بکرێت بە بنەمایەک بۆ کاری فەرهەنگی لە کوردستاندا.

# ئەلبوومی وێنەکان




بەشێک لەو پرۆژە کولتوورییانەی، کە خاتوو هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد خاوەنی بیرۆکە و دامەزرێنەری بووە



هێرۆ خان خاوەنی ئەرشیفی شاخ و شۆڕشی نوێی گەلەکەمان بە ڕابەرایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان



هێرۆ خان لەگەڵ کارمەندانی ناوەندی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی خاک، ساڵی ١٩٩٩




سەردانی سەرۆک مام جەلال بۆ ناوەندی چاپەمەنی و ڕاگەیەندنی خاک، ساڵی ١٩٩٩




لە ڕاستەوە هونەرمەند زاهیر سدیق لەگەڵ هێرۆ خان، ساڵی ١٩٩١، کاتی پەردەلادان لە سەر پەیکەری هەنگاو لە ڕەواندوز



سەردانی سەرۆک مام جەلال بۆ ناوەندی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی خاک




یەکەم ژمارەی گۆڤاری خاک



## تەبایی و خۆشەویستی

چەندین جار ئەو پرسیارەم لێ‌دوبارەکراوەتەوە لەلایەن بەریتانی و ئەمریکیەکانەوە کە گوایە، بۆ خۆشەویستی کورد بۆ عەرەب کەمبۆتەوە، هەموو جارێک هەرچی لەهەمانەکەمدا بووە بۆم هەڵرشتوون و هەمیشە گەڕاومەتەوە بۆ ئەو زوڵم‌وزۆرەی لەکورد کراوە لەلایەن حکومەتە عەرەبیە یەک لەدوای یەکەکانەوە، هەر لەدوای دروستکردنی عێراق لەلایەن ئینگلیزەکانەوە.

هەمیشە پێموتون کە کێشەکە کێشەی نەتەوەکان نیە، بەڵکو کێشەکە لەدەوڵەتی یەکەوە ئاڵۆزتەکانە کە بەیەکەوەی پرسی لایەنی دوهەم کرایت کوردستانی خواروو بەو وڵاتە دروستکراوەوە نوسێنرا، کێشەکە ترسە لەدەوڵە، ترسە لەبەرامبەری، ترسە لەجۆری بیرکردنەوەی سەرکردە عەرەبەکان بەگشتی، بەڵام ئەوان هەر پێیانوایە کە کورد دوای ساڵانی ڕاپەڕین و دوای هەستکردنی بەئازادبوونی، ئەو بۆچوونەی لا دروستبووە.

دوو شت زۆر لا سەیرە، یەکەمیان کە دەسەڵاتە گەورەکان ئەگەر ماڵە ناحیەتێش بکەن، ئەو ماڵەناحیەیەی خۆیان بەراست و بەرووداوێکی سروشتی دائەنێن، دوهەمیشیان ئەوان ئەوانەی مێژوودا زۆر لەمێ زەمانی خوێندکاریم خراپترن، هیچ نەبێت من کێشەم لەناوەکان و ڕۆژ و ساڵی ڕووداوەکان هەبوو، بەڵام ئەمان ناو و ڕووداو و مێژووەکانیشیان بیرنابێت.

لەمانەش سەیرتر ئەوەیە کە ئەمانە فەقەت ئەوەیان لەبەرچاو نیە کە چی لەکورد کرا و چۆن ئێستا ئەدیا لەسەر کوردبوون شەهید ئەکرێن، سەیرە ئەم جیهانەی سەردەمی دیموکراتیەتمان، زۆر سەیرە فەقەت لەستەمکار ناپرسن بۆ بۆ وەک لەمقاوماوجوارچێوە دروستکراوەکەت کرد، ئەوان فەقەت ئەزانن کە عەرەبی ڕاین و عەرەبیزان هەمیشە لەناو کوردا کەمینە بوون، ئەوان ئەو چەند خوێندەوارە و کارگوزارەیان کردووە بەنموونە بۆ عەرەبی زانینی کورد، ئەوان فەقەت نازانن کە زۆربەی کورد لەمانەت ناتوانن هەندێ پیتی عەرەبی بەرەوانی بڵێن.

ئەوان بەشەش ساڵی زیندانی ئەکراون لەگەڵ کەسوکاریاندا، ئەوان کەسوکاریان بەکیمیایی شەهید ئەکراوە، ئەوان نازیرەکانیان زیندەبەچاڵ ئەکراون، ئەوان ماڵ و حاڵیان بەتاڵان ئەبراوە، ئەوان لەخاکی خۆیان بەشەق ڕاندەگوێزراون، بۆیە باوەڕ ناکەم لەوە تێگەن کە خۆشەویستی و ڕق چۆن دروست ئەبن.

کورد میللەتێکی زۆر دڵپاکە، لەو باوەڕەدام زۆر بەئاسانی ئەکرا دوای ئەم هەموو ڕووداوە ناخۆشانەی دیشمان، لەم چوارچێوە دروستکراوەدا کە ناوینا عێراق ئەکرا تۆوی ئەو خۆشەویستیە بچێنن کە ساڵانێکە چاوەڕێ ئەکەن بڕوێت و لەبەر هەڵەکانی ئەوسایان نەڕوا، ئەمجارە بەڕاستی بیرواین و بڕوێت و چەکارە بکات و دڵی ئەوانیش بەنوێنەوەرەکانیان خۆشبێت.

ئەکرا وەک ئەوەی لەدەستووری کاتیدا هاتووە سەرزەمێری بکرایە، ئەکرا هاوردەکان بگەڕێنرانایەوە بۆ شوێنی نیشتەجێبوونی ئەوەڵیان و ئەم کێشە سەرەکیە نزیوە چارەسەر بکرایە، ئەکرا چاوەمانیان ڕاخاو بدایە بەنووسینی کوردی لەسەر دراوە تازەکە و پاسپۆرتە تازەکەیان.

ئەکرا ناوی عێراقیان بگۆڕیایە بەناوێک وەک چیکۆسلۆڤاکیا، هەرچەندە ئەو ناوە نەما و ئەوان جیابونەوە لەیەکتری و بوون بەدوو دەوڵەت، بەڵام ئێمە عەرەب وتەنی (لەرعەد لەتیمان) بەوەش ڕازیبووین.

ئێستا چی؟ ئێستا چۆن؟ من لەو باوەڕەدام ئەگەر منداڵی سەر ئیشکەمشان بڕوات بۆ دەنگدان، هەرچەندە وەک باسەکرێت دیسانەوە سنوقەکانی دەنگدان کە دانراون زۆر کەمترن لەپێویستی ناوچە کوردیەکان و گەورەکان ناگەن دەنگ بدەن بەجێی پێویست چ جای منداڵەکان و ئەو هەموو ئاوارە کوردانەی کە لەئەوروپادا ئەژین و لەبەرئەوەی هیچ پسولەیەکیان نیە بیسەلمێنن کە عێراقین ئەوانیش بێبەشکراون لەدەنگدان بەبیانووی بێ‌سەرووبی، بەم هەموو کێشانەوە چۆن ئەتوانین دەنگەکانمان لەئاستی ویستەکانماندا بێت.

کورد ئەڵێت ڕاڵی ئەمر ئەکات، خوا ئەو ڕۆژە نەهێنێت کە وەکە وەرچەرخێت و نێت بەرانەمەکان ئەمرکەن.

هێرۆ...

گۆشەی بە کورتی، ئەو گۆشەیە بوو، کە هێرۆ خان لە هەر ژمارەیەکی گۆڤاری خاکدا بابەتێکی تایبەتی هەمەلایەنەی بڵاوکردووەتەوە




یەکەم ژمارەی گۆڤاری سیخورمە



ستافی سیخورمە



هێرۆ خان لەگەڵ گرووپی موزیکی سەهەند، ٢٠٠١



هێرۆ خان و سەرۆک مام جەلال لەگەڵ ستافی بەرنامەی بەرنامە



هونەرمەندانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ هێرۆ خاندا



گرووپی موزیکی گەڕیان، ٢٠٠٢



هێرۆ خان و سەرۆک مام جەلال لەگەڵ گرووپی موزیکی کامکارەکاندا




هێرۆ خان و هونەرمەند قالە مەڕە



بەرزان قادر خەڵوز، هێرۆ خان، عەبدوڵڵا حەمە ساڵح



هونەرمەند شەهرام نازری لەگەڵ سەرۆک مام جەلال و هێرۆ خاندا



خەبات عەزیز، یەکەم دامەزرێنەری پەخشی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی خاک



هێرۆ خان و بافڵ تاڵەبانی لەگەڵ هونەرمەندانی بەشی  درامای ناوەندی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی خاک



د. شێرکۆ عەبدوڵڵا و هێرۆ خان



سەرۆک مام جەلال و هێرۆ خان لە پێشانگەیەکی تایبەتی کاریکاتێریدا



ئیبراهیم قادری، قالە مەڕە، عەبدولقادر حەسەن، هێرۆ خان



عەزیز شاروخی، هێرۆ خان



حسێن میسری، هێرۆ خان



هێرۆ خان، ئەنوەر قەرەداخی



ئەمیر قەساب، هێرۆ خان

دامەزراوەی سەرۆک جەلال تاڵەبانی
PRESIDENT JALAL TALABANI FOUNDATION
مؤسسة الرئيس جلال طالباني